# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو– چەمچەماڵ کراوە

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن

**عەدنان ئەحمەد مستەفا**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ساڵی (٢٠١٨) زانکۆی کەرکووك

بە سەرپەرشتی

**د. ئاسۆ عومەر مستەفا**


تشرینی دووەم ٢٠٢٢ زایینی      سەرماوەرز ٢٧٢٢ کوردی

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا) هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی تویژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: عەدنان ئەحمەد مستەفا

بەروار: / / ٢٠٢٢

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا)، کە لەلایەن (عەدنان ئەحمەد مستەفا)ەوە پێشکەش کراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی: د. هەژار فەقێ سلێمان

پلەی زانستی: مامۆستا

بەروار:      /      / ٢٠٢٢

## پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

بەروار: / / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار: / / ٢٠٢٢

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (عەدنان ئەحمەد مستەفا)مان بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا) خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە پلەی ( )ی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی ئەدەبدا پێ بدرێت.

ئیمزا:
ناو: پ. ی. د. سامان عیزەدین سەعدوون
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. ی. د. هیوا نوورەدین عەزیز
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

ئیمزا:
ناو: پ. د. ئاسۆ عومەر مستەفا
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو پەسەند کرا.

د. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## پێشکەشە

ئەم هەوڵە زانستییە پێشکەشە بە:

(مەلا ئەحمەد)ی باوکم. بریا لە ژیاندا بووبا و زانیبای چەندم خۆشدەوێت.

(کچانە)ی دایکم، کە هەمیشە پێم دەڵێت ڕۆڵە، ئاگات لە خۆت بێت!

(پەیمان)، دایکی ڕەها و یارسان

ئەو نیشتمانەی، کە هەشت پیتی پارچەپارچەکراوە.

بەشی زمانی کوردیی هەردوو زانکۆی کەرکوک و زانکۆی چەرموو

بە تۆ ...

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی، کە لە تەواوکردنی توێژینەوەکەماندا هاوکار و یارمەتیدەر بوون، بە تایبەتی:

- (د. ئاسۆ عومەر مستەفا)، کە بە درێژاییی نامەکە زۆر لێبڕاوانە و خۆنەویستانە بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵە زانستییە، لەگەڵمدا بوو.

- بەشی زمانی کوردی و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی چەرموو، کە هەمیشە بە دڵێکی فراوانەوە دەرگەی زانستییان بۆ واڵا کردبووین.

- نووسەر و توێژەر (ڕێبوار سیوەیلی)، کە لە یەکەم هەنگاوی نامەکەوە هاوکارێکی باش بوو، بە سەرنجە وردەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

- هەر یەکە لە بەڕێزان (د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، د. مەریوان حسێن فەرحان، کاروان محەمەد فەتاح، هیوا جەلال، ڕەنج ناسیح، سەروەر سەعدوڵڵا و ئازاد عەبدولواحید لە گۆڤاری "ڕامان")، کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە پرۆسەی نووسینی توێژینەوەکەدا هاوکار و پاڵپشت بوون.

## پوختە

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا)، هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر، کە بێگومان دەتوانین سیمای کۆمەڵناسییانە لەناو دەقی ئەدەبیدا ببینینەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی نووسەر لەنێو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییدا دەژی و دەوروبەر کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیەوە هەیە، لەم سۆنگەیەوە ڕوانینی کۆمەڵناسییانە لەناو بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە و لە شێوەیەکی هونەریدا دایدەڕێژێتەوە.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ئەدەب و کۆمەڵگە)، کە تێیدا ئەو پێوەندییە بەهێزەی ئەدەب و کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەدات، خراوەتە ڕوو. ئەم بەشە بەسەر چوار تەوەردا دابەش بووە:

تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کۆمەڵ

تەوەری دووەم: پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

تەوەری چوارەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

بەشی دووەم بە ناونیشانی (خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا "ڕوانینێکی کۆمەڵناسییانە")یە و تێیدا ئاماژە بە چەمکی خۆشەویستی و پراکتیزەکردنی ڕوانگەی کۆمەڵناسییانەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر دەکرێت.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی)، کە سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت:

تەوەری یەکەم: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی

تەوەری دووەم: پەروەردە و گەشی کۆمەڵایەتی

تەوەری سێیەم: چینایەتی، کە بۆ هەر مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، نموونەی دەقی شیعریی شاعیرمان وەک بەڵگەی تیۆروانینەکانمان خستووەتەڕوو.

گرنگترین ئەو ئەنجامانە نووسراون، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە. لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی هاتووە.

**ناوەرۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | I |
| بەڵێننامە | II |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | III |
| پشتگیریی سەرپەرشتیار | IV |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| پێشکەشە | VI |
| سوپاس و پێزانین | VII |
| پوختەی نامەکە | VIII |
| ناوەرۆک | IX-X |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **بەشی یەکەم: ئەدەب و کۆمەڵگە** | ٣-٢٧ |
| تەوەری یەکەم: پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە | ٤ |
| تەوەری دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | ٢٠ |
| تەوەری سێیەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی | ٢٣ |
| **بەشی دووەم: خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا** | ٢٨-٥٠ |
| **بەشی سێیەم: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی** | ٥١-١٠٨ |
| تەوەری یەکەم: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری | ٥٤ |
| تەوەری دووەم: پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی | ٧٢ |
| تەوەری سێیەم: چینایەتی | ٩٤ |
| ئەنجام | ١٠٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١١٠ |
| ABSTRACT | A |

## پێشەکی

ئەدەب و کۆمەڵناسی لە پێوەندییەکی بەردەوامدان، بۆیە هەر دەقێکی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەیە، کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هێنراوە. لەبەر ئەوە ڕەنگدانەوەی کەسێتیی نووسەر لەناو هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەبینرێت، چونکە نووسەر ئەندامێکی نێو کۆمەڵگەیە و دەوروبەر کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دادەنێت و لە دەقەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەگەر لە پێشووتردا ئەدەب تەنیا لەنێو بۆتەی خۆیدا تواپێتەوە، ئەوە لە سەردەمی نوێدا، بەهۆی تێکەڵبوونی زانستەکان لەنێو یەکتریدا، ئەم ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەدەب مامەڵەیەکی ئێستاتیکی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا دەکات و ڕەهەندێکی هونەری پێ دەبەخشێت. هەروەها کاریگەریی کۆمەڵناسییش لەنێو دەقی ئەدەبیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دوو زانستە تەواوکەری یەکترن و کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن.

لەم سۆنگەیەوە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە. شیعریش وەک ژانرێکی ئەدەبی سوودی لەم لایەنە وەرگرتووە و لە شێوەیەکی هونەریدا داڕشتووەتەوە. (لەتیف هەڵمەت) وەک شاعیرێک لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا کاری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە و وێنەی هونەریی جۆراوجۆری لێ پێکهێناون.

**گرنگیی توێژینەوە**

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییانە بۆ خۆشەویستی بوونی هەیە، لە چوارچێوەی خودی دەریکردووە و سیمایەکی تەواوکاریی کۆمەڵایەتی پێ بەخشیوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ گرنگیی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا دەگەڕێتەوە، کە سیمای جیاواز و جۆراوجۆری پێ بەخشیون، بەڵام بە دیوێکی ئێستاتیکی و لەنێو چوارچێوەی شیعردا بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بەرجەستە کردوون، چونکە شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی دەتوانێت هزری تاک ڕۆشن بکاتەوە و لەبارەی ئەو واقیعەوە، کە تێیدا دەژی، هۆشیاری پێ ببەخشێت و زانیاری پێ بدات.

**کێشەی توێژینەوە**

ئایا شاعیر (لەتیف هەڵمەت) توانیویەتی ئاراستە جیاوازەکانی کۆمەڵناسی لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا پۆلێنبکات و وێنەی جۆراوجۆریان لێ پێکبهێنێت؟ لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیرەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە سەلماندنی پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسییە وەک زانستێک و کاریگەرییان لەسەر یەکتر. هەروەها پێشاندانی بایەخی ئەدەب بۆ کۆمەڵگە و گرنگیی کۆمەڵگە لە بنیاتنانی دەقی ئەدەبیدا دەخەینە ڕوو و لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا نموونەمان بۆ دەهێنینەوە.

**سنووری توێژینەوە**

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت) لە دیوانەکانیدا لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-٢٠١٤)

**میتۆدی توێژینەوە**

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی ناوەرۆک پەیڕەو کردووە.

**پلانی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ئەدەب و کۆمەڵگە)، کە تێیدا ئەو پێوەندییە بەهێزەی ئەدەب و کۆمەڵگە پێکەوە گرێدەدات، خراوەتە ڕوو. ئەم بەشە بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە:

تەوەری یەکەم: پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

تەوەری دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی.

تەوەری سێیەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

بەشی دووەم بە ناونیشانی (خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا)، کە تێیدا ئاماژە بە چەمکی خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دەکرێت.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی)، کە سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت:

تەوەری یەکەم: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. تەوەری دووەم: پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی

تەوەری سێیەم: چینایەتی، کە بۆ هەر مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، نموونەی دەقی شیعریی شاعیرمان وەک بەڵگەی تێڕوانینەکانمان خستووەتە ڕوو.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە نووسراون، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە. لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی هاتووە.

# بەشی یەکەم
# ئەدەب و کۆمەڵگە

## تەوەری یەکەم
## پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

## تەوەری سێیەم
## ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

## تەوەری چوارەم
## ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

## بەشی یەکەم

## ئەدەب و کۆمەڵگە

### تەوەری یەکەم: پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

بەر لە باسکردنی ئەو پێوەندییەی، کە ئەدەب و کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە، گرنگە ئاماژە بە زاراوە و چەمکی کۆمەڵ بدەین، وەک سەرەتا و بنەمایەکی گرنگ بۆ دروستبوون و پێکهێنانی کۆمەڵگە.

### زاراوەی کۆمەڵ

زاراوەی کۆمەڵ، لە فەرهەنگی (لسان العرب)ـدا بەم شێوازە باس کراوە: ((وشەی کۆمەڵ (الجماعة) لە ڕەگی (جمع)ـەوە هاتووە. جمع الشيء عن تفرقة: کۆبوونەوەی شتێک و پێکەوەبیان بەدەر لە پەرتبوون و ترازان. هەروەها (کۆ) ناوێکە بۆ کۆمەڵێک لە خەڵکی، بۆیە وشەی کۆ سەرچاوەی زۆرێک لە کۆمەڵبوونی شتەکانە، جگە لە کۆمەڵبوونی خەڵکی، تا دەگاتە ئەوەی بڵێین کۆمەڵە دارێک، یان کۆمەڵە ڕووەکێک.)) (ابن منظور، ٢٠٠٠: ٤٥٢)

زاراوەی کۆمەڵ بۆچوونی زۆر جیاوازی لەسەر نییە، چونکە وشەکە ڕۆنان دەکرێت و هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، کە لە بنەڕەتەوە لە ((وشەی (جمع)ـەوە وەرگیراوە. هەر شتێک مانای کۆمەڵ و پێکەوەبوون بدات، بۆیە پێچەوانەوە و دژی (التفرق) جیاکاری و پەرتەوازەییە. لەبەر ئەوە وشەی کۆمەڵ بوو بە ناوی ئەو کەس و گەلانەی، کە پێکەوەن لەگەڵ یەکتر کۆ بوونەتەوە.)) (زاید، ١٩٩٦: ٥٨)

لە سورەتی (ال عمران)، ئایەتی (١٠٣) خوای گەورە دەفەرموێت ((وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا)) واتە هەوڵ بدەن هەر هەمووتان، بە توندی دەست بگرن بە ئایینی خواوە و پەرت و بڵاو مەبن. (امین، ٢٠٠٥: ٦٣) (اعتصم) (فعل امر) (وا) واو الجماعە. کردارەکە فەرماندانە، (وا) کۆیە، داوای یەکانگیری و پێکەوەیی لە هەمووتان دەکات و پەرتەوازە مەبن.

هەروەها کۆمەڵ لە زمانەکاندا زاراوەیەکە دەلالەت دەکات لەسەر بڕێک و هەندێک، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەندێک، کە زیاتر بێت لە دووان، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا زیاتر لە یەک دەبێت بەکۆمەڵ.

لە زمانی کوردیدا یەک کەس بەکار دێت، یان دوو کەس، یانیش سێ کەس زیاتر بوو، دەڵێن سێ و چوار کەس، پاشانیش دەڵێن کۆمەڵ، بەڵام دەتوانین بڵێین زیاتر لە یەک دەبێت بەکۆمەڵ، بۆیە کاتێک زاراوەی کۆمەڵ ئاڕاستە و ئەرککدار دەکرێت. ئەوجا دەلالەتی واتایی جیاواز لە خۆ دەگرێت.

١. ئێمە بەرکەوتنمان لەگەڵ زۆر کۆمەڵەدا هەیە، لەوانە (خێزان، هاوڕێ. شوێنی کار و کۆمەڵەی گـەڕەک و...هتـد) ئەم کۆمەڵانـەیش بـەپێی قـەبارە و چـالاکی و مـاوەی پێکـەوەبوون و پـلەی ڕێکخستنیان دەگۆڕێن.

٢. وشەی کۆمەڵ، کۆمەڵێک مانا لە خۆی دەگرێت:

أ: ((کۆمەڵـە خـەڵکێک، کـە پێکـەوە دابنیشـن و بـڕۆن پێکـەوە، ئەمـەیش تایبەتمەندییـەک کۆیـان بکاتـەوە، وەک نزیکیـی شـوێن و هـەمکاری (Physical proximity)، بە لەبـەرچاوگرتنی ئـەو ئامانجە دیاریکراوەی، کە لە پێناویدا کۆبوونەتەوە.)) (مارشال، ٢٠٠٠: ٤٣٧)

ب: ئەنـدامانی ڕێکخسـتنی دیـاریکراو، تاکـەکانی هەسـت بەمەیلـداری و دڵسـۆزی دەکـەن، وەک ئەندامانی حیزب، یان سەندیکا و شوێنە دیاریکراوەکان.

پ: ((کۆمەڵە خـەڵکێکی تـر، کـە تایبەتمەنـدیی هاوبەشـیان هـەبێت، وەک کۆمەڵـەی مامۆسـتایان و ئەنـدازیاران و پزیشـکان. ئەمـەیش لەنـاو پۆلێنبەنـدیی کۆمەڵـدا جێیـان دەبێتـەوە.)) (غـي روشـية، ١٩٨٣: ٢٤)

دەتوانین لە چەند خاڵێکدا جیاوازیی نێوان کۆبوون (الجمع) لەگەڵ کۆمەڵ (الجماعة)دا بکەین:

١. کۆبوون؛ کۆبوون و پێکەوەبوونیان کتوپڕ و لەناکاوە، بەبێ پلان و بەرنامەڕێژیی پێشوەختە، وەک لە کـاتی کۆبوونــەوەی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیـل، یـان ڕووداوی ئاگرکەوتنــەوە، بــەڵام لەم کۆبوونەوانەوە دەتوانن کۆمەڵ دروست بکرێت و بەکارهێنانی ئەو کۆبوونە بۆ مـەرامی تایبـەتی و بەرژەوەندیی کەسی ئاڕاستە بکرێت. ئەم کۆمەڵانـەیش دروسـتدەکرێن و پێکدەهێنرێن لەپێنـاو ئامانجێکی دیاریکراودا، ئیتر کورت، یان درێژمەودا بێت، هەروەک کۆبوونەوەی کۆمـەڵێک کـەس لە کـاتی داڕووخـانی زەوی و بوومــەلەرزەدا، پاشـان دەرفـەت وەردەگـرن و کۆمەڵـەیـەک بـۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنە دروست دەکەن.

٢. کۆبوون خێرا لەناو دەچێت، هەروەک چۆن لەناکاو دروسـت دەبێت. دەتـوانین نـاوی لێبنێین (ژاوەژاو) ئـەوەش خراپـە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هـەروەک چۆن پێغەمبـەر (د.خ) دەفـەرموێت: ((اذا اجتمعوا ضروا، وإذا تفرقوا نفعوا)) وا ڕاڤەیان کردووە، کە پەرتەوازەبوونیان سوودبەخشـە، بەو مانایەی، کە هەر کەسێک بە ڕێی خۆی و بۆ لای کاری خۆی. (الكرعاوي، ٢٠٢٠)

٣. کۆبـوون لە نێـوان ئەندامەکانیـدا هـاوکوفیی نییـە و ڕەگـەزی هاوبەشـیان نییـە، پێچەوانـەی کۆمەڵـە. کۆبـوون؛ کۆبوونـەوەیان لەناکـاو و ڕاسـتەوخۆیە، کەچـی ((کۆمـەڵ خـاوەنی ئامـانجی هاوبەشــن، وەک کۆمەڵــەی ڕامیــاری (سیاسـیة)، یــان کۆمەڵــەی پــەروەردەکاران (التربویـة)، کۆمەڵـەبوونیان لەپێنـاوی ئامـانج و مەبەسـتێکی دیاریکراودایـە، وەک پـەروەردەکردنی کۆمەڵگـە،

هەر بۆیە لەپێناوی مەبەستێک، یان خەمێک کۆمەڵە دەبن. لەبەر ئەوەیە زانا، نەزان، کرێکار و بێکار و... هتد تێیدا بەشدار دەبن.)) (کوثر، ٢٠١٣: ٣٩)

٤. کۆبوون؛ کۆ دەبنەوە، بەبێ ئەوەی ڕێککەوتن لە نێوان تاکەکاندا هەبێت بۆ کۆبوونەوە، وەک کۆبوونەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن، کۆ دەبنەوە و دەڕۆن و بەبێ ئەوەی پەیوەیستبوون و بەڵێن لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام کۆمەڵ کۆدەبنەوە و ڕاوێژ دەکەن و بەرنامەڕێژی و ئەرک و کار دابەش دەکەن، هەموو جارێکیش پێویستییان بە کۆبوونەوەیە.

## چەمک و پێناسەی کۆمەڵ (الجماعة)

چەمکی کۆمەڵ فراوان و بەئاریشەیە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێناسەی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت.

ماکراس (McGrath) ئاوا پێناسەی دەکات: ((کۆمەڵ پێکهاتوون لە کۆمەڵە تاکێک و پەیوەستبوون لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها پێوەندی و کارلێکی هۆشیاریی ئەو کۆمەڵەیە، چ لە ڕابردوودا و چ بۆ داهاتوویش.)) (العتوم، ٢٠٠٨: ٢٧)

لە پێناسەیەکی تردا بالێس (Bales) دەڵێت: ((کۆمەڵ بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک، کە کارلێکیان لە نێواندا هەیە بۆ هەر یەکێک لەو هەڵوێستانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. کاریگەریی هەر یەکێک لە ئەندامەکان و درککردنیان بۆ ئەو ئامانج و مەبەستەی، کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن. هەروەها کاردانەوەی هەر یەکەیان بەرانبەر بەو ڕووداو و هەڵوێستانە.)) (عبدالله، خلیفة، ٢٠٠١: ٧١)

ئەم دوو پێناسەیە جەخت لە گرنگیی هۆشیاری و درککردن دەکەنەوە، کە هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە هەیانبێت. هەروەها هەندێ هەستی هاوبەشیش ناسنامەی کۆمەڵەکە بێت.

فۆرسیث (Forsith) بەم جۆرە پێناسەی کۆمەڵ دەکات، ((زیاتر لە یەک کەسە، بەهۆی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت و هەروەها کاریگەریی لەسەر یەکتر دروست دەکەن.)) (حسن، ٢٠٠٨: ٦)

لە لایەکی ترەوە شاو (Shaw) پێناسەی کۆمەڵ دەکات، بەوەی، کە ((بریتییە لە دوو کەس و زیاتر، کارلێک لە نێوانیاندا هەیە، بەشێوازێک، کە هەر کەسێک کاریگەریی دەبێت و کاریشی لێدەکەن.)) (حسن، ٢٠٠٨: ٦)

لەم دوو پێناسەیەوە ئەوە بەدی دەکەین، کە جەخت لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە. هەروەها یەکێکە لە تایبەتمەندێتیی کۆمەڵەکە، وا تەماشای کۆمەڵێش دەکەن، کە تەنیا ئەوە نییە

پێکهاتبێت له کۆمەڵـه تاکێـک، یـان نزیکـی شـوێن، بەڵکـو پێوەندییـەکی دینـامیکی و کـارلێکی کۆمەڵایەتی له نێوان تاکەکاندا هەیە.

له پێناسەیەکی تری کۆمەڵدا جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە ((کۆمـەڵ یەکەیـەکی کۆمەڵایەتییـە و پێکهـاتوون له دوو کـەس و زیـاتر. بە پلەیـەک هۆشـیاریی هاوبەشـیی کۆمـەڵیان هەیـە، کـە له نێوانیانـدا کـارلێکی کۆمەڵایـەتی هەیـە و پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی نێوانیـان قـابیلی کاریگـەری و کارلێککراوییە. چالاکی گۆڕاویی لەسەر بنەمای ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایـەتی له لای تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵ پێوەر و بەهاکاندا ساز و گونجاو بێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و تێرکردنی ئارەزووی تاکەکان و له کۆتاییشدا مەبەستیان دەسخستنی ئامانجی گشتیی کۆمەڵەکە بێت.)) (معوض، ١٩٩٩: ٨٢)

هەروەها لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسیی)دا ئاوا پێناسـەی کۆمـەڵ کراوە: ((کۆمەڵـە تـاکێکن، کـە هەسـت بەیـەکێتیی پێکهاتـە و یـەکبوونی بەرژەوەنـدی و ئامانجـەکان دەکـەن. ئەم هەستکردنە هاوبەشە دەبێتە مایەی بوونی جۆرێک لە کارلێک لە نێوانیاندا، بۆ هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکان.)) (سەمیرە، ٢٠٠٧: ٥٧)

لەم پێناسانەوە دەتوانین تایبەتمەندیی کۆمەڵ دیاریبکەین:

١. کۆمــەڵ یەکــەی پێوانــە و بەهاکانــە، ئاکــاری تاکــەکان ئاراســتە دەکــات بــۆ گونجانــدن و کارلێککردنی تاکەکان لەگەڵ ئەوانی تر و ژینەگەکەیدا ئەرکێکی پێوانەیی و بەهادارییە.

٢. یەکـەی ئامـانج و مەبەسـت، کـە کۆمـەڵ هـەوڵی بەدەسـتهێنانی دەدات. ئامانجیـان تێرکـردن و پڕکردنەوەی پێداویستیی تاکەکانە، وەک ئاسایش، خۆراک، ئاسایشی نەتەوەیی و ...هتد.

٣. کۆمەڵ کیانێکە، یـان کیـانێکی دینـامیکیی زینـدووە، تاکـەکانی لە دۆخـی کـارلێکی بەردەوامـدان لەگەڵ یەکتردا.

٤. هەبوونی شێوازێکی کارلێکی جێگیر و ڕێکخراو، کە ئەنجامگیری هەبێت بەگوێرەی ئەندامانی کۆمەڵەکە و پێکهاتەیان.

٥. هەبوونی بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەکە، پاڵپشت بەڕۆڵ و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان.

٦. هەبوونی ڕێگەیەک بۆ پێوەندیکردن، بە تایبەت لە ڕەمزی زمانیدا.

٧. هەبوونی بـەها و پێوانـە و پێداویسـتیی هاوبـەش، هۆکـاری بـەدیهێنانی کـارلێکی کۆمەڵایـەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و هەروەها کۆمەڵ لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا.

کۆمـەڵ بە مانـای کۆمەڵـە و پێکـەوەبوون، کـە خەسـڵەتی کۆمـەڵی لەخـۆ گـرت، ئـەو کاتـە لە کۆمــەڵێک گــرووپ پێکـدێت، وەک (کۆمەڵــەی یاساناســـان، کۆمەڵــەی کورتــەبالایان، کۆمەڵــەی ژمێریـاران، گـرووپە کۆمەڵایەتییـەکان و...هتد) ئـەوەی لێرەدا زیـاتر مەبەسـتی ئێمەیـە، گـرووپی

کۆمەڵایەتییە. هەر بۆیە زیاتر لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەیە هەڵوەستە دەکەین. لەبەر ئەوە گرووپی کۆمەڵایەتی ((پلەیەک لە پێکەوەبوونێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات و زیاتر لە تەنیا گرووپێکی سادە، یان گرووپی تاکەکانە، وەک: خەڵک لە وەستانی پاسێکدا چاوەڕێ دەکەن، یان خەڵکانێک بەیەک ڕیز چاوەڕێ دەکەن. تایبەتمەندییە هاوبەشەکان لە نێوان ئەندامانی گرووپدا لەوانەیە بەرژەوەندییەکان، بەهاکان، نوێنەرایەتییەکان، باکگراوندی ئەتنیکی، یان پێوەندیی خزمایەتی لە خۆبگرێت.)) (جیدنز، ٢٠٠٥: ٣٦)

بۆ ئەوەش، کە بزانی ئایا دەکرێت کۆمەڵێک کەس بە کۆمەڵ دابنرێت، ئەوەیە، ئەگەر تاکەکانی سەر بەو گرووپە ویژدانی مەرجەعی خودی (ئێمە) بەکار بهێنن، زۆر جار مانای بەکارهێنانی ئێمەیە بۆ ئاماژەدان بەکۆمەڵێک خەڵک، کە گرووپەکە خۆیان بە کۆمەڵ دەزانن، بۆ نموونە خێزانەکان، کۆمپانیاکان، بازنەی هاوڕێیان، یانەکان، چین و توێژە ناوخۆییەکان، کۆمەڵەی ژنان و کۆبوونەوەی ئایینیی ناوخۆیی، تاوەک دەگاتە کۆمەڵگە. بۆیە کۆمەڵگە کۆمەڵە کەسێکن، یان گرووپێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ پێکهاتە و ڕێکخراوی هێزدا، کە پلەی یەکگرتن و پێکەوەبەستنی پێدەبەخشێت. ڕەنگە گرووپەکەیش تایبەتمەندی و کەسایەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەو چینە کۆمەڵایەتییە ڕێسای ڕەفتار، یان ئەدای تایبەتی خۆی هەیە، کە کارلێکی پلان بۆداڕێژراو و پێکهاتەیی لە خۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵ خەسڵەتی کۆمەڵ لە خۆ بگرێت، پێویستە ئەم سیفەتانەی تێدا بێت:

١. لە نێوان تاکەکاندا پەیوەستی و ئامانج و مەبەستی دیاریکراو هەبێت.

٢. نابێت ئەندامەکانی کەمتر بێت لە سێ کەس.

٣. ئەو کۆمەڵەیە پێویستە دەرفەتی گەشەکردن و پڕکردنەوەی پێداویستی تاکەکانی دەسەبەر بکات.

٤. پێوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای ڕێز، خۆشەویستی و هاوکاری دروست بووبێت.

٥. پێویستە ئامانجی کۆمەڵەکە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەدا گونجاو بێت.

٦. پێویستە ئەو کۆمەڵەیە ڕابەریان هەبێت، تەنانەت ئەگەر ژمارەی ئەندامەکانی کەمیش بن. (أحمد، ٢٠٠١: ٤٥)

کارلێکی کۆمەڵایەتی مەرجێکی بنەڕەتی پێکهاتەی کۆمەڵە، چونکە ((تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەوە دروست دەبێت، کە تاکەکان لەناو خۆیاندا کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت.)) (شریف، ٢٠٠٨: ٧٦)

بۆیە دەبێت پەیوەستبوونێکی دیاریکراو لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەدا هەبێت، هەروەها هەر ئەنـدامێکی کۆمەڵەکـە هۆشـیاریی ئەنـدامبوونی لە کۆمەڵەکـەدا هــەبێت. ئەم کارلێکـەیش دوو پێوەندی کۆمەڵایەتی لە خۆی دەگرێت:

١. پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی

٢. پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نەرێنی

ئەمەیش مانای ئەوە دەدات ئەم کارلێکە کۆمەڵایەتییە ئاست و نمرەی پەیوەستی و پێکەوەیی لەگەڵ نەگونجان و دابڕان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە دیاریدەکات.

بەهێزترین نیشانەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بزانین کۆمەڵێکی یەکانگیر و بەهێزە، یان دابڕاو و لەبەریەکهەڵوەشاوەیە، ئەمانەی لای خوارەوەیە:

١. هاوکاری (التعاون)

هاوکاری بە مانایەکی گشتی کارلێک و بەرکەوتنی ئەرێنی نێوان دوو کەس، دوو گرووپ، دوو خێزان، دوو لایەنی کۆمەڵایەتی... بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی و هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو، زۆرتریش خەسڵەتی نەرێنی لە خۆناگرێت. ((هاوکاری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی. تاک ئەوپەڕی توانای خۆی دەخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵەکەی بهێنێتە دی. هەروەها ئەوەش دەزانێت بەتەنیا ناتوانێت ئەو ئامانجانەی بەدی بهێنێت.)) (الجیلانی، ٢٠٠٨: ١٤٨)

ئەم پرۆسە هاوکارییە کۆمەڵایەتییەیش هەموو کات تاک سەرپشک ناکات، بەڵکو هەندێ جار ناچاری دەکات جێبەجێی بکات. هەر بۆیە تاک دەبێت لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا خۆی بگونجێنێت و پێکەوە دەتوانن ئامانجە هاوبەشەکانی دەسەبەربکەن. لێرەوە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لای تاکەکان دروستدەبێت.

٢. کێبەرکێ (التنافس)

کێبەرکـێ جـۆرێکە لە جۆرەکـانی خەبـاتی ئاشـتییانە، تاکەکـان لە پێنـاوی هێنـانەدی چەنـد ئامانجێکی دیاریکراودا، دەیگرنە بەر. ((کێبەرکێ یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پرۆسـەی کۆمەڵایـەتی، بـەهێزترین و چـالاکترین هۆکـاری پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتییـە، بەمـەرجێک ئەگـەر لە سـنوور دەرنەچێت و زیادەڕۆیی تێدا نەکرێت.)) (ابوعلام، ٢٠٠٤: ١٥٨). ئەگەر لە سنوور دەرچوو، ئەوە پێچەوانە دەبێتەوە بۆ ململانێ (صراع)، ئەو کاتە لە بری چاکە، خراپ دەشکێتەوە. هەر بۆیە کێبەرکێکردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام دەبێت لە نێوان دوو لایەنی وەکیەکدا بکرێت. ئەگەر وا نەبوو، ئەوا ڕۆحییەتی کێبەرکێ دەکوژێت و لایەک دەڕووخێت، ئەمەیش ڕێگەپێدراو نییە. هەر لەبەر ئەوە سیمای ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دوو شتە: (هاوکاری و کێبەرکێ).

٣. ململانێ (الصراع)

دەتوانین ململانێ بە پێچەوانەی هاوکاری و ئازادی ناوزەند بکەین، ئەگەر گرووپێک پاڵپشتی و هاریکاری بکەن و لایەنەکانی بەهێز بکەن، ئەوە گرووپێکی تریشیان ململانێ دەکەن لە نێوان خۆیاندا و هەوڵی زاڵبوون و تاکلایەنی دەدەن لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەر ئەوە ململانێ ((بە یەکێک لە ترسناکترین تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە سیما و نیشانەی زیادەڕۆیی کێبەرکێ، ململانێیە، لەبەرئەوە هەموو حەز و ئارەزوویەکی تاک، نەگونجان، ڕکەبەرایەتی، ڕێکنەکەوتن و ...هتد بەشێکن لە ململانێ.)) (عبدالعزيز، ٢٠٠٥: ١٠٤) هەموو ئەمانە لە ململانێدا بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەبێت، یەکێک دەبێت لە هۆکارەکانی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵگەیە.

هۆکاری ململانێیش نەگونجانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵە لەگەڵ جیاوازیی پێوانە، بەهاکان، ئامانج، ناڕوونی و نەبوونی شەفافیەتدا. لەگەڵ ئەمەیشدا کۆمەڵێک زاراوە و وشەی تر بۆ ململانێ بەکاردێت، وەک (بەریەککەوتن- الاحتكاك/ دووبەرەکی- النزاع) ئەم خەسڵەتانەیش هاوبەشی، هاوکاری و دینامیکییەتی کۆمەڵگە دەکوژێت.

٤. گونجاندن (التوافق)

تاک پێویستە لەگەڵ ئەو ژینەگەیەی تێیدا دەژی، خۆی بگونجێنێت، چونکە ئەگەر گونجاندن، نەبوو ئەوا تاک هەمیشە لەنێو دۆخێکی دەروونیی خراپ و ناخۆشدا دەژی. هەر بۆیە ئەگەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگەکەیدا گونجاندن هەبوو، ئەو کاتە تاک هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات و بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەیشی کەسێکی باش و سوودبەخش دەبێت. ((کۆمەڵناسان جیاوازی لە نێوان دوو چەمکدا دەکەن، ئەوانیش گونجاندن (التأقلم) و خۆگونجاندن (التكيف)، یەکەمیان (گونجاندن)، تاک لەگەڵ ژینگە سروشتی و جوگرافییەکەیدا دەگونجێت، بەڵام دووەمیان خۆگونجاندنی تاکە لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا.)) (عبدالباقي، ٢٠٠٣: ١٠٤)

٥. ڕێککەوتن (المهادنة)

ڕێککەوتن دیاردەیەکە لە دیاردەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاک و کۆمەڵەکەیدا. ڕێککەوتنێکە لە نێوان ئەوانەی لە کێبەرکێ و ململانێدان بەشێوەیەکی کاتی، بۆ نموونە ڕێککەوتنی کارکەرێک و سەرپەرشتیارەکەی لەسەر ئەوەی کێشەی نێوانیان بۆ کاتێکی گونجاوتر دوا بخەن، یان لەسەر ئەم دووبەرەکییانە بەردەوام بن، لەسەر ئاستی کۆمەڵ بەگشتی و تاک بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت، هەر بۆیە سازان و ڕێککەوتن دەکەن.

## جیاوازیی نێوان بنەمای هاوکاری و بنەمای ململانێ

### هەستی دانایی

پێوەندیی نێوان تاکەکان پۆزەتیڤە

ڕێژەی ترس، شەرم و گۆشەگیری کەمە.

ڕۆحییەتی مەیلداری بۆ کۆمەڵ گەشە دەکات.

بەهاوڕێیەتی و ئاسوودەیی کۆتایی دێت.

نزیکایەتی هاوکاری و بەرژەوەندی.

پێوەندیی نێوان تاکەکان نێگەتیڤە.

ڕێژەی ڕاڕایی، گومان و ڕەشبینی زۆرە.

ڕۆحییەتی بەرژەوەندیی کەسی گەشە دەکات.

بەتووڕەبوون و ناحەزی کۆتایی دێت.

نزیکایەتی ململانێ و ڕکەبەرایەتی.

### هەستی مەعریفی

هاوبەشی سەرچاوەی زانیاری دەکەن.

گفتوگۆی هزریی قووڵ دەکەن، تا گەیشتن بە ئەنجام.

هاوکاریی گونجاو دەکەن تا ئاستی داهێنان.

تاک تا ئەوپەڕی پێنەدانی زانیاری هەوڵدەدات.

بیرۆکە دەجووڵێنن بەبێ گفتوگۆ.

ململانێ لەسەرووی داهێنانەوەیە.

### هەستی کۆمەڵایەتی

١- تاک توانای خۆی لەگەڵ کۆمەڵ بەگەڕ دەخات.

٢- هەڵوێستی هاوکاری و تەبایی پێشکەشی تاکەکان دەکەن.

٣- دابەشکردنی پاداشتی چاکە بە یەکسانی.

٤- چاندنی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاک.

١- تاک توانای خۆی بە تەنیا بەگەڕ دەخات.

٢- هەڵوێستی ململانێ پێشکەشی تاک دەکەن.

٣- دابەشکردنی پاداشت بەپێی هەوڵ و کار.

٤- تاک هەست بە نابەرپرسیارێتی دەکات.

**پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە**

پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، پێوەندییەکی بەهێز و پێکەوە بەستراوە، ناتوانرێت بەئاسانی لەیەکتر جیابکرێتەوە. شاعیر یان نووسەر، چەند بەناوبانگ بێت و کارامە و لێزانیش بێت، ناشێت هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی هەبێت، ئەگەر لەچوارچێوەی کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەدا نەبێت، کە تێیدا دەژێت. بۆیە ئەو دێت لەناو ئەو کۆمەڵەدا گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. هەڵچوونە شیعری و ئەدەبییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، لە ڕێگەی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە زۆرەی لەگەڵ دەوروبەردا هەیەتی، زۆربەی کاتیش ئەمانە بە شیعر دەردەبڕێت. بۆیە ((بۆ ئەوەی ژانر و جۆرە ئەدەبییەکان بناسین، پێویستە لە هۆیەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، بکۆڵینەوە و پەیوەندی ئەو گەشەکردنە، بە گۆڕان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکە ببەستینەوە، چونکە سروشتی کۆمەڵایەتی کاری ئەدەبی، جگە لەوەی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دیاردەکانی ناو کۆمەڵدا هەیە، کات و شوێنیش دیسان کاریگەری خۆیان هەیە.))(ساڵح، ٢٠١٢: ٧٧)

یەکانگیری و بەستێن هەیە لە نێوان ئەدەب و دیاردە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە هەمانکاتدا ڕۆڵی کات و شوێن بە نادیدە نەگیراوە لەسەر ئەو پێوەندییە، چونکە پێکەوە ڕێکسازییەک دروست دەکەن لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا. لەبەر ئەوە هەندێک لە ڕەخنەگرەکان پێناسەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان بەوە کردووە، کە ((ڕێبازێکە مەبەست لێی خودی دەقەکەیە لەو شوێنەدا، کە سیما و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.)) (قصاب، ٢٠٠٧: ٣٥) لەبەر ئەوەی پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، پێوەندییەکی کۆن و لەمێژینەیە، چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شاعیران و نووسەران هەیە. ئاستی پێوەندییەکەش ((واتای ئەو پێوەندییەی نێوان نووسەر و واقیعە کۆمەڵایەتییەکە، پێوەندییەک نییە تەنیا لەیەک ڕووەوە بێت، بەڵکو پێوەندییەکی دیالێکتیکییە، بۆیە نووسەر ئاوێنە نوماو وێنای ژیانە کۆمەڵایەتییەکە دەکات، بەزمانێکی تازەو جیاواز ئەویش زمانی گوزارشتی ئەدەبییە.)) (فرح، ٢٠٠٧: ١١١)

ئەم ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەی ئەدەب، کە جەخت لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکاتەوە، بایەخێکی زۆری بەهۆکاری ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و...هتد داوە، چونکە کاریگەرییان لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و تەنانەت ڕۆڵێکی کاریگەر هەم لە ڕوانگەی داهێنانی ئەدەبی، هەم پاشەکشێی ئەدەبیشەوە دەگێڕن.

پاساوی ئەم گرووپانەش بۆ قسەکانیان، ئەوەیە، کە دەڵێن کەسێک نابینی لە مێژوودا لە دوو کۆمەڵە شاعیر بەدەر بێت:

١. ئەو شاعیرانەی، کە سروود و قەسیدەی خودییان گوتووە.

٢. ئەو شاعیرانەی، کە قەسیدەکانیان بابەتی کۆمەڵایەتییە.

ئەدەب بە هەموو فۆرم و ژانرەکانییەوە ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی بەردەوامی ژیان و کۆمەڵگەیە، چونکە ژیانی مرۆڤ و هزر و سەردەمەکەی بەردەوام لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدان و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و بەپێی جیاوازیی ڕۆشنبیری و ڕووداوەکان و ژینگەی دەوروبەرەوە، جیاوازی و هەمەجۆری بە خۆوە دەبینن، هەروەها ((ئەدەبیش هەرچەندە ڕەنگدانەوەی حەز و ئارەزووەکانی تاک بێت و هەرچەندەش سۆز و ویژدانی لە پلەیەکی باڵادا نمایشبکات و ئەزموونێکی بێگەردی خودی ژیانی نووسەرەکەی بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت گۆشەگیر بێت و دوور لە ژیان بوەستێت و لە بەهاکانی سەردەمەکەی خۆیدا، داببڕێت.)) (ڕەحمان، ٢٠٢٠: ٢٩)

کەواتە ((هەر دیاردەیەکی ئەدەبی، وابەستەی سێ واقیعیەتە: نووسەران، کتێب و خوێنەران، یا بەدەربڕینێکی گشتیتر، بەرهەمهێنەران و بەرهەم و خەڵک. دیاردەی ئەدەبی تۆڕێکی ئاڵوگۆڕییە، کە لە ڕێگەی دەزگایەکی گوێزانەوەی یەکجار ئاڵۆز، کە لە هەمانکاتدا پێوەندی لەگەڵ هونەر و تەکنەلۆژیا و بازرگانیدا پەیدا دەکات، چەند کەسێکی تەواو دیاریکراو "یان بەلانیکەم ناسراو" بە کۆمەڵە کەسێکی نەناسراو، "بەڵام سنووردار" دەبەستێتەوە.)) (ئیسکارپیت، ٢٠١٨: ٢٣)

دوو ڕەگەز لەو سێ ڕەگەزەی، کە دیاردەی ئەدەبی پێوە وابەستەیە، پێک هاتوون لە (نووسەران و خوێنەران) کە ئەم دووەیان لەناو بۆتەی هزراندن و مرۆڤبووندا، خۆیان دەبیننەوە. بۆیە لە ڕوانگەی (مارکس و ئەنگلز)ەوە، ((بوونی مرۆڤ لە ڕووی جۆر و فۆرمەوە، وابەستەو ملکەچی بونیادی کۆمەڵایەتی ــ ئابوورییە. بوونی مرۆڤ مەرجێکی ماددیانەی ئەو بوونەیە. بوونی مرۆڤ بوونێکی ڕەها و ئازاد نییە، کە لە بارودۆخە ماددییەکانی ژیان و بەرهەمهێنان دابڕاو بێت.)) (مەعتوق، ٢٠٢١، ١٧٣)

لەسەر بنەمای دانەبڕاویی و پەیوەستبوون، یەکێک لە ڕەخنەگرە ناودارەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کە ڕەخنەگری هەنگاری (جۆرج لۆکاش) (١٨٨٥-١٩٧١) کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی لە بواری ئەدەبدا نووسیوە و لەژێر کاریگەری هەر یەکە لە (هیگڵ)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی و تیۆری (مارکسیزم)دا بوو. یەکەم کتێبی ڕەخنەیی لە نێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩١٥)دا، بە ناوی (تیۆری ڕۆمان) نووسیوە، کە دواتر لە ساڵی (١٩٢٠)دا لە (بەرلین) بڵاو کرایەوە و لەساڵی (١٩٦٣)شدا بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدرا. لەم کتێبەدا (لۆکاش) ((گەشەکردنی ئەدەب،

بەگەشـەکردنی کۆمـەڵگاوە دەبەسـتێتەوە، واتە شـێوەی ئـەدەبی بەهـەرقۆناغێک، لەقۆناغـەکانی مێـژووی کۆمەڵایەتییـەوە، پەیوەسـتە، بـەو واتایـەی ئـەدەب لەگـەڵ گـۆڕان و گەشـەکردنی کۆمەڵگاکاندا دەگۆڕێت، چونکە ئـەدەب بەکۆمـەڵگاوە پەیوەسـتەو هـەر لەنـاو کۆمەڵگاشـەوە وەک پێویستییەک، لە پێویستییەکانی ژیان سەر هەڵدەدات.)) (قادر، ٢٠١١: ٦٦)، سروشتی ئەم بابەتانە (ئەدەب، تاک، کۆمەڵ،... بووەتە مایەی ئـەوەی، کـە سۆسـیۆلۆژی، لەهـەموو سـەردەمێکدا گیـانی سەردەم و مۆدێرنی تێدا دەربکەوێت، ئەم لایەن و ڕەهەندە ئاشکرا لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرنج ڕادەکێشێت. پشتئەستوور بەم ڕاستییە ئەوەندەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە دوو خاڵی گرنگ هەیە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن و پشت گوێ بخرێن:

یەکـەم: ((هـەموو بیروبۆچـوون و ئایـدۆلۆژی و تیۆرییـەک ئەوەنـدەی پێوەنـدی بە مـرۆڤ و کۆمەڵ و قانوونەکانی پەرەسـەندن و بنیـادی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری، ژیـانی کۆمـەڵگا و هێـز و هۆکـارە بزوێنـەر و فاکتـەرەکانی جێگیـری و ئـارامی و گۆڕانـەوە هەیـە، کۆرپـەی ئـەو ژینگـە و سەردەم و کۆڕ و کۆمەڵە و ئەو هەلومەرجانەن، کە تێیاندا سـەریانهەڵداوەو لەنـاو جەرگەکەیـدا، دەسـتبەکار و کاریگـەرن.)) (عـەزیز، ٢٠٠٨: ٩٢) هـەر ئەم ڕەوشـەیش خـۆی ئاڕاسـتەی ئەم بیروبۆچوونانە، لە چوارچێوەی تیۆرییەکی کۆمەڵایەتیدا دیار و دەستنیشان دەکات. بە واتایەکی دیکـە، ئـەو هەلومەرجانـەی بیـر و تیۆرییەکـەیان هێناوەتـە ئـاراوە، مەبەسـت و ئامـانج و هەڵوێستەکەی دیاری دەکەن، کە لە دوو لا بەدەر نابێت:

- گۆڕانی سەرتاپاگیرانە
- پەرەسەندنی پلەبەپلە

دووەم: ((هـیچ تیۆرییـەکی کۆمەڵایـەتی نییـە، کـە بـە بنەمایـەکی دیاریکراوی هـزری و بیـری و ئایدۆلۆژی پشت ئەستوور نەبێت هەر ئەم لایەنەیە، کە هەڵوێستەکەی دەربـارەی ئـەو کێشـانەی دەستنیشـانکراون، دیاریـدەکات، ئینجـا ڕووخسـار و نـاوەڕۆک و ڕەوت و ئاراسـتەی بابـەتی تیۆرییەکە بە ڕوونی سنووردار دەکات.)) (لیلة، ٢٠١٤: ٢١)

تیۆرە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانیش دیدی زانا و بیرمەندەکانن، لە ژێر کاریگەری ڕەنگدانەوەی بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکان و ژینگەکەیدا. دواتـر دەچێتـە قۆنـاغی پراکتیکی و دەتـوانین بڵێـین ئاکار، یان کردەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەم مەبەستە زانای ئەمریکی (تالکۆت پارسۆنز) کتێبێکی هەیە بـە نـاوی (بونیـادی کـردەی کۆمەڵایـەتی)، لە نزیکـەی سـاڵانی (١٩٣٧) (پارسـۆنز) بایـەخی بە تیۆرییـەکانی دەروونشـیکاری دا و ئەم کەوتنـە ژێـر کاریگەرییـە لە یەکـەمین بەرهەمەکانیـدا بـە چـاکی دەردەکـەوێت، لە مـاوەی چەنـد سـاڵاندا (پارسـۆنز) بـەردەوام هەوڵیـدەدا پێویسـتی

سەرهەڵدان و گەشەکردنی (تیۆری کردەی مرۆیی) دەربخات و لە بەرهەمەکانی دواتری هەوڵی دەدا بیسەلمێنێ، کە بواری سەرەکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی (کردەی کۆمەڵایەتی)یە.

تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی کۆمەڵناسییانەی هەیە، چونکە ((پشت بەچەندین پرس و گریمانە دەبەستێ، کە پەیوەستە بەشرۆڤەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی، کە هەموو ڕەفتارەکان ئامانجدارن، تاکی کۆمەڵایەتی ژمارەیەک ئامراز و شێوازی ڕەفتاری گریمانکراوی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێشوەختە دادەنرێت و دەسەپێنرێت، هەروەها لە فۆرمە ڕەفتارییە ئامادەکراوەکان دادەڕێژرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان لەبوار، یان هەڵوێستێکدا.)) (شەریف، ٢٠٠٦: ١٣٧) سەبارەت بە گریمانە تایبەتییەکانی (تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە کۆمەڵێک پرس، کە تاکی کۆمەڵایەتی بە ئامانج و هەڵوێستەکە دەبەستێتەوە، کردەکە هەڵبژاردنی بکەر لەخۆدەگرێت بۆ ژمارەیەک لە ئامرازەکان، کە ئامانجەکانی وەدیدێنێت.

هیچ کردەیەکی کۆمەڵایەتی، نییە، بەبێ بوونی تاک. ((ئەو کردەیە دەچێتە ژێرباری سێ ڕێکبەندی، کە (کۆمەڵایەتی، شەخسانی، ڕۆشنبیری)یە. لە ڕێکبەندیی یەکەمدا، تاک لەمیانەی، کارلێککردنی لەگەڵ دەوروبەردا، دەچێتە ناوی و لەنێوباری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ کارلێککردووەکان، دەجووڵێت. لە پێناو گەیشتن بەو مەبەستانەی، کە ئامانجیەتی و لە ژێر بارودۆخی، ئەم بارە کارلێککارییە، تاک دەچێتە ژێر باری، بەها هاوبەش و هەستە گشتییەکان، کە نوێنەرایەتی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.)) (کریب، ١٩٩٩: ٧٧) ئەو پێوەرانە، ئامانجە گشتگیرەکانی، لەخۆگرتووە.

بەگشتی ڕێکبەندی کەسی ئەم خەسڵەتانەی لەخۆگرتووە: ((لەخۆگرتنی کردەکانی بکەری کۆمەڵایەتی، ئەوکردانە ڕێکخراو دەبن، لەمیانەی پەیوەستبوونی پێداویستییەکانی تاکەکان، کە بەدوایدا دەگەڕێن، بۆیە لەکۆتاییدا پێداویستییەکان کامڵ دەبن)). (شەریف، ٢٠٠٦: ١٣٩) ڕێکبەندی رۆشنبیریش ئەو بەها و پێوەر و سیمبولانە لەخۆ دەگرێت، کە ((ئاراستە و ڕێنوێنی تاکی کۆمەڵایەتی (ڕەفتاری تاک) دەکات، بەرەو مەبەست و ئامانجەکانیان و کارەکەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو جێبەجێ دەکات.)) (شەریف، ٢٠٠٦: ١٣٩) دەتوانین بڵێین ڕەفتار و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش لەیەک ئاست و پلەدا نامێنێتەوە دەتوانین بەپێی پێوەرەکانی مامەڵەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە، سەنگ و بەهای پێبدەین. ((بۆیە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەپێی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگاکان، دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانی مێژوویی، چونکە وەک: بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، دوای، ئەو گۆڕانە مێژووییەی، بەسەر هەڵسوکەوت و پێوەندییەکاندا هاتووە، لە بوونەوەرێکی سەرەتاییەوە بۆ بوونەوەرێکی پێشکەوتوو و شارستانی، کۆمەڵێک بەهای تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە و کۆمەڵێک بەهای دیکەی خستووەتە مۆزەخانە و

لەبیرچوونـەوەوە.)) (سـلێمان، ٢٠٠٧: ١٢١)، بۆیـە کاتێـک سـەیری ژیـانی مـرۆڤ دەکـەین وەک مرۆڤێک، کـە لـە سـەرەتای ژیانیدا بـووە، هـەڵگری کۆمـەڵێک پەسـنی زۆر تایبـەتی بـووە، بـەڵام بـەپێی گەشـەکردن و گـۆڕانی مـرۆڤ لەقۆناغێکـەوە بـۆ قۆنـاغێکی دیکـە و بـەپێی ئـەو کارلێکـە کۆمەڵایەتییەی، کە مرۆڤ وەک بۆ ماوەییەک هەڵگری بـووە، بووەتـە هـۆی گەشـەکردنی لایـەنی ویـژدان و سـۆزی مرۆڤانـەی ئـەو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیـانی ئـەو مرۆڤـە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و چووەتـە قۆنـاغێکی تـازەوە. دیـارە لەگـەڵ هـەموو ئـەو بـەرەو پیشـەوە چـوون و گۆڕانانەی مرۆڤدا، بەهای کۆمەڵایـەتیش گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و هـەر سـەردەم و قۆناغێک کۆمەڵێک بەهای تازەو نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەکایەوە.

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەندێک بەها، گرنگی زیاتری پێدەدرێت: ((لە کۆمـەڵگەی پیشەسـازیدا خـاوەنبەڵێنی، پێشـکەوتنی مـاددی و ململانـێ، لە بـەها گرنگـە کۆمەڵایەتییـەکانن، لەحاڵێکـدا، کـە لەکۆمەڵگەیـەکی نـا پیشەسـازیدا پێدەچێت بـەهای دیکـە گرنگـی زیـاتری هـەبێت، لەکۆمەڵگەیـەکی سـادەدا تاکـەکانی کۆمـەڵ بـە ئاسـانی لەسـەر کۆمەڵـە بەهایـەک ڕێکدەکـەون، لەحاڵەتێکدا، کـە لەکۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا، سیستەمێک لە بەهاکان زاڵ و باڵادەستە.)) (موحسنی، ٢٠٠٢: ٣٥٧) گـرنگە بپرسـین ئەوپـەڕی گرنگـی بـە گەشـەی ئـابووری بـدرێت، یـان بە ژینگـە؟ ئایـا پێویسـتە خەڵکانێک زیاتر پەرە بە تاکگەرایی بدەن، یـان بەبیروبـاوەڕی گرووپـی؟ لە کۆمەڵگـە ئاڵۆزەکانـدا ڕێککەوتن لەسـەر بـەهاکان حاڵـەتێکی ناکۆتـایی هەیـە و بـەهاکان بـەردەوام لەحاڵـەتی گـۆڕاندان. گۆڕانی بەهاکانیش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لەسەر دابونەریت جێدەهێڵێت.

هەڵەیـە، ئەگـەر بـەها لە هەڵکەوتـەکانی ژیـان جیابکەینـەوە، تـەنیا ئـارەزوو و پێداویسـتی و بەرژەوەندی نابێتە هۆی چەکەرەکردنی بەها، چونکە (ماکس شیلەر) دەڵێت: ((بـەها زۆر لەوانـە لە ئێمە نزیکترە، لەهەموو کارێک هاوڕێمانە، لەهەموو کارێکدا خۆی دەسـەلمێنێت و لە بوونیـەی بوویەری مێژوویی دەردەچێت، بە پێچەوانەی (هۆسرڵ) کە بەها دەگێڕێتەوە بۆ سۆز و هەست، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی ئاوەز پشتگوێ دەخات، کە ئەو پێی وایە هەمیشە مرۆڤ لە ژێر کاریگەری سۆز و عاتیفەدایە، بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵ و بزاوتی مێژوویی.)) (اسماعیل، ١٩٨٨: ٣٨٢)

لە ڕوانگـەی کـارلێکی کۆمەڵایـەتی و پێوەنـدیی نێـوان ئـەدەب و کۆمــەڵگە و ڕەنگدانــەوەی فاکتەرەکانیان لەناو یەکتردا، دەتوانین بڵێین ئەم سیما هاوبەشییەیان لەناو تیۆری ڕەنگدانەوەدا خۆی بەیاندەکات. ((دەقی شیعری لەتێڕوانینی ئەم تیۆرەدا، ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییـە و بەرهـەمهێنانی دەق و گـۆڕانی دەقـیش بەبـارودۆخ و گـۆڕانی کۆمـەڵگاوە پەیوەسـتە، ئەم تیـۆرە

بەسەر کاری هونەری ڕووت و ئێستاتیکای دەقی شیعرییدا بازدەدات و لەسەر پێوەندی دەق بەکۆمەڵگا و کاریگەری کۆمەڵگا، بەسەر دەقەوە دەوەستێت.)) (مەلازادە، ٢٠٢٠: ٥٠)

ئەم تیۆرە زیاتر خۆی لەناو بۆتەو فەلسەفەی مارکسیزمدا دەبینێتەوە، بەم پێیە ((ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، کە ڕەهەندێکی چینایەتی هەیە و دابەشدەبێت بۆ ئەدەبی چینی بۆرژوا و ئەدەبی چینی پرۆلیتار. لە سەدەی نۆزدەدا ئەدەبێک سەریهەڵدا، کە بە ئەدەبی واقیعی ناسراوە و لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، هاتە ئاراوە.)) (مستەفا، ٢٠٢١)

دەقی شیعری بەرهەمی پێوەندی کۆمەڵایەتییە، چونکە ((شاعیر لەلایەن کولتووری کۆمەڵگاوە کاری تێکراوە، بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئاراستەی دەکات. تیۆری ڕەنگدانەوە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بەدەقی شیعری وەک: سروشت و سەرهەڵدان و ئەرکی دەق و هەروەها مەسەلەی زمان و داهێنان و شاعیر و خوێنەر و پەیامداری بەجۆرێک لەجۆرەکان بەواقیعی کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە.)) (مەلازادە، ٢٠٢٠: ٥٠)

کەواتە ئەدەب و کۆمەڵگە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و ناتوانین بەبێ یەکێکیان لەوی تریان بگەین و مانا شاراوەکانیان دەربخەین.

**ئەرکی ئەدەب**

ئەدەب وەکو بوار و کایەیەکی سەربەخۆ ئەگەر تیۆری ئەدەب، مێژووی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک ڕەگەز و توخمی تر ئامادەییان هەیە. بەر لە تێکست و نووسین ئەدەب لە ڕێگەی زارەکیی دەماودەم بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەر لە (ڕووداو، گێڕانەوە و حیکایەت و...هتد) بەشێکن لە ڕەگەزە ئەدەبییەکان. لە لێکدانەوەی ماناکاریی ئەدەبییشدا بۆچوونی جیاواز هەبوو: ((ئەدەب ئەو کەلەپوورە شارستانییەتەیە، کە نووسراوەتەوە. هەندێکی تریان بۆ ئەوە چوون، کە ئەدەب بریتییە لە کتێبە گەورەکان. وە سێیەمیش بۆ ئەوە چووبوو، کە ئەدەب: ئەدەبی خەیاڵی داهێنراوە. وە چوارەمیش بۆ ئەوە چووبوو، کە ئەدەب ڕەخنەیە بۆ ژیان. پێنجەمیش لە لای وایە، کە ئەدەب دارشتنێکی هونەری ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە.)) (الرحمانی، ٢٠٢١: ٤٣) ئەم لێکدانەوە جیاوازانەش لەسەر ئەدەب، لە ئەرکەکەیدا خۆی دەبینێتەوە. بۆیە گرنگە ئەوە بگوترێت، کە ((ئەرکی شاعیر ئەوە نییە، کە باسی شتێک بکات، کە بە ڕاستی ڕوویداوە، ئەرکی ئەوەیە، کە باسی ئەو شتە بکات، کە دەشێت ڕووبدات.)) (مەلازادە، ٢٠٢٠: ١٢٦)

لەبەر ئەوە ئەركی ئەدەب پێش هەر هۆكارێك نوێكردنەوەیە. ئەدەب لە خودی خۆیدا هەڵگری خەسڵەتێكی ڕەخنەگرانەیە و نووسەر چاوكراوەی سەردەمی خۆیەتی، بەڵام ئەم ئاگایی و چاوكراوەییە بەبێ بوونی هیچ هۆكار و ناوەندێك بەرجەستە نابێت. نووسەر بەبێ ئەوەی بانگەشەی هەقبێژی بكات، بە جۆرێك ئاگاییەكەی خۆی فراوان بكات، تاكو خوێنەرەكانی دەستیان بە هەمان ئەو جیهانەی خۆی بگات و خۆیانی تێدا بونیادبنێن. ((نووسەر كاتێك دەنووسێت، كاتێك جیهانێك لە "وشەكان، گوتەكان، وێنەكان، ڕەنگ و ڕووناكی" دروستدەكات. كاتێك مانا شاراوەكانی پشت ئەمانە نیشان دەدات، كاتێك لێهاتووانە تانوپۆی نووسینەكانی دەچنێت، لە یەك كاتدا جگە لەوەی، كە ئەركی ئەفراندنی دەقەكەیە، ئەركێكی تریش لە ئەستۆ دەگرێت، ئەویش جاری وایە مێژووی سەردەمەكەی خۆی دەنووسێتەوە، جارێك دەست بۆ لێكدانەوە و ڕەڤەكاریی كۆمەڵگەی مرۆیی دەبات، جارێك دەچێتە دەروونی تاكەكانەوە، جارێك دڵنیایی بە ئێمە دەدات، كە سووڕان و چەرخی ڕۆژگاریش هەر ئەم شتانە لە خۆ دەگرێت.)) (طباطبایی، ١٣٨٨)، چونكە نووسەر وەكو هەر كەسێك مرۆڤە، ئەویش لە هەمان كات و لە هەمان شوێنی (جوگرافی، سیاسی، فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی و...هتد) دەژی. هەروەها نووسەر لەگەڵ (خەم و خەفەت، نائومێدی، شادی، هەژار، سەروەتداری، جەنگ، ئازادی و...هتد)دا دەژی. لەبەر ئەوە نووسینەكانی هەر نووسەرێك بەرهەمی كاریگەریی دەوروبەرەكەیەتی.

لەم بارەیەوە نووسەران و توێژەران ئەركی ئەدەب بۆ دوو سەردەم دابەش دەكەن:

١. سەردەمی كۆن

٢. سەردەمی نوێ

١. سەردەمی كۆن:

فەیلەسووفە ئەوروپییەكان لە ڕابردوودا باسی ئەركی ئەدەبیان كردووە، لەبەر ئەوە (ئەفلاتوون): ((شاعیرەكانی لە كۆمارەكەیدا دەركرد و بە شێت وەسفی كردن. هەندێكیان بە مەرج شیعریان وەردەگرت و شیعر بنووسن، بە مەرجێك لەگەڵ چاكەی گشتیدا دژبەیەك نەبێت. هەروەها پێش بڵاوكردنەوە نیشانی دادوەرێكی بدات. لەبەر ئەوە ئەركی شاعیریان بە فریودەر و نابووت و دووركەوتنەوە لە ڕاستی ناوزەند دەكرد.)) (الضیف، ١٩٧١: ١٠٢) (ئەرستۆ) تیۆری (گێڕانەوە- محاكاة)ی پێچەوانەی (ئەفلاتوون) بەكاردەهێنا و دەڵێت: ((نووسەر ئەوە ناگێڕێتەوە، كە هەیە، بەڵكو ئەوە باس دەكات، كە دەشێت ڕووبدات. بە بۆچوونی ئەو هونەرمەند كەموكوڕیی سروشت پڕ دەكاتەوە. كەواتە ئەركی نووسەر داهێنان و ئەفراندنە.)) (الكفراوي، ١٩٦٩: ٧٧) بەڵام بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ باسی ئەركی ئەدەبی نەكردووە.

هەر لەم بارەیەوە ڕەخنەگری ڕۆمانی (هۆراس) وای دەبینێت، کە ((ئەرکی شیعر چێژ و سووودە.)) (توفیق، ١٩٧٨: ١٢٣) هەروەها لای عەرەب ئەدەب چەند ئەرکێکی هەیە، لەوانە: (("بەرگریکردن لە خێڵ، داشۆرینی دوژمن، تۆماری ڕۆژەکان و چێژ" شیعری بە شێوەی (لیریکی- گۆرانی) بوو لە ئازار، خەون و هەستەکان)) (فروخ، ١٩٨١: ٤٨) پاشان دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، ئەرکێکی تریان بۆ شیعر زیادکرد، ئەویش: ((پاککردنەوەی دەروون و پەروەردەی ئایینی بوو.)) (الحسین، ٢٠٠٣: ١٢٧)

٢. سەردەمی نوێ:

لەم سەردەمەدا ئەرکی ئەدەب و بۆچوونی زیاتر لە خۆی دەگرێت، بە هۆی زۆربوونی ڕێبازەکانەوە. ڕێبازی کلاسیزم داوای دەکرد: ((دەبێت نووسەر خۆی پاک بکاتەوە لە کەموکوڕی و خەوشە مرۆییەکان، ئەمەش بابەتێک بوو بۆ بەشێکی زۆر لە شانۆنامەکان، لەبەر ئەوە ناونرا ئەدەبی مرۆیی.)) (التکریتي، ١٩٩٠: ٨٤)، بەڵام ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئەرکی سەرەکیی ئەدەب لەلایان ((گوزارشتکردن لە خود و وازهێنان لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.)) (هلال، ١٩٨٦، ٩٧) هەروەها لەلای ڕێبازی ڕیالیزم ئەرکی ئەدەب خۆی ((وەسفکردنی واقیع و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیوە و هەڵەکان و لادانە مرۆییەکانیان بە مەبەستی چاکسازی دەخستەڕوو.)) (رسول، ١٩٦٦: ٧٩) لەلای ڕێبازی پەرناسیزیشمدا (هونەر بۆ هونەر) ((ئەرکی ئەدەب ئەوە نییە، کە سوود پێشکەشی کۆمەڵگە بکات، بەڵکو ئەرکی ئەدەب لەلای ئەوان چێژی هونەرییە.)) (التکریتي، ١٩٩٠: ٩٤)

ڕەخنەگری ئینگلیزی (ماثیو ارنولد) چەند پرسیارێکی وروژاند، کە ئایا ئەدەب یەک ئەرک، یان چەند ئەرکێکی هەیە؟ بۆیە دەڵێت: ((ئەدەب دەتوانێت شوێنگرەوەی ئایین، فەلسەفە، مێژوو و...هتد بێت، بەڵام (تی ئێس ئەلیۆت) وەڵامی دایەوە و گوتی: هیچ شتێک لەم جیهانە نابێتە شوێنگرەوەی شتێکی تر.)) (الحمداني، ١٩٨٧: ١٦٦) لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەمانە ناتوانێت هەمەجۆرێتیی ئەدەب بشارێتەوە. بەم پێیە ئەرکی کۆمەڵایەتیی شیعر بریتییە لە: ((وێنەگرتنی ئێش و ئازاری خەڵکەکە بەگشتی، کە هەموو میللەت پێی کاریگەردەبن و هەروەها بریتییە لە شۆڕبوونەوەی شاعیر بۆ ناخ و قووڵایی کۆمەڵگەکەی، کە تێیدا دەبێتە نوێنەری هیواکان و ئازار و هەستەکانی و...هتد.)) (ئیسماعیل، ٢٠١٠: ١٥٦)

ئەم پێشەکییە کورتە لەسەر ئەرکی ئەدەب لەنێو کۆمەڵگەدا لەو پێناوەدایە، تاوەکو ئەم بابەتە بە ڕەهەند و ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە پێوەست بکەینەوە، کە لێرەوە باس لە هەریەکێکیان دەکەین.

**تەوەری دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**

بابـەتی کۆمەڵناسـی بریتییە لە لێکۆڵینـەوەی دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان و بەپێی سـەردەمەکان گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە: ((زاراوەی کۆمەڵایـەتی، کـە لە سـەدەکانی (١٤ و١٥)ی زایینیـدا، لە دەستەواژەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەمانای ژیان لە کۆمـەڵگادا بـەکار دەهات، لە سـەدەکانی (١٨ و ١٩)ی زایینیدا، مانایەکی فەردی وەرگرت)) (موحسنی، ٢٠٠٢: ٢٩)

لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتی نـاواخنێکی بـەرفراوانتری بەخۆیـەوە گرت، بـەڵام لە هەمانکاتدا ڕاشکاوتریش کرا و لە ڕێگـەی لکاندنی بە زاراوە گـەلێکی تـرەوە وەک بـەها، ڕۆڵ، چـین، تـوێژ و شـوێنگە ڕەهەنـدی پسپۆڕیشـیی لە بـەکارهێنانی ئێسـتاییدا وەرگـرت. وەک پێشـتر چـەمکی تاکەکەسـی لە بەرانبـەر چـەمکی کۆمەڵایەتیدا، کە بەڵگە بوو بۆ جۆرە وێناکردنێکی ڕووت. ئەم چەمکانە دانـانرێن و تـاکیش وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا لێی دەکۆڵرێتەوە.

هەنـدێک دیـاردە بایەلۆجییـەکان دابـەش دەکـەن و بـوونێکی سـەربەخۆیش بە دیـاردە دەروونییـەکان دەدەن. هەریـەک لەم دیاردانـە سنووری تایبـەتیی خۆیـان هەیـە و دەبنـە بابـەتی زانستی جۆراوجۆر. لەبەرئەوە ((دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بەوە بوونی خۆیان دەسـەلمێنن، کە لە ژیـانی کۆمەڵایەتییـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە و هـەر لەبـەر ئەوەشـە سیفەتی کۆمەڵایـەتییان پێدەدەین. ئەم دیاردانە بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگادا دروست دەبن و دەگۆڕێن. لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا دەشێت بە شێوەیەکی تایبەت دەربکەون.)) (موحسینی، ٢٠٠٥: ٢٤)

ئەگەر بمانەوێت باشتر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەین، دەتوانین سەرنجی ڕەوشی ژیان و پێوەندییەکانی خەڵک لە لایەنە جیاجیاکانی کات، شوێن، شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتـاری کۆمەڵایەتییان بدەین، بۆ ئـەوەی لەو جیاوازییـە تێبگـەین، کـە لـەم بـوارە فراوانـەدا هەیـە. دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیان و پێوەندییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دێنە بـوون و پێویسـتە لە دیـاردە سروشـتی و بایەلۆجییـەکان جیایـان بکەینـەوە. بێگومـان ئەم دیاردانـە (سروشـتی، بایـەلۆجی و کۆمەڵایـەتی) پێوەنـدییان بەیەکترییـەوە هەیـە و ئەم لێکجیاکردنەوەیـە لە ڕووی جیـاوازیی یـەکجارەکییان لە یـەکتر نـەبووە، بەڵکو تـەنیا بەمەبەسـتی ئاسـانکردنی لێکۆڵینـەوە و ناسـینیان بووە. ئەو پێوەندییە لەو شوێنەدا ئاشکرا دەبێت، کە پێمان وا بێت هەموو دیاردەکان لە بنەڕەتدا پێوەندییان بەیەکترەوە هەیە.

ئەگـەر بـۆ هـەر یـەک لە دیـاردە سروشـتی و بایەلۆجییـەکان زانسـتگەلێکی جۆراوجـۆر هـەبن، دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکانیش بابـەتی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکانن و هـەر یـەک لـەم زانسـتانە بایـەخ بەلایـەنێک، یـان سـیمایەکی تایبـەتیی ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتییانـە دەدەن. لەبـەر ئـەوە بایەخـدان

بەدیاردەی کۆمەڵایەتی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە. ((ئەوەی وەریدەگرێت کاریگەرییەکی ڕوون و پاراوی هەیە لە شکڵوەرگرتنی دەرکپێکردنێکی ئاڕاستەکراو و وەرگێردراوێکی کردەیی لەسەر زەمینەیەکی واقیعی. کە بەپێی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە، کە بەدەرکپێکردن تێپەڕی بکات. وە بەم شێوەیە هەرچەندە پرۆسەی پێگەیاندن زووتر بێت ئەوە بەروبوومەکەی بە شێوەیەکی گەورەتر و زووتر مکوڕتر دەبێت.)) (گڕاوی، ٢٠٠٥: ٤٠)

گرنگی و بایەخی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە میانەی بەردەوامبوونی پرۆسەکە لە خودی خۆیدا دەردەکەوێت، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((پرۆسەیەکی ڕۆشنبیریکردنە، واتە گواستنەوەی شێوازی ڕۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.)) (الأحمر، ٢٠٠٩: ٨٧) ئەگەر هاوکار و پشتگیر بوو لەگەڵ هەستکردن بەخود و بەشارستانیکردن، ئەوا میراتی شارستانێتی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بە کۆنترۆڵکردنی واقیع دەناسرێت. لە کۆتاییدا ڕاهێنانە لەسەر جێبەجێکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەویش ڕاهێنانی تاکە لەسەر پشکدارکردنی تەندروست لە کۆمەڵگەدا.

زۆر پیادەکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر شێوازێکی کۆمەڵی وەرگرت، یان دووبارە کرایەوە، دەبێت بەیەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە وا بوو ((دیاردەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر شێوازێکی هەڵسوکەوتکردن، جێگیر بێت، یان ناجێگیر، دەشێ جۆرێک لە فشار و ناچاریکردنی دەرەکی بخاتە سەر تاکەکان، یان بریتییە لە هەر ڕەفتارێک، کە تەواوی کۆمەڵگاکەی گرتبێتەوە، بوونێکی تایبەتی هەبێت و سەربەخۆ لەو وێنانەی لە دۆخە تاکێکاندا لێیان دروست دەبێت.)) (دۆرکهایم، ٢٠١١: ٢١) بەدرێژاییی مێژوو لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا باس لە کۆمەڵگا و ڕەفتاری مرۆڤ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، بەڵام بەپوختی نا، هەروەها لەناو چوارچێوەی زانستێکی سەربەخۆیشدا نا. یەکەمین هەوڵێک لەلایەن (حامورابی)یەوە (١٧٥٠-١٧٩٢ پ. ز) لە شارستانییەتی بابل باس لە شێوەی ژیان و ڕێوڕەسم و یاساکانی کۆمەڵ کراوە، کە بە(یاساکانی حامورابی) ناسراون. بۆیە دەتوانین بڵێین لەگەڵ نووسیندا لەسەر زەوی، یەکەمین بابەتی کۆمەڵناسییانە خراوەتە بەرباس. ((مێژووناسی یۆنانی (هیرۆدۆت)، کە بەباوکی مێژوو دادەنرێت، نزیکی پێنج سەدە پێش زایین لە نووسراوەکانیدا ئاماژەی بە کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتان و بە تایبەت فارس و یۆنان و میللەتانی ڕۆژهەڵات کردووە.)) (کەریم، ٢٠١٧: ١٩) ڕەنگە ئەمە بە سەرەتاییترین هەوڵێکی کۆمەڵناسییانە هەژماربکرێت.

لێرەوە ڕەفتار و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئاوا بەسەربەخۆیی، یان لە پاشکۆدا نەمایەوە، بەڵکو خرایە چوارچێوەی زانستیی و بۆتەی پۆلێنکردنەوە، بەناوی زانستی کۆمەڵناسی. ((سۆسیۆلۆژیا زادەی کودەتایەکە، ئەویش ڕاگوزەران بوو بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ. ئەمە لە بەیەکگەیشتنی سێ شۆڕشەوە ڕوویدا: سیاسی (شۆڕشی فەرەنسی)، ئابووری (شۆڕشی پیشەسازی)، هزری (سەرکەوتنی عەقلانییەت و زانست و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم). بەکورتی پەڕینەوە، کە لەو کاتەدا بیرلێکردنەوەی بە بیرکردنەوەی ڕیشەیی دەناسرا لە نەریتەکانەوە بۆ نوێگەری. پێشەنگانی کۆمەڵناسی (ئۆگست کۆنت و ئەلکسی دی تۆکڤیل و کارل مارکس) هزرانێکیان لەبارەی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە هێنایەکایەوە، کە لەسەروەختی هەڵهاتندا بوو.)) (کابان، ٢٠١١: ٤٠)، کەوابوو دەتوانین لە ژێر ڕۆشنایی ئەو قسانەدا بڵێین، سۆسیۆلۆژیا وەک زانستێک بەتەنگەوەهاتووی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. بەپلەی یەکەم ئامرازێکە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ژمارەیەک بارودۆخی گرفتاوی و باشترکردنی ئەرکی هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا.

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ کۆمەڵناسی کراوە، هیی (مۆریس کینز بێرگ)ـە، کە دەڵێت: ((کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە، لە سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارەکانی و دەرئەنجامەکانی، دەکۆڵێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیەش چەند ئاستێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، وەک پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان، گرووپەکان، کۆمەڵگە خۆجێی و گەورەکان.)) (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٤٣٧) مەبەستی (کینز بێرگ) لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بوونی پێوەندی، یاخود وەڵامدانەوەیە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا، بە ئامانجی پڕکردنەوە و تێرکردنی پێداویستی و خواستن و داواکارییەکانی ئەو تاکانەی پێوەندییەکە یاخود کارلێکە کۆمەڵایەتییەکە دروست دەکەن. پێوەندیی فرۆشیار بەکڕیارەوە، پێوەندیی خوێندکار بە مامۆستاوە، پێوەندیی پزیشک بە نەخۆشەوە، پێوەندیی دادوەر بە تاوانبارەوە چەندین جۆری جیاوازی پێوەندی کۆمەڵایەتین، کە چەندین پرسیار و وەڵام و کردار و پەرچەکردار و کۆمەڵێک سومبول و هێمای ڕەفتاری و گوتە و کارلێک لەخۆدەگرن، کە هەردوو لایەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکە بەجێیدەگەیەنن.

هەروەها لە پێناسەیەکی تری کۆمەڵناسییدا، (بیتریم سروکین) دەڵێت: ((کۆمەڵناسی ئەو چەمکەیە، کە ئاماژە بە هەموو ئەو زانیاریانە دەکات، بەتایبەت لێکچوون و جیاوازی لە نێوان گرووپەکانی مرۆڤدا، هەروەها شێوازی کارلێکی هاوبەشی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە.)) (مسعود، ٢٠١٢: ٢٥)

هەر لەو ڕووەوە (عەبدولحەمید لوتفی) دەڵێت: ((ئەو زانستەیە، بەشێوەیەکی زانستی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو یاسا و بنەما و ئەگەرانەی، کە

دیاردەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە.)) (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٠: ١٠) ئەم پێناسانە ئەوە دەردەخەن، کە زانستی کۆمەڵناسی توێژینەوەیە لە کۆمەڵگە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕابردوو ئێستاشدا، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا لەسەر بنەمای وەسفکاری، ڕاڤەکاری، تا بتوانن لە ڕێگەیەوە پێشبینی بۆ داهاتووش بکەن.

### تەوەری سێیەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر لە کلاوڕۆژنەی ڕەخنەوە بڕوانینە سەرجەم بوارەکانی ژیان، بەتایبەتی بوارەکانی مەعریفە و ڕۆشنبیری و ئەدەب ...هتد، تێبینی ئەوە دەکەین. هەموو کار و چالاکییەکی مرۆڤ، بەدیاریکراویش چالاکییە هزری و بەرهەمە فیکرییەکان هەردەم پێویستی بەجۆرێک لە تێڕوانین و تێفکرین و وردبوونەوە هەیە، بۆ هەڵسەنگاندن و ڕانان و دەسنیشانکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کارەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکان. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، بەپێی ئارەزوو و هەستی ناڕەوا و خۆپەرستی، شت بسەلمێنرێت و ڕەتبکرێتەوە، چونکە هەر بیر دەتوانێت ئەم بڕیارە بدات و خەڵکیش دەبێت بەپێی گونجان بەناوی بیری تێکڕای مرۆڤایەتییەوە ئەمە بکەن. وشەی من ئەمەم بەدڵە، من ئەمەم بەدڵ نییە دەتوانرێت دەربارەی خواردن، گیانداران، شتە مادیییەکان... بگوترێت، بەڵام کاتێک دەربارەی مێژوو، زانیاری، هونەر و لەم جۆرە شتانە قسەبکرێت، وەها هەموو وشەیەکی من، کە بەبێ ڕوونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە بەپێی ڕای خۆی بێت، بە گونجاو نازانرێت. هەر بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، کە ((ڕەخنە ئەوەیە، کە لە کارێکی تایبەتیدا، مرۆڤ بۆ یاسای گشتی بیر و هۆش بدۆزێتەوە، کە بەو هۆیەوە بتوانرێت، پلەی پێوەندی ئەو کارە تایبەتییە دەربخرێت، هەروەک چۆن دیاردە هەیە، کە بەتەواوی گشتی لە تایبەتدا دەردەخات و دیاردە هەیە، کە کەمێک لە ئەمە پیشان دەدات و وە دیاردەش هەیە، کە هەر خۆی پیشاندەدات، کە گوایە ئەم دووانە یەک دەخات و لە ڕاستیشدا بە تەواوی لێیەوە دوورە، هەر بەم جۆرەش، ڕەخنە هەیە، نەک کەموکوڕی دەردەخات و بەشان و باڵدا هەڵدەدات و تانە دەدات، بەڵکو هەر تەنها پەسەندی و مەدح دەکات و هیچی تر.)) (بیلینسکی، ٢٠٢٠: ٢٥)

زۆر کەس ساتیر و بوختان و نووسراوی بێ بنەماش هەر بە ڕەخنە دادەنێن، پتر لەمەش لەناو کۆمەڵانی ناوەندی مقۆمقۆ، دووزمانی و زمان بەدیش، هەر بەڕەخنە ناودەبەن. ئەگەر بەم جۆرە لە ڕەخنە بگەین، ئەوە وەک ئەوە وایە، کە دادگا هەر بەهۆی تاوانبارکردن و سزادانەوە بناسینەوە و ئەوەمان لەبیر بچێتەوە، کە بێ تاوانان ئازاد دەکات و هەق و داد دەپارێزێت.

لە لایەکی ترەوە ((میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەب بەکۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، واتە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییانە دەدات، کە ئەدەب بە کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە. لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە ئەدەب بەرهەمی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەیەتی. واتە کاتێک ئەدیب دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە، ئەوە هەوڵدەدات، ئەدەبەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کەتێیدا دەژێت.)) (قادر، ٢٠١١: ٦٤)

لە دید و تێڕوانینی هەڵگرانی بیری ئەم میتۆدەوە ئەدەب و کۆمەڵگە لەیەک دابڕاو نین و بەردەوام کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکتردا. لەبەرئەوە ((ئەدەب بەکۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە و هەوڵی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان دەدات و سەرئەنجام ئەدەب بەزادەی کۆمەڵگاو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت، کە، وابەستەی کۆمەڵگایە، هەروەها پێشکەوتنی ئەدەب بەپێشکەوتنی کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە و بەپێچەوانەشەوە دواکەوتنی ئەدەب، بەدواکەوتنی کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە. نووسەرانی سەر بەم میتۆدە بڕوایان وایە بەهەموو شێوەیەک ئەدەب لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگادایە.)) (محمد& مستەفا، ٢٠١٩: ٢٩١)، بۆیە دەکرێت بڵێین هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی بەبێ هیچ پێشینەیەک دروست نەبووە، بەڵکو باکگراوندی مەعریفی و مێژوویی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە ((میتۆدی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە میتۆدە بنچینەییەکانی توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت. دەتوانین بڵێین ئەم میتۆدە لەباوەشی میتۆدی مێژووییەوە لەدایکبووە و لێیەوە دەرچووە. یەکەم دەرچوونەکانی خۆشی لەوەوە هەڵبژاردووە. بە تایبەتیش لەلایەن ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرانەی، کە بیرۆکەی مێژوویەتی ئەدەب و پەیوەست بوونی بەفراژی کۆمەڵگا جیاوازەکان و گۆڕانکارییەکانیان بەپێی جیاوازی ژینگەو بارودۆخ، سەردەمەکانیان گرتەخۆ.)) (فضل، ٢٠١٦: ٤٣) بۆیە لەهەناوی، ڕێڕەوی مێژووییەوە، پێوەر و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان سنوور و چوارچێوەی وەرگرت. لەبەرئەوە ((یەکێ لە پێوەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لای میللەتان، چی لەبواری تیۆریدا بووبێت، یان لەبواری پراکتیکدا پێوەری کۆمەڵایەتی بووە، واتە ئەو چەشنە ڕەخنەیەی، کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، لە دەقی ڕوانیوە و بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەهای دەقی ئەدەبی دیاری کردووە.)) (بەرزنجی، ٢٠٢١: ١٣٠) دیارە ئەم چەشنە پێوەرانەش زادە و لێکەوتەی ئەو تێڕوانینە بوو، کە ئەدەب دەبێ ئەرکی کۆمەڵایەتی ببینێ و لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵدا بێت و ئەدەب بۆ کۆمەڵە، وەک ئاشکراشە زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردیشمان لە ڕوانگەی هەمان چەمکەوە لەدەقی ئەدەب بەگشتی و دەقی شیعرییان بەتایبەتی ڕوانیوە. هەر بۆیە پێوەری کۆمەڵایەتی بووەتە یەکێ لە پێوەرە دیارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیمان لە بواری پراکتیکدا. پوختەیەک گەڵاڵە دەبێت، وەک کارنامەو بنەمای کارکردن، دەتوانین بڵێین: (میتۆد) لە ڕوانگەی تایبەتمەندیی بوارەکانی زانست و

مەعریفەوە، سەرنج دەدەین چەمکی میتۆد لەبواری ڕەخنەی ئەدەبییدا، ناولێنانێکی تایبەتیتر وەردەگرێت و دەبێتە (میتۆدی ڕەخنەیی)، وەک: ناساندنیش، پێناسەی دیاریکراوی خۆی دەبێت، لێرەوە بەدەربڕینی جیاواز میتۆدی ڕەخنەیی پێناسەکراوە: د. حسێن خەمری لەمیانەی باسکردنی میتۆدی ڕەخنەییدا، دەڵێت: ((میتۆد، واتا چەند کەرەستەیەکی ڕەخنەیی و چەند قۆناغ و ئاستێکی کردارەکی...)) (ڕەشید، ٢٠١٨: ١١) هاوکات میتۆدی کۆمەڵایەتی، ((هەوڵدەدات، هەموو ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەبووە دەربخات)) (مەنتک، ٢٠١٨: ٦٧)

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) ئەم میتۆدە ناو دەنێت (سۆسیۆلۆجیای ئەدەب) و بەم شێوەیە باسی دەکات: ((ئەو زانستەیە، کە لە پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەک: دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت، بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی)) (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٥٧)

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەیەکە ((پێوەندی نێوان کاری هونەری و ئەدەبی و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا سەرچاوەی گرتووە، سازدەکات. دەتوانین بڵێین ڕەخنەیەکە بەنزیکەیی پێوەندی بەزانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە، کە مرۆڤ فێردەکات وەک: مرۆڤێک توێژینەوەی تێدا بکات، وەک: فەلسەفە، مێژوو، دەروونناسی و ...هتد.)) (العبدي، ٢٠١١: ٣)

گرنگترین خەسڵەتەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:

١- پێوەندییەکی بەهێزی بە فەلسەفەی ئێستاتیکای کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وەک یەکێک لە کاریگەرییە گرنگەکانی سەر مرۆڤ.

٢- پەیوەستە بەزانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، کاریگەری ئەو زانستەی زۆر بەڕوونی پێوە دیارەو لەسەری ڕەنگیداوەتەوە.

٣- پێوەندی و نزیکایەتی لەگەڵ سۆسیۆلۆجیا هەیە، ئەنجامی پێوەندی هونەری و ئەدەبی، بەواقیعی کۆمەڵایەتییەوەیە، سیمای مێژوویی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەدیارە.

لەبەر ئەوە لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، (پییەر زیما) کتێبی (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) بڵاوکردەوە، لەو کتێبەدا ((بانگەشەی میتۆدێکی تازەی دەکرد بەناوی (سۆسیۆلۆجیای دەقی ئەدەبی) بۆ ئەمەش سودی زۆری لە میتۆدەکانی تر وەرگرتبوو هەروەک (سید البحراوی) دەڵێت: لە تیۆرەکانی (سیمۆلۆژی، بونیادگەری، شیکاری دەروونی و تیۆرەکانی خوێندنەوە... هتد) لە ڕێگەی ئەم تیۆرانەوە هەوڵ و کۆششی دا و گەیشتە ئەوەی چۆن مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئاستی (دەلالاتی واتایی، پێکهاتە و

گێڕانەوە لەدەقدا، بەرجەستە دەبن، هەروەها چۆن سیما ئایدۆلۆژییەکانیش تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەم نێوەنـدەدا تـوانی بگاتـە ئـەوەی، کـە چـۆن سۆسـیۆلۆجیای ژانـرە ئەدەبییـە جیاوازەکـان لەدایکدەبن، تاکو دەگاتە سۆسیۆلۆجیای شـانۆ، سۆسـیۆلۆجیای دەقی شـیعری، سۆسـیۆلۆجیای ڕۆمان... هتد.)) (زیما، ١٩٩١: ٥٥)

بەم شێوەیە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا، ((لەزاتی خۆیدا لە کۆمەڵگایەکی بچووک پێکدێت، کە لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەی واقیعیدا دەژیت، دەقی ئـەدەبیش بەرهـەمی ئەم کۆمـەڵگا بچووکەیـە، کە لەدیوی ژوورەوەی مرۆڤدا بوونی هەیە، بچووککراوەی کۆمـەڵگا گـەورەو واقیعیەکەیـە، هـەر لەبـەر ئەوەشـە، کـە دەقـی ئـەدەبی دەبێتـە تـابلۆی بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکان، مـەدلوول و پەیامەکانی کۆمەڵگای لە خۆیدا کۆکردووەتەوە.)) (مەلازادە، ٢٠٢١: ٢٤٣)

لەمەوە سیانەیەک دروستدەبێت، (دەق، خوێنـەر، ڕەخنـە) لەبـەر ئـەوە ڕەخنـە ((پردی پێوەندی نێوان بەرهەمی ئـەدەبی و خوێنـەرە، تـا لایەنـە نادیارەکانی ڕوونبکاتـەوە، ئـەو پردی پێوەندییـە، بریتییە لەکردنـەوەی ئـەو کۆدانـە، بۆ ئـەوەی خوێنـەری دەقێک دەقەکە وەک کۆمـەڵێک ڕەمـزی وەسـەریەکنراو تێنـەگات. شـتێکی بەڵگـە نەویستیشـە، کـە کردنـەوەی ئـەو کۆدانـە هـەروا بەهەڕەمـەکی نابێـت، بەڵکـو پێویسـتی بەلێکدانەوەیـەکی لـۆژیکی هەیـە و لەم زەمینەیەدایـە، کـە دەتوانێت سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات.)) (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٧: ١٥)

ڕەخنەی ئەدەبی وێڕای ئەوەی جۆرێک لە شوناس دێنێتە ئاراوە، لە خۆیـدا خـاوەنی چەشـنێک هزری مرۆڤانەشـە، کە لە دەلاقـەی ڕوانینییەوە ((بە شـێوەیەکی چالاکانـە، بەردەنگ لەناسـیاری هاوچەرخ دەگەیەنێ، کەوابوو خۆیابوونی ناسـیاری سـەردەم، بـەبێ بـەهرە وەرگرتن لە ڕەخنـە، نایەتە بەرهەم. ڕەخنەی ئەدەبی کردەیەکی هۆشیارانەیە بەرانبەر بەدەق و ڕەخنەگر، بـەزەینێکی بەرفراوانترەوە، ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە کۆمـەڵگای ئـەدەبی، بـەر لەهـەموو شـتێک بـۆ گەیشـتن بەلووتکـەی ئەندێشـە، پێویسـتە بەچەشـنێک ڕەخنـە بڕوایـی بگـات. کاتێکیش ئەم پێشـکارییە ــ نـەک سـەدا سـەدــ مسـۆگەر بوو، بێگومـان دەق، بـەرە بـەرە لایـەنی جۆراوجۆری خۆی، بەهێزتر پێشانی خوێنەر دەدات.)) (جاسم، ٢٠١٦: ٩٨)

دەقی ئەدەبی لایەنی جۆراوجۆری هەیە و ڕەنگە لە ڕواڵەتدا درەنگتر وەبەرچاو بێت، یان هـەر نەیات، بەڵام کاتێک ڕاڤەی لەسـەرکرا، ئەو لایەنانـە هـەرکام بەشـێوەیەکی ئاشکرا خـۆ دەنوێنن. دەکرێت بگوترێت ئەوە ڕەخنەیە، کە تیشک دەخاتە سەر گشتییەتی دەق و لەو ڕەهەندەوە تیـۆر دەئـــەفرێنێت، وەک ئاشــکرایە هــیچ کردەیـــەکیش بــەبێ تیــۆر ناگونجێــت. تیــۆر لە بنەڕەتــدا هەڵقووڵاوی جیهـانی ڕەخنەیـە و ڕەخنـەش خـۆی زانسـتێکە، کـە فەلسـەفەی بەرهـەمهاتنی دەقـی ئەدەبیمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. ((ڕەخنەگریش وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی حەتمەن بارگاوییە

بەکۆمەڵێک بیروبۆچوون، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئەدەب وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و نووسەریش وەک تاکێکی ئەو دەزگایە دەربڕینەکانی زیاتر لەسنووری کۆمەڵگەدایە و دەبینین زۆربەی مەبەستەکانی پەیوەستن بەباتە کۆمەڵایەتییەکانی دابونەریت و ئاکار... تاد. تەنانەت زۆر جار، کە باس لەدەرکەوتنی ژانرێکی نوێ یان شێوەیەکی هونەری نوێ دەکرێت دیسانەوە دەیگێڕنەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و وێنەی کۆمەڵ.)) (ساڵح، ٢٠١٢: ٣٥) لێرەدا میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ((خۆی بەیان دەکات و لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بوون و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە نووسەر و دەقی ئەدەبی دەدوێت و هەر لەم سۆنگەیەشەوە کاری ڕەخنەیی بەرنامە ڕێژکردووە.)) (مەلازادە، ٢٠٢١: ٢٤٤)

کەواتە ئەم میتۆدە مامەڵە لەگەڵ دیوە کۆمەڵایەتییەکەی دەقدا دەکات و کاریگەریی نێوان نووسەر و کۆمەڵگە دیاری دەکات.

# بەشی دووەم

## خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

## بەشی دووەم

## خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

چەمکی خۆشەویستی فرەڕەهەندە و زۆر لایەن دەگریتەوە، ئەرکی ئەدەب بریتییە لە گواستنەوەی بیر، هەست و سۆزەکانی مرۆڤ، هەروەها ئەدیبیش وەک ئافرێنەری دەقی ئەدەبی هیچ کات دابڕاو نەبووە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەمیشە ئەو ژینگەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتیی نووسەر هەبووە؛ کە تێیدا لەدایک بووە. لێرەوە پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسی وەک دوو زانست دروست دەبێت. لەم سۆنگەیەوە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگدەدەنەوە، (لەتیف هەڵمەت) وەک شاعیرێک شیعرەکانی هەرچەندە لەناو بازنەی بابەتە خودییەکانی وەک خۆشەویستیدا دەسووڕێنەوە، بەڵام بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستی کردووەتەوە و ڕوانینێکی کۆمەڵناسییانەی بۆی هەبووە. هەر بۆیە ئەدەبی پەیوەستی ژیان و واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی کردووە.

## چەمکی خۆشەویستی

خۆشەویستی چەمکێکی گشتگیرە و بە تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤەوە، بەڵکو لای بوونەوەران بە گشتی دەبینرێت، بۆ نموونە وەک خۆشەویستیی نێوان باڵندە، ئاژەڵ و تەنانەت دار و درەختەکانیش بوونی هەیە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە ئاوڕ لە خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکان دەداتەوە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی پێداویستیی کۆمەڵناسییانە و تەواوکاریی کۆمەڵایەتییەوە تەماشای ئەم چەمکە دەکات، چونکە خۆشەویستی بەشێکی گرنگی ژیانە و لە ڕەفتار، بیر و هزری تاکەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. وەک چۆن لایەنی ماددی بەشێکی زۆری پێداویستی مرۆڤ و ژیان پڕ دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش خۆشەویستی ئەو ڕۆڵەی هەیە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی ڕووحی و مەعنەوییەوە، ئەگەر خۆشەویستی لەلای تاک و ژیان و کۆمەڵگە جیا بکەیتەوە، ئەوە یەکەم هەنگاوی لێسەندنەوەی ڕووحە، لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگە وەک ماددە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ((خۆشەویستی بریتییە لە کۆمەڵێک هەمەجۆری هەستی جوان و پۆزەتیف، یان حاڵەتی سۆزداری و عەقڵی، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسەکە و ڕەنگدانەوەی لەبەرانبەردا دەبێت، ئەم هەستانەش لەسۆنگەی ئاکارێکی باڵاوە سەرچاوە دەگرن.)) (ڕەئوف، ٢٠٢١: ٢٠١) ڕەنگدانەوەی ئەم بەها باڵایانە لەسەر دوو کەسە (ئەم) لەگەڵ (ئەو)دا، یان (من) و (تۆ) پاشانیش ڕەنگدانەوەی بەسەر چوار دەوردا دەبێت. دەکرێت بڵێین ڕەنگدانەوەیەکی زۆر باڵا و ئەرێنییە، چونکە ((خۆشەویستی بە مانای هۆگری و پابەندبوونی ئارەزوومەندانەی دوو بەرانبەرە، کە ڕەهەندی ناچارکردنی لە خەفەکردندا ڕەتدەکاتەوە، لە لایەک بڕوای بە ئازادی هەیە، بەڵام ئازادییەک ناخوازێت، کە بەرپرسیارێتی هاوشانی نەبێت، لەلایەکی ترەوە خۆشەویستی بە بڕیارێکی ویژدانی و ئەخلاقی دەستپێ دەکات، بەرەو توندوتیژی و دەمارگیری هەنگاو هەڵناگرێت.)) (ناودەشتی، ٢٠٠٤: ٦٥) لەبەر ئەوەی یەکبوون و یەکانگیری تیایە بۆیە پێچەوانەی پەرتبوون و دەمارگیرییە، لای (ئەریک فرۆم) خۆشەویستی خەمڵاو و پێگەیشتوو ئەو یەکبوونەیە، کە مەرجی پاراستنی خەمڵان و کامڵبوون و یەکانەکی مرۆڤی لەگەڵدایە.

خۆشەویستی هێزیکی چالاکە لە مرۆڤدا، هێزێکە ئەو دیوار و لەمپەرانە گەمارۆ دەدا، کە مرۆڤ لە هاوڕێکانی جیادەکەنەوە، ئەو هێزەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دیکەدا یەک پێدەگرێت، خۆشەویستی وای لێدەکات، کە بەسەر هەستکردن بە دابڕان و جوداییدا زاڵ ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەت دەدا، کە خۆی دروستبکات، خەملان و پێگەیشتنی خۆی بپارێزێ. لە خۆشەویستیدا جوودابوون ڕوو دەدات، دوو کەس دەبنە یەک کەس لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە دووانی دەمێننەوە، چونکە ((خۆشەویستیش ڕێگایەکی دیکەیە بۆ زانینی (نهێنی). خۆشەویستی کارێکی چالاکانەی چوونە ناو ناخی کەسێکی دیکەیە، کە لە میانیدا یەکبوون ئارەزووی من بۆ ناسینی ئەو خامۆش دەکات. من لە پرۆسەی ئاوێتە بووندا تۆ دەناسم، خۆم دەناسم، هەموو مرۆڤێک دەناسم و هیچ نازانم.)) (فرۆم، ٢٠٢١: ٥٣)

ئەفلاتوون دەڵێت: ((خۆشەویستی بریتییە لە چێژوەرگرتن لە جوانی بەو پێیەی، کە جوانی حەقیقەتی باڵایە و ئێمە بەهۆی پێزانینمان لەشتە جوانەکان دەگەینە حاڵەتی تواندنەوە و ئاوێتەبوونی قەوارەمان لەنێو ئەو حەقیقەتە باڵا و گشتگیرەدا. تاڕادەیەک یەکگرتنی تەواوەتی لەگەڵدایە چونکە لای ئەفلاتۆن خۆشەویستی بریتییە لە بەرزبوونەوە لە پلەکانی خوار زیندەوەری بۆ پلەی زیندەوەری مرۆڤ کاتێک خۆشەویستی دەکات.)) (کۆمەڵێک توێژەر، ٢٠١٢: ٨) هەروەها وای بۆ دەچێت، کە لە حاڵەتی هەست و نەستی بەرانبەردا دەژێت، توانای خۆشەویستی کەسانی تر بە مانای ڕێزگرتنی ئەرێنییانە بەندە بە گونجاندنی نێوان چەمکی خود لە لایەک و شارەزایی، کە دەتوانێت بە شێوازێکی گونجاو ئەزموونەکانی خۆی لە کەسی بەرانبەر تێبگەیەنێت. ناکرێت خۆشەویستی ڕاستەقینە بە هیچ بەهایەک بپێورێت. هەروەها ((خۆشەویستی وەک پێوەندییەکی دیالێکتیکی دوولایەن (عاشق و مەعشوق) پێش هەموو شتێک هاوئاهەنگی و تەباییەکی ڕۆحی وەهای پێویستە، کە هەردووکیان دواتر وەڵامی خۆیان لەسەر ئەو بونیادە بۆ یەکتر دووپاتبکەنەوە، ڕاستگۆیی وەک بەهایەکی گرنگی ئەم پرۆسەیە ڕۆڵێکی ستراتیجی هەیە لەم پێوەندییە دیالێکتیکییەدا.)) (عوسمان، ١٩٩٨: ٤٠) ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیی وەک بەهایەکی شکۆدار، دەبێت عاشقەکان پابەندبن پێوەی و بەهۆیەوە مەرامە دێرینەکانی بەرزە منی پێ بهێننەدی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ساتەوەختی لە دەسدانی ڕاستگۆیەتی لە لایەنێکی ئەم پرۆسەیەدا ساتەوەختی لێکترازانی ئەو پێوەندییە دیالێکتیکییەیە و دروستبوونی نا هاوسەنگییەکی ڕۆحی وەهایە، کە هەرگیز خۆشەویستی پێ ناپێورێت.

(ئەریک فرۆم) چەند ڕەگەزێکی تری خۆشەویستی دیاریدەکات ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە: (چاودێری، بەرپرسیارێتی، ڕێز و ناسین) گرتنەخۆی چاودێری لە لایەن خۆشەویستییەوە بە ڕوونی لەوەدا بەدیار دەکەوێت، ئەگەر ژنێک بڵێ من گوڵەکانم خۆشدەوێت و لە بیری بچێت ئاویان بدات، ئەوە باوەڕی پێ ناکەین، کە گوایە (گوڵەکان)ی خۆش دەوێت. خۆشەویستی بریتییە لە گرنگیپێدانێکی چالاکانە بە ژیان و گەشەی ئەو شتەی، کە خۆشمان دەوێت. هەر کاتێکیش ئەو گرنگیپێدانە ڕووی لە کەمیکرد، ئەوە خۆشەویستیش نامێنێت. چاودێریی و بایەخپێدان لایەنێکی دیکەی خۆشەویستی لەخۆدەگرن، ئەویش هەستکردنە بە (بەرپرسیارێتی)، کە ئەمرۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە زۆر باردا ئاماژەیە بۆ (ئەرک)، ئاماژەیە بۆ شتێکی لە

دەرەوە سەپێنراو بەسەر مرۆڤدا، بەڵام واتای ڕاستەقینەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بریتییە لە کردەیەکی تەواو ویستەنی، بریتییە لە وەڵامدانەوەی (من) بۆ پێداویستییەکانی مرۆڤێکی دیکە، جا ئەو مرۆڤە گوزارشتی لەو پێداویستییانە کردبێت، یان نا. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی واتای هەبوونی توانا و ئامادەیی دەبەخشی بۆ (وەڵامدانەوە). توخمێکی تری خۆشەویستی بریتییە لە (ڕێزگرتن) و ئەگەر بوونی نەبێت ئەوە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بە ئاسانی شکست دەخوات و دەبێتە هەژموون و دەستبەسەرداگرتن و خاوەنداریێتی. مەبەست لە ڕێزگرتنیش بریتی نییە لە ترس و تۆقین، بەڵکو بریتییە لە بە چاو و بە دڵ بینینی کەسێکی دیکە وەک ئەوەی کە هەیە، بریتییە لە ناسین و تێگەیشتن لەیەکیەتی و یەکانەکییە بێ هاوتاکەی. ڕێزگرتن واتای بایەخدانە بە گەشەکردن و پێگەیشتنی کەسێکی دیکە وەک ئەوەی کە هەیە. بەم جۆرەیش ((ڕێزگرتن بوونی هەموو جۆرە پێوەندکردن و ژێردەستییەک ناگرێتە خۆی. واتای ئەوەیە کە من دەمەوێت کەسی خۆشەویست لە خۆوە و بە شێوازی خۆی گەشە و شکۆفە بکات، نەک بەمەبەستی خزمەتکردنم. ئەگەر یەکێکم خۆشویست، وا هەست دەکەم لە گەڵیدا بوومەتە یەک کەس وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی کە پێویستیم بەو هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێک بۆ سوودمەندبوون و جێبەجێکردنی خواستەکانم. ڕێزگرتن تەنیا لەسەر پایەی ئازادی و سەربەخۆیی بینا دەکرێت، هەروەک پەندێکی دێرینی فەرەنسی هەیە دەڵێت: خۆشەویستی کۆرپەی ئازادی و سەربەخۆییە، هەرگیز کۆرپەی دەسەڵات و هەژموون نییە.)) (فرۆم، ٢٠٢١: ٥٠)

(شیلەر) گوتوویەتی (ئەوە برسێتی و خۆشەویستییە جیهان بەڕێوە دەبەن.) تیۆرێک هەیە دەڵێت: ئەو منداڵەی، کە لە باوەشی دایک و باوکێکی نایەگرتوو، بێ پێوەندیی لە هەستەکانیاندا پەروەردە دەبێت، ئەوە پەروەردەکەی ناتەواو دەبێت و ڕێگەی نادات بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێویستییەکانی ژیان. ((خۆشەویستی لەسروشتی مرۆڤدا بناغەیەکی پتەوی هەیە و لە ڕێگای کۆمەڵگە و پەروەردەوە دەتوانرێت گەشەی پێ بکرێت، یان بپووکێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی هەندێک بابەتەکە ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە، کە خۆشەویستی نازانرێ لە چ تەمەنێکەوە ئاڕاستە دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی بابەتییانە(موضوعی) وەک چرایەک وایە بۆ ڕووناککردنەوەی تاریکاییەکانی ژیانی مرۆڤ)) (نووری، ٢٠٠٤: ١٣٨)، بەڵکو لەوەش زیاتر ((خۆشەویستی لەپێش هەموو شتێکەوە دەربڕینێکە دەربارەی تەنهایی پڕ ئازارمان و تێکشکاندنی خۆ خواردنەوەی ناخی نووستووی هەر یەکێکمان و سەرکەوتنێکە بەسەر خۆپەرستیدا، ئەمەشە هۆی ئەو موچڕکە پیرۆزەی، کە دەست بەسەر دڵی مرۆڤدا دەگرێت، لە کاتی یەکەم بەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەو خودە نەناسراوەدا و بە هۆیەوە لە ژێر چنگی خۆپەرستی ڕزگاری دەکات و دەبێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی ڕەگ و ڕیشەی هەبوونی بێ ئاگامان و لە ناخەوە لەگەڵ چەند هەستێکی جیاوازتر لە (دڵەخورپێ، ترس و خۆشەویستی) (ساڵەیی، ٢٠٠٧: ٦)

خۆشەویستی هیچی لەوە کەمتر نییە، کە وەک برسیبوون و تینووبوون دەبێتە پێداویستی بایۆلۆژی و لەش داوای دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی بوونێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە وەکو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنها خۆشەویستی غەریزەیی (سێکسی) نەبێت لە دەرەوەی

هۆشیاری مرۆڤدا کاردەکات، چونکە دوای تێربوونی ئەم غەریزەیە کۆتایی بەزۆر شت دێت لە ئاڵوگۆڕی پێوەندییە خۆشەویستییەکان. ئەگەر بە چاوی سایکۆلۆژیانە لە خۆشەویستی بڕوانین دەبینین خۆشەویستی دەرئەنجامێکە بۆ زیاتر لە چەند پێداویستییەک، وەک:
یەکەم: پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان
دووەم: پێداویستییە دەروونییەکان
سێیەم: پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان
هەر یەکێک لەم پێداویستییانە پایەیەکی گرنگی دروستبوونی پەیکەری خۆشەویستین و وا دەکەن مرۆڤ بەوپەڕی چالاکییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە مرۆڤ بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەشداری پرۆسەی خۆشەویستی دەکات، وەک:
یەکەم: جەستەیی (تێرکردنی غەریزە سێکسییەکان)
دووەم: دەروونی (ئارامبوونەوەی ناخ و پڕبوونەوەی سۆز)
سێیەم: کۆمەڵایەتی (لەڕێگەی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە و هەستکردن بەوجودی خود...)
چوارەم: ژیریی (چێژبینین، بە واتای ناسین و مامەڵەکردنی بارەکانی پێشووتر لە ژێر کۆنترۆڵی عەقڵدا.) (عاقل، ١٩٥٧: ٢٧٣)
هەر لێرەشەوە خۆشەویستی یەکێکە لە ڕێگەکانی چوونەناو ناخی مرۆڤ و خۆناسین و دیاریکردنی کەسێتی مرۆڤ. لەم بارەیەوە (پیتەر فلێشەر) دەڵێت: (گەڕان بەدوای خۆشەویستی گەڕانە بەدوای زانینی کەسێتییەوە، ئارەزوومان لە خۆشەویستی بریتییە لە ئارەزوومان لە دانپێدانان بە خودی خۆماندا لە پێناوی ئەوەی کە ئێمە کێین؟ نەک چی دەکەین؟) فرۆید کاتێک یەکەمین پەرتووکی خۆی بە هاوکاری (برۆیەر) لەسەر نەخۆشیی هیستریا دەرکرد و گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە ((هەموو نەخۆشییە هیستریاکان دەگەڕێنەوە بۆ "نەخۆشیی خۆشەویستی- love sick" کە بەهۆی دابڕان لە خۆشەویستی، یان دووبارەبوونەوەی ئەو دابڕانە، یاخود سەرکەوتوو نەبوون لە پاراستنی کۆمەڵێک پێوەندی پێشوو، کە ئەو پێوەندییەش سۆزدارییە. فرۆید باش درکی بەوە کردبوو، کە دابڕان لەشتەکان یاخود نەگەیشتن بەوشتانەی، کە خۆشمان دەوێن و دەچنە پلەی پیرۆزبوونەوە لامان، بەهۆی دووریی ئەو شتەوە لێمان، هەروەها ئەو شتەش خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر بێت و مایەی بەتاڵبوونەوەی ڕەمەک و خەونەکانیش بێت، بەتایبەت ڕەمەکی مەرگدۆستی و ژیاندۆستی.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٢٤٨) ئەوا مرۆڤ بە تایبەتیش شاعیر هەر دەبێت ئەوەی لێ چاوە+ڕوان بکرێت، کە شێتانە بکەوێتە لاواندنەوە و لالانەوە بۆ خۆشەویستەکەی، بەجۆرێک شاعیر خۆی ئازاد بکات لەوەی بەزاریدا دێت، شێتانە شت بڵێت و ڕەمەکەکانی لەودیو مەرگی (من) و (منی باڵا)وە بەرەڵا بکات. بۆیە ئەم جۆرە لە خۆشەویستی، کە شاعیر هەموو خەیاڵی لای ئەوەیە بە خۆشەویستەکەی بگات و سەرنجی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.
خۆشەویستی دەبێت ئەزموون بکرێت؛ نابێت تەنیا لەبەر باس بێت و بنووسرێتەوە، چونکە ((ئەوەندەی سلوک و کارە ئەوەندە تیۆری نییە، ئەگەر وەها عیشق و خۆشەویستی بناسین ئەوە سەروبەندمان لەگەڵ چەمک و دیاردەیەکی مێژوویی کردووە، ئەگەرنا ئەوە کاری عیشق

و خۆشەویستی نییە، دەبێت خۆشەویستی بێتە ناومانەوە و ئەزموون بکرێت، ئەوجا لە سلوکی عاشقانەوە خۆشەویستی بناسرێت و ئینجا بێتە بەرباس و ئاخاوتن، ئەگەر وامان نەکرد نەک هەر هەڵەیەکی زۆر گەورە و نادروستمان کردووە، بەڵکو بێمانا‌ترین شت ئەوەیە، کە هیچ شوناسێک نایگرێتەوە، ئەوەیە بێین لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە خۆشەویستی بناسین و میانەی لەگەڵ خۆش بکەین)) (ساڵەیی، ٢٠٠٩: ٧) هەروەها سیفەتی خۆشەویستیش لە هەر کەسێکدا ڕەنگی دایەوە و بوو بە ڕەفتار تێیدا، ڕووحییەتی خۆ بەتاک و یەک زانین دەکوژێت و دەیسرێتەوە.

خۆشەویستی بەتەواوی جۆرە جیاوازییەکانییەوە، بنچینەی پێوەندییە کەسییەکانە لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەهۆی گرنگی و بایەخی لە ڕووی دەروونییەوە، ((یەکێکە لەو بابەتانەی، کە ئاستی باشی لە داهێناندا هەیە، مەبەستی سەرەکیش لە خۆشەویستی، یان کارنامەی خۆشەویستی، یان تێلیۆلۆژی خۆشەویستی، پاراستنی جۆرییەتی مرۆڤایەتییە لە ڕێگەی هاوکاریکردنی یەکترەوە، لە دژی تەنگ و چەڵەمەکان و مەترسییەکان و پاراستنی بەردەوامی لەسەر ئەم جۆرایەتییانە، بۆیە خۆشەویستی لە هەموو سەردەمەکاندا بووەتە یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ و بە هیچ شێوازێک ناتوانێت لێی داببڕێت و بەردەوام پێویستی پێیەتی، لە پێناو درێژەدان بە ژیان.)) (ڕەئوف، ٢٠٢١: ٢٠٢) لەبەر ئەوەیە خۆشەویستی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە و هیچ پێناسەیەکیش لە پێناسەکانی تر ناچێت، (شیرهایت) وتەنی: ((زمانێک نییە وەسفی هەڵچوونە قووڵەکانی پێبکەین، نووسینیش لەمەڕ خۆشەویستی ئەوپەڕی سەختە، دەتوانین بڵێین خۆشەویستی دوولایەنە پەیوەستت دەکاتەوە بەوی تر و بەرامبەر، ئەویش ئەوەیە، کە خۆشەویستی دوو وێنە یان دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ئەو وێنەیەی ناو مێشکی خەڵکییە، کە سەبارەت بە خۆشەویستی هەڵیانگرتووە و زۆربەی جار ئەو وێنەیە تێکەڵ و ئاوێتەیە بە ڕۆمانسییەت و سۆز و عاتیفە، وەک ئەو شێوازەی، کە ڕۆمان و گۆرانی و شیعر و چیرۆکەکان دەیانخەنە ڕوو. دووەمیش ئەو وێنە حەقیقییە هاوژینییەی خۆشەویستییەیە، کە لە ڕۆژی دەستپێکردنی هاوسەرێتییەوە پەیدا دەبێت و دێتە ئاراوە و لە دوای هاوسەرێتییەوە ناکۆکی و نائومێدی دەبێتە دەستمایە و کاتێک مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت، وێنە خەیاڵییەکەی ناو مێشکی لە زۆر گۆشە و لایەنەوە لەوێنە واقیعییەکە جیاوازە و لەگەڵیدا نایاتەوە، کە لە ئاکامدا بە جیابوونەوە کۆتایی بەهاوسەرێتی دەهێنێت.)) (صالح، ٢٠٠١: ٨) زانا کۆمەڵناسەکان بە شێوەیەکی وردتر و کەمێک قووڵتر توێژینەوەیان لەسەر ناجۆری خۆشەویستی سۆزداری ڕووکەشانە کردووە، باسیان لە گرنگی و سوودەکانی خۆشەویستی کردووە، کە چی شتێکی بە بایەخ پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات. ((یەکێک لە خەسڵەتە جەوهەرییەکان لەو خاڵەدا شاراوە و پەنهانە، کە خۆشەویستی عاتیفی، گرنگی و بەهایەکی باڵای هەیە بۆ کۆمەڵ و یارمەتی بووک و زاوا دەدات، کە لە سەرەتای هاوسەرێتیدا چاوپۆشی لە هەڵە و کەموکورتییەکانی یەکتر بکەن، ئەو ماوەیەی، کە هەردووکیان لە هەوڵی خۆگونجاندندان لەگەڵ بار و زروفە نوێیەکەدا بەتایبەتی لەگەڵ هەڵە و کەموکورتییەکاندا.)) (بۆکانی، ٢٠٠١: ٨)

دەبێت ئەوەش بڵێین، کە هەڵوێستی کۆمەڵگەکان لەمەڕ خۆشەویستییەوە پلەبەندە و جیاوازییان تێدا بەدیدەکرێت، دەتوانین پۆلێنیان بکەین بۆ سێ گرووپ:

گرووپی یەکەم: ئەو کۆمەڵگەیانەن، کە باوەڕیان بە خۆشەویستیی سۆزداری نییە و ئەو جۆرە خۆشەویستییە هیچ ڕۆڵێک لە پرۆسەی هاوژینیدا ناگێڕێت، وەک ((چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی چینی، لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی مانشۆ و گشت فەرمانڕەواکانی پێش مانشۆدا، کە پێیان وابووە، خۆشەویستی، خۆی لەخۆیدا کێشە و کارەساتە و نەخشە و پلانەکانی سەرانی خێزان و خێڵەکان لە هەردوو خێزانەکەدا (خێزانی کچ و خێزانی کوڕ) شکست پێدەهێنێت و بەلایانەوە خۆشەویستی، شایانی باس نییە، وەک بابەتێک نایاتە هەژمارکردن.)) (صالح، ٢٠٠١: ٢٢١)

گرووپی دووەم: لەوەیە کۆمەڵگەی هیندی بکەوێتە پلەی دووەم و دوای گرووپی یەکەمەوە، چونکە لە قۆناغی دەسگیرانداری و هاوژینیدا خۆشەویستی لەوپەڕی پلەدایە، لەو کاتەوە چەکەرە دەکات و دروستدەبێت. ((لە هیندستان تا ئەم سەردەمە نزیکانەش، بووک دەچووە ماڵی مێردەکەی و لە گەڵی دەژیا و هاوتەمەن بوون. هاوسەرێتی و ژن و مێردایەتی، تەنیا ئەوکاتە بەکردەوە ئەنجامدەدرا و کە هەردووکیان دەگەیشتنە قۆناغی باڵقبوون.)) (بۆکانی، ٢٠٠١: ٩)

گرووپی سێیەم: لەم کۆمەڵگایەدا خۆشەویستی سەری هەرەمەکەیە، هەر ژن و مێردێک بەخۆشەویستی هاوسەرگیرییان نەکردبێ، گومان و پرسیاریان لەسەرە ئەویش زیاتر کۆمەڵگاکانی (ئەمریکای باکوور) دەگرێتەوە. ((لەو کۆمەڵگایەدا خەڵک بەچاوی شک و گومانەوە، دەڕواننە ئەو هاوسەرێتی و ژن و مێردایەتییەی، کە بەبێ خۆشەویستی دروستبووە، ئەگەر بێت و هۆکارێکی ڕەوا و دروست نەبێت بۆ پێکهێنانی ئەو هاوسەرێتییە، وەک: بەساڵاچوون و تێپەڕینی تەمەن.)) (بۆکانی، ٢٠٠١: ٩)

کەواتە ئەم سێ گرووپە سێ ڕوانینی جیاوازییان بۆ چەمکی خۆشەویستی وەکو مەرجێک بۆ هاوسەرگیری هەیە و لە سێ گۆشەنیگای جیاوازەوە لە بابەتەکە دەڕوانن.

**ڕەنگدانەوەی چەمکی خۆشەویستی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا**

هەر مرۆڤێک بە شێوازی خۆی گوزارشت لە هەست و کاردانەوەی هەستەکانی دەکات، شاعیریش لە ڕێگەی شیعرەوە هەست و سۆز و بیرۆکەکانی دەردەبڕێت. بۆیە چەمکی خۆشەویستی لای شاعیران بایەخی پێ دراوە و هەر یەکەیان بە ئاراستەی تایبەتی خۆیدا ئەو هەستە دەردەبڕێت. (لەتیف هەڵمەت) وەک شاعیرێک ڕەهەندێکی کۆمەڵناسییانە بەو چەمکە دەبەخشێت و وێنەی هونەریی جۆراوجۆری لێ پێکدەهێنێت. خۆشەویستی لای ئەم شاعیرە لەبری ئەوەی ڕەهەندێکی دەروونی هەبێت و هەڵقووڵاوی حەز و ویست بێت، زیاتر ڕەهەندێکی دەروونیی کۆمەڵایەتیی ئەرکدارە و جەخت لە ڕیفۆرمێکی سروشتی دەکاتەوە، یان لەناو سنووری مرۆڤدۆستیدا خول دەخواتەوە و خۆی بەرجەستە دەکات.

شاعیر لە دەقە شیعری (سەرەتای گۆرانییەکی کێویلە)دا دەڵێت:

**زۆرجار خۆم بۆ ئوتێل دەڕۆمەوە**
**دڵە پەڕە سێلکەکەم لە پرچی کچێکدا جێ دەمێنێ**
**کە خۆشی ناوێم**
**زۆرجار دەخەوم و دڵە شەکرەکەم**
**لە هۆنراوەیەکدا بۆ کچێک دەتوێنمەوە**
**کە خۆشی ناوێم**
**زۆرجار خۆم دەمرم و دڵە هۆنراوەکەم**
**لە ئێوارەی شارەکەمدا**
**دەبێ بە دڵۆپەی باران و**
**کەزی کچێک تەڕ دەکات**
**کە خۆشی ناوێم**
**زۆر جار بە زەڕەبینی خەون بای جیهان دەپشکنم**
**بای جیهان پڕە لە: دڕەندە.. لە دز.. لە مێردەزمە.. لە**
**جنۆکە**
**لە مۆتەکە..**
**بای جیهان پڕە لە: ناپاڵم.. لە پۆلیس**
**لە خەونی کوژراو..**
**لە کچی جوان**
**بای جیهان پڕە لە نەخشەی وڵاتان**
**لەناوی هەزاران هەزار ئافرەت**
**بەڵام من.. نەدەسگیرانم هەیە نە وڵات**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٨٤)

شاعیر لەم دەقەدا هەست بە تەنیایی دەکات، لە ئەنجامی ئەوەی هەستێکی قووڵی خۆشەویستی بۆ کچێک هەیە و دەیەوێت لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ و ڕازی دڵی خۆی پێ بڵێت،

به هۆی دروستکردنی چەند وێنەیەکی شیعری وەک پیاسەی ژێرباران، گەڕانەوە بۆ ئوتێل و شەوی تەنیایی ئەم خەیاڵەی کێشاوە، بەڵام ئەو لە بەرانبەریدا سارد و بێباکە و هیچ هەست و سۆزێکی بۆی نییە. هەر بۆیە شاعیر سەرەڕای ئاماژەکردن بە جوانییەکانی ژیان، بەڵام هەست بە هیچ چێژێک ناکات، چونکە نە خاوەنی دەستگیرانی هەیە، نە وڵات. لێرەوە (هەڵمەت) نائومێد دەبێت لەوەی کچێک خۆشی بوێت، بیر لە پێکهێنانی هاوسەرگیری وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. ناونیشانی دەقی (من زۆر حەزدەکەم ژن بێنم) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. شاعیر جەخت لە هەبوون و پێداویستیی ژن دەکاتەوە، نەک وەک خۆشەویست و دڵبەر، بەڵکو وەک تەواوکاریی خێزانی، بەردەوامی و ئاسوودەیی ژیانکردن دەیبینێت، کە دەیەوێت لەلایەن ئافرەتێکەوە خۆش بویسترێت، واتە دەیەوێت ئافرەتێک سەنتەر، یاخود کارایەک بێت، ئەم خۆش بوێت و کەشێکی ئارامی بۆ بخوولقێنێت. بۆیە دەڵێت:

**من زۆر حەزدەکەم ژن بێنم**

**من زۆر حەزدەکەم لەتوێی قۆڵ و باسکی ژنێکدا**
**چاو لێکبنێم و بۆنی پەراسۆکانی بکەم...**
**ئای من چەندێ پێویستیم بەئافرەتێکە**
**لە چەرخێکدا خۆشی بوێم**
**کە پێستی شاعیری تیا دەکرێ بەپۆستاڵ!...**
**ئای من چەندێ پێویستیم بەژنێکە**
**لە چەرخێکدا پەنام بدات**
**کە ناخۆشترین ئوتێل**
**پەنای شاعیرێکی هەژار نادات!...**
**من کە هەست بەوە دەکەم**
**کە ئافرەتێک نیە گوێ لەدەنگی زەنگی دڵم**
**بگرێ و**
**نیوە شەو هۆنراوەکانم بدزێ و**
**بیداتە بای شەقامەکان**
**چەقۆی شەرم دەمگروێ و**
**پارچە پارچە وەک کڵۆ خوێی ناو گۆمە ئاو**
**دەتوێمەوە.**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٢٩٨)

بۆ بنەمای ڕاڤەکاریی ئەم دەقە، سێ ڕەهەند وەردەگرین، ئەوانیش: (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ژیری و ڕەهەندی خۆشەویستی "خودی")، چونکە (هەڵمەت) لەم دەقەدا جەخت لە پێداویستی ئەوی بەرامبەر دەکاتەوە، کە بۆ ژیان و بەردەوامبوونی شاعیر پێویستە، دەتوانین ناوی بنێین پرۆسەی (تەواوکاری کۆمەڵایەتی و خودی) لەناو بازنەی خێزانداریدا. خێزان

بەشێکی بچووکراوەی کۆمەڵگەیە، کە لە چەند ئەندامێک پێک هاتووە و پابەندی یاسا و دابونەریتی تایبەت بە خێزان و کۆمەڵگەکەیانن. هەڵبژاردنی هاوسەری گونجاو یەکێک لە گرنگترین ڕێگەکانی دروستکردنی خێزان، چونکە ((خێزان یەکەم شوێنە، کە تاک لێیەوە دەست بە ژیانکردن دەکات. خێزان مرۆڤەکان ئاراستە دەکات بۆ ناو کۆمەڵگا و تاک ڕێنمایی خۆی لێوەردەگرێت لە سەرەتای لەدایکبوونەوە تاکو مردن. مرۆڤ دابونەریت، پەروەردە... لەخێزانەوە فێر دەبێت. خێزان سەرەکیترین و سەرەتاییترین کەناڵی ئاراستەکردنی تاکە، هەموو شتەکان لە (باش و خراپ) دەکرێت لەناو خێزان و کۆمەڵگاوە فێر بووبێت.)) (زاری کرمانجی، ٢٠١٧) تاک لەنێو خێزاندا خاوەنی ئەرکە، کە مەبەست لە ئەرکگەرایی لای (پارسۆنز) بریتییە لە: ((سیستەم، واتە بەستراوەتەوە بەو پێداویستییە سەرەکییانەی ئەو سیستەمە، بۆ ئەوەی بوونی بەردەوام بێت.)) (خەمەش، ٢٠١٢: ١٩١) لە ڕوانگەی ڕەهەندی ئەقڵیشەوە (محەمەد راتب النابلسي) دەڵێت: ((ئەقڵ ئیدراک دەکات، دڵ خۆشەویستی دەکات، جەستە دەجووڵێت و خۆراکی ئەقڵیش زانستە... دەبینین ئەرک بە شتەکان دراوە.)) (سلێوە، ٢٠١٩: ١٢٧) کە وابوو خۆشەویستی بە نادیدە نەگیراوە، بەڵکو وەک پێداویستی و بەردەوامبوونی ژیان تەماشای کراوە. لەو بارەیەوە زانای سایکۆلۆژی (ئەبراهام ماسلۆ) لە هەرەمی پاڵنەرەکاندا خۆشەویستی وەک پاڵنەرێکی گرنگ، هۆکاری بەردەوامی ژیان، بەجێگەیاندن و سەلماندنی خودێتی تاک نرخاندووە، کە لە پلەکانی پێشەوەی پاڵنەرەکاندا هەژماری کردووە و لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.




**وێنەی ژمارە (١) هەرەمی پاڵنەرەکانی (ئەبراهام ماسلۆ)**

بە کام نەگەیشتنی ئەو پێداویستییانە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری هاوسەنگی مرۆڤ، شپرزەیی دەروونی، کەسایەتی شڵەژاو، شێواوی کۆمەڵایەتی و خێزانی ...هتد. ئەگەر تەماشای وشە و هێماکانی ناو شیعرەکە بکەین، کە جەختی لەسەر دەکاتەوە شاعیر لە (پێنج) شوێندا، دەڵێت (من)، بۆ نموونە:

من زۆر حەزدەکەم ژن بێنم

من زۆر حەز دەکەم لەتوێی قۆڵ و باسکی ژنێکدا...

ئای من چەندێ پێویستیم بەئافرەتێکە

ئای من چەندێ پێویستیم بەژنێکە

من کە هەست بەوە دەکەم.

هەر لەم دەقە شیعرییەدا (هەڵمەت) زیاتر لە (دە) شوێنی تردا، دەڵێت (من)، بەلام بە جێناوی پەیوەست (لکاو)ی (م):

بێم

حەزدەکەم

بکەم

پێویستیم

خۆشی بوێم

پەنام بدات

زەنگی دڵم بگرێ

هۆنراوەکانم بدزێ

دەمگروێ

دەتوێمەوە و...هتد

لێرەدا ((دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە یەکەم مەرجی داهێنان سەرهەڵدانی پێوەندییەکی دیاریکراوە لە نێوان داهێنەر و کۆمەڵەکەیدا، واتە (من) و کەسانی تردا، بەشۆڕبوونەوەش بەناخی ئەو پێوەندییەدا کۆمەڵێ ڕاستی ترمان دێتە بەردەست. سەرەتاش، کە وامان دانا (من) هێزێکە لە هێزانەی لەبواری ڕەفتارماندا ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە، ئەوا دەبێ واشی دابنێین، کە (ئێمە)ش، هێزێکە لەو هێزانەی ئەو بوارەی (من)ی، تێدایە وەک بەشێک لەگشت، جا هەرکاتێک بەرەو یەک ئامانج و بەیەک باوەڕەوە هەنگاو هەڵنێین، ئەوا دەڵێین (ئێمە) و ناڵێین (من).)) (عەلی، ٢٠٠٧: ٣٤) بەلام هەنگاوی داهێنەر لەگەڵ درزکەوتنە ناو (ئێمە) دەستپێدەکات، ئەو درزەش نائارامییەک لە (من)دا، دروستدەکات، کە دەیەوێت بیرەوێنێتەوە. لە نەبوون و غیابی ژنیشدا (هەڵمەت) هەست بەناتەواویی دەکات، ئەویش لەیەک ڕووەوە نا بەڵکو لە ڕوانگەی:

یەکەم: دەروونی و خودی (پێویستی بەهاوسەر و هاودەمە، هەم پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە، هەمیش هاوسۆزی بێت...

دووەم: کۆمەڵایەتی (بەجێگەیاندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، فەراهەم کردنی مەرامە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان و ...هتد.)
سێیەم: ڕامیاری (هاوکاری خەمی قووڵی نەبوونی سەربەخۆیی وڵاتی شاعیر بێت، کە ناتوانێت گوزارشتی بکات، لە ترسی ناحەز و نەیار، چونکە لەسەردەم و چەرخێکی وەهادا، کەس پەنای شاعیر نادات جگە لە ژنێک، مەدلولی ئەو ژنەش لای (هەڵمەت) دەسنیشانکراو نییە، بەڵکو دەڵێت (ژنێک)، کە گوزارشتە لە ئافرەتێتی ژن، بۆ ژیانی (من)ی (هەڵمەت) پێویست و تەواوکارە، کە ئەو (من)ەی، (هەڵمەت) واتە ئێمەی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی.
شاعیر لە دوو دەقە شیعری کورتدا باسی سەردەم و شوێنی خۆی، لەگەڵ دڵ و هەڵوێستی، لە مەڕ خۆشەویستی خۆیمان بۆ دەکات. لە شیعری یەکەمدا بەناونیشانی (ئەوین) دەڵێت:

**لێرە**
**خۆشەویستی نیشتمانیش**
**مرۆڤ دەکوژێ**
**وەک: شمشێر**
**وەک: سەرەتان**
**وەک: کۆلێرە.**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٣٠)

شاعیر باس لەو شوێنە دەکات، کە خۆی تێیدا دەژیت، چونکە دەڵێت (لێرە) پاشان جەخت لە نەهامەتی خۆشەویستی دەکاتەوە لە ئاوها شوێنێکدا، دیارە پێشتر باسی خۆشەویستی کردووە بۆیە دەڵێت نەک خۆشەویستی و عیشقی خودی، بەڵکو خۆشەویستی نیشتمانیش، بە مۆرفیمی (یش) جەخت لە قسەکەی دەکاتەوە، کە مرۆڤ بە شێوازێکی زۆر خراپ دەکوژێت بەوێنەی (شمشێر، سەرەتان، کۆلێرە) جۆری سێیەمی کوشندەکە، نەخۆشییەکی کوشندەی مرۆڤایەتی بوو نەک سنوورێکی دیاریکراو. بۆیە لەو کات و شوێنەدا و لەو سەردەمەدا شاعیر باس لە خۆشەویستی و پاکی و بێگوناهی خۆی دەکات، کە هاوشێوەی حەزرەتی مەسیحە، لەبەرئەوە لە شیعری (دووەم مەسیح)دا، نیاز و پلەی خۆشەویستی خۆیمان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:

**سوورە گوڵی زامەکانی دڵی خۆمم**
**کرد بەتەسبیح**
**بردم بۆخوا**
**خوا ناوی نام**
**دووەم مەسیح**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٣٠)

کۆدەکانی ناو ئەم دەقە، هەڵگری ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتین، لێرەدا (من)ی شاعیر لەناو لایەنی دووەم، کە(ئێمە)یە، تواوەتەوە. هەموو تایبەتمەندییە کەسییەکانی (من) وەک خودێکی سەربەخۆی لەدەستداوە بۆیە سیمایەکی یەکسانی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. ئەمە (مارتن هایدیگەر) فەیلەسوفی ئەڵمانی ناوی دەنێت (بوونی ڕەسەن) واتا ئەم

بوونە (مرۆڤ) خاوەنی هۆشیارییەکی گەورەی ئەوتۆیە، کە تواندنەوەی خۆی لەناو ئەوانی تردا، بەهێز و جوانی دەکات، نەوەک نیشانەی لاوازی خودی کەسەکە بێت. ئەو (من)ەی ناو(ئێمە)، (من)ێکە، لەگەڵ ئەوانی تردا کاردەکات بۆ جوانی و ژیاندۆستی، نەک (من)ێک بێت لەبەر لاوازی، خۆی لەناو ئەوانی تردا تواندبێتەوە.

سوورەگوڵ: ڕەمزی قوربانی، خوێنڕشتن، ستەم و نادادی بەرانبەر بە ئاسایش و ئارامی. لەهەمان کاتدا واتای ڕاستەقینەی خۆشی هەیە (سووری، جوانی، ناسکی و بۆنی خۆش.) بۆیە زامەکانی دڵی بە (سوورەگوڵ) چواندووە، چونکە زامەکەی دڵی بەهۆی خوێنەوە سوور بووە و لەم ڕوانگەیەوە بە گوڵی چواندووە. لەبەر ئەوە ئەو (تەسبیح)ـەی ناو دەقە شیعرییەکە لە چی دروست کراوە؟ لە زامەکانی دڵی و هەر زامێکی بە دەنکەتەسبیحێک داناوە. ئەمەش ئاماژەیە بە زۆریی ژمارەی زامەکانی دڵی، کە بەشی ئەوەیان کردووە بکرێن بە تەسبیحێک.

تەزبیح: لە نەریت و کولتووری کوردیدا، بەمانای تەهلیلە و عیبادەت، ویرد و دەم بەدوعاو پاڕانەوە، لەگەڵ خودای خۆیدا، هەروەها نەریتێکی جوانی کۆمەڵگەی کوردیشە.

لێرەدا هەڵمەت ڕیفۆرمی ناو ڕیفۆرمی کردووە، بۆیە ڕیفۆرمی کردووە بە شوناسێک، لەلایەن خوداوە، کە سەرچاوەی حەق و ڕاستییە پێی بەخشراوە، نەوەک خۆی بە خۆی بەخشیبێتی، یان خۆی داوای کردبێت پێی ببەخشن، ئەگەر مەسیحێک لەخاچ درابێت و برابێت بەرەو ئاسمان و یان لای هەندێک کەس وەک نالۆژیک و ئەفسانە لێکبدرێتەوە، کەچی ئێستا و لەم سەردەمەدا، مەسیحێکی پاک و بێگەرد و ستەملێکراو، کە منی کوردم لەسەر زەوی دەژیم. هەنووکە بوونم هەیە، کەوابوو ئەو (من)ەی، کە گوزارشت بوو لە (ئێمە) شایەنی ئەوەین لەم ژیانە تاڵ و ژێردەستەییە ڕزگارمان بێت. مەبەستی پشتەوەی ڕاڤەی دەقە شیعرییەکان گوزارشتە لە (خۆشەویستی، پاکێتی، قوربانی، کوڵنەدان، نەترسان...) لە بۆتەی خێزانداری کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، پاڵپشت بە خۆشەویستییەکی قووڵ و پڕ لە کێشە و ئازاری حەزرەتی (مەسیح)ئاسا.


بەکورتی دوو دەروازەی چاکسازیی خۆشەویستیی کۆمەڵایەتیمان بەڕوودا دەکاتەوە، یەکەم: خۆمان هەوڵی چاکسازی و باشتربوون بدەین. دووەم: لە دەرەوەی خۆمان هەوڵی گۆڕانکاری و چاکتربوونمان بۆ بدرێت. شاعیر لە شیعری (من کچێکم خۆش دەوێ) زیاتر ڕوو لە مەبەستە ئامانجدارەکەی دەکات و خۆشەویستیکردن بە ئاقاری ڕەگەزی کۆمەڵایەتیدا تۆخدەکاتەوە:

**من کچێکم خۆش دەوێ بەدەستی خۆی**
**تاڵ..تاڵ..برژانگی..برۆی**
**هەڵکێشێت و هەمووی بکا**
**بەپەرژینی ئەم شارە**
**من کچێکم خۆش دەوێ**
**تاڵ..تاڵ قژی بچنێت و**
**بیکا بەپەتی سێدارە**
**بۆ زۆردارێک..**

**گوڵی کرد بەهەوری دووکەڵ**
**لەم هەوارە..**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٢١٠)

لەم دەقەدا شاعیر جیاواز بیر دەکاتەوە و خۆشەویستی بە ئاقاری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و لە بازنەی نێوان دوو کەسەوە بەرەو ئەرک و چاکسازی کۆمەڵایەتی بردووە، ئەگەرنا خۆشەویستی بریتییە لە ((پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئازادانەی نێوان دوو کەسی نێر و مێ، ئەم پێوەندییە بریتییە لە یەکبوونێکی سۆزگەرایانەی بەهێز لەگەڵ کەسێکی ترداو دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پەسەندکراو، کە تیایدا کەسی یەکەم هەموو وزەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ بەختەوەرکردنی کەسی دووەم و بەپێچەوانەوە.)) (سیوەیلی، ٢٠٠٤: ٢٣) بەڵام لێرەدا و لای (هەڵمەت) خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەو کچەی، کە شاعیر خۆشی دەوێت هیچ شتێکی لێ ناوێ بۆ خۆی، بەڵکو دەبێت لە خزمەتی کۆمەڵگە و نەتەوەدا بێت؛ بەوەی کۆمەڵێک شتی لێ داوا کردووە. بۆیە لە خۆشەویستییەکی ڕۆمانسییانەی نێوان دوو کەسەوە، کە سۆز بدەن بەیەک و پێداویستی پڕ بکەنەوە نەماوەتەوە، بەڵکو لە نێوان دوو کەسدایە، بەڵام یەکێکیان کۆمەڵێک ئەرکی نیشتمانی، خێزانداری و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات، لەپێناو بەختەوەری و خۆشەویستیدا ئەوجا شاعیر خۆشەویستییەکەی قبووڵ دەکات. مەرجی خۆشەویستی شاعیر ئەوەیە کچێک بەدەستی خۆی تاڵ تاڵ برژانگ و برۆی هەڵکێشێت، کە ئەمە نەگونجاوە و نە ڕوو دەدات لە دەرەوەی پێشبینی مرۆڤ و هەڵوێستی مرۆڤانەیە ئەم کارە بکرێت لە پێناوی قبووڵکردنی مەرجی خۆشەویستیدا، ئەگەریش هەندێ جار بەشێک لە برۆ هەڵبکێشرێت، ئەوا بۆ جوانکاری خانمانە نەوەک بۆ هەڵوێست وەرگرتن و قبووڵکردنی مەرجی خۆشەویستی بەرامبەر، کە ڕەگەزی نێرە، پاشان ئاوەژووکردنەوەی مەرجی خۆشەویستی، کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە کچان خۆشویستراون و مەرجیان هەبووە بۆ قبووڵکردنی کەسی بەرامبەر، کە ڕەگەزی نێرە، کەچی ئێستا شاعیرێک لە ڕەگەزی نێر، مەرجی هەیە بۆ قبووڵکردنی خۆشەویستیی کچان. ئەو وشانەی، کە لادانی واتاییان تێدا کراوە و بۆ مانای تر بەکار هاتوون وەک: تاڵ، برژانگ، برۆ، لەگەڵ پەرژین و شار، تاڵی قژو پەتی سێدارە، گوڵ، دووکەڵ، هەور، هەوار.. کە پەیامی شیعرییان قووڵ کردووەتەوە و جوانییان بە دەقەکەش بەخشیوە. ئەم جارە شاعیر کچەی خۆش ناوێت، وەک ئەوەی کچە، بەڵکو لە هەڵوێستەوە خۆشی دەوێت، ئەگەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانە و نیشتمانییەی پەیوەست بە ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، شاعیر خۆشی ناوێت.

(لەتیف هەڵمەت) پێچەوانەی بەشێک لە شاعیران، کە خۆشەویستی لە ڕواڵەتی دەرەوەی ئافرەتدا دەبینن، وەک جوانی، ناسکی، ڕوخسار و هتد. مەرجی قەبووڵکردنی خۆشەویستیی ڕەگەزی بەرانبەر ئەو هەڵوێستە نیشتمانی و بەرەنگاریی زۆردار و کۆمەڵایەتییانەیە، کە دەینوێنێت، وەک: هەڵوێست، قوربانیدان، ئازار، خەبات و بەشداریی کۆمەڵایەتی)، وەک لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە:




**وێنەی ژمارە (٢) مەرجی شاعیر بۆ قبووڵکردنی خۆشەویستی**

لە شیعری (دوو کچ)دا دەڵێت:

**وەک چۆلەکە لەخەرمانی دڵی کچێکدا کوژرام**
**وەک ئەستێرە لەدڵی کچێکی تردا**
**زیندوو بوومەوە و ژیام...**
**دڵی ئەو کچەی ونمی کرد**
**تامەزرۆی بۆنی دینارە**
**دڵی ئەو کچەی فێری عەشق و شنە شنمی کرد...**
**وەک خۆم چەوساوە و هەژارە**
**ئیتر کچێکم خۆش ناوێ**
**چاوچووی کۆشکی بەرزی هەتا ئاسمان بێ**
**ئیتر کچێکم لا شۆخە**

**حەزی لەشیعری جوان بێ**
**کچێک دەکەم بەدەزگیران**
**وەک خۆم شێتی تەنیا چڵێ ئەرخەوان بێ...**
**کچێک دەکەم بەدەزگیران**
**هەوری ماچە خۆشەکانی**
**بەسەر دڵی غەریبیمدا**
**دابکا وەک شەستە باران...**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ١٢٩)

شاعیر لەم دەقە شیعرەدا تێڕوانینی خۆی بۆ خۆشەویستی کچان دەخاتەڕوو، کە تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتییانەیە و دەبێتە بنەما بۆ تەواوکاری و پێکەوەژیان. شاعیر بە ڕوونی لە حەز و ئارەزوو دایدەماڵێت، چونکە حەز و ئارەزوو وەک پڕکردنەوەی پێداویستی ڕەمەکیی جەستە، ئیرۆتیکیش وەک پڕکردنەوەی تێکڕای پێداویستییە مرۆییەکان، خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و ژیان بەرهەم دەهێنێت. لەو ڕوانگەیەوە ئیرۆتیک ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە پێوەندیی نێوان دوو مرۆڤدا بەرجەستە دەبن، هەروەها مەرج نییە پێوەندیی ئیرۆتیکییانە حەزی غەریزەییانەی مرۆڤ بۆ نەوەخستنەوە بهێنێتە دی، هێندەی ئەوەی حەزی مرۆڤ بۆ ژیان و بەردەوامی و گەشبینی دەهێنێتە دی.

لە دیدی شاعیردا تێکڕای کچان سەرچاوە و ئیلهامی ژیانکردن نین، بەڵکو بەراوردی نێوان دوو جۆر ئافرەتمان بۆ دەکات: (کچێک، کەشوێنی دونیا و پارە و بەرژەوەندی کەوتووە. کچێکیشیان پاڵپشتی چەوساوە و هەژارەکان و ئومێدبەخشی ژیان و پێکەوەیین.) لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە (هەڵمەت) ئافرەتی وەک حەز و ئارەزوو ناوێت، بەڵکو بۆ ژیانکردن، پێکەوەبوون و تەواوکاری، ئەم خێزانە کۆمەڵایەتییەی دەوێت، چونکە لە هیچ شوێنێکدا هەستی پێناکرێت. (هەڵمەت) تەنیا خۆشەویستی و دڵی کچانی وەک غەریزە و سێکس بوێت، لەبەر ئەوە سێکس و ئارەزووبازی لەم دەقەدا دەکەوێتە دەرەوەی ژیانە باڵا و کۆمەڵایەتییەکەوە. بۆیە لەم دەقەدا (هەڵمەت) بە دوای ژیان و بەختەوەریدا دەگەڕێت، پێکەوەبوون و لێکتێگەیشتن دەکاتە بنەما و مەرجی خۆشەویستی و ئەرکی کۆمەڵایەتی.

دەتوانین بڵێین چۆن! بەپێی تیۆرییەکەی (فارابی)، لەم دەقەدا (هەڵمەت) بەردی بناغەی بەختەوەری (خێزانی و کۆمەڵایەتی) بنیات دەنێت...! ((فارابی خاوەن تیۆرێکی گشتگیرە، لە ڕێیەوە کۆمەڵگاکان یان وەک خۆی دەڵێت، شارەکان پۆلێندەکات بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، کۆمەڵگە (فاضل)ـەکان و کۆمەڵگە نەزانەکان. ((کۆمەڵگە (فاضل)ـەکان ئەو کۆمەڵگەیەن، کە لەسەر یەک تەرزن، لەکاتێکدا کۆمەڵگە نەزانەکان یان (نافاضل)ەکان ئەو کۆمەڵگەیەن، کە بەپێی سروشت و ئەو هزر و بەها و سرووتانەی بڕوایان پێیانە، چەند جۆرێکی جیاوازن پێویستە ئەوەش باس بکەین، کە کۆمەڵگەی (فاضل) یان (المدینة الفاضلة)، ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە پشت بە پرەنسیپی هاوکاریی نێوان تاکەکان و گرووپەکانی دەبەستێت. هاوکاریش لای خۆیەوە کۆبوونەوەی مرۆیی بەرهەم دێنێت، کۆبوونەوەی مرۆییش بەرەو کاملبوون دەڕوات،

کامڵبوونیش بەرەو بەختەوەری هەنگاو دەنێت، بەڵام هۆکاری بوونی هاوکاریی لە کۆمەڵگەی (فاضل)دا، دەگەڕێتەوە، بۆ پێویستی زۆری مرۆڤ بۆ هاوخەمی و هاوسۆزی مرۆڤەکانی تری وەک خۆی. هەموو تاکێک لەم تەرزەی کۆمەڵگەدا پسپۆرە لە بەجێهێنانی کارێکی دیاریکراودا و لە هەمانکاتیشدا پشت بە کاری ئەوانی دیکە دەبەستێت.)) (ئەلحەسەن، ٢٠١٨: ٣٤) پاڵپشت بەم تیۆرییەی (فارابی) شاعیر هەستی بەرپرسیارییەتی تاک لەناو بۆتەی خۆشەویستیدا و لە پێناو بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی کە سەرچاوە و بنەماکەی لە لای تاک و خێزان و کۆمەڵگەوە دادەڕێژرێت دروستدەکات و بنیاتی دەنێت. بۆیە لای (هەڵمەت) کچێک شۆخ و نازدارە وەک خۆی بێت و دەتوانین ناوی بنێین کچێک بڕوای بەڕەگەزەکانی ژیان هەبێت و قەناعەتدار بێت، وەک شاعیر جوانبین و خاسەڕەنگ بێت، هاوشێوەی شاعیر حەزی لە شیعری جوان و فەلسەفەی جوانی سەوداسەری بێت، کچێک دەکات بەدەزگیران بناغەی ژیانی لەگەڵ دادەڕێژێت، وەک خۆی عاشقی چڵی داری ئەرخەوان بێت. لەکۆتاییشدا (هەڵمەت) هەوری ماچە خۆشەکانی وەک حەز و ڕەگەزی سێکسی بەکار نەهێناوە، بەڵکو دەکرێت وەک ڕەمزی (بەختەوەری، ژیان و ئاوەدانی) بۆ تێکڕای کۆمەڵگە بێت، هەروەها دڵی غەریبی شاعیریش شوێنی بێنەوایان و داڵدە و پەنای بێ داڵدان و غەریبانە. ئەم بارانی عیشق و خۆشەویستییەش بەبێ جیاوازی دەبارێتە سەریان و تێکڕا لە ژێریدا ئۆقرە و ئارام دەگرن.

شاعیر لە دەقێکی شیعریی تردا بە ناونیشانی (وشە) لە چوارچێوەی گفتوگۆ و پرسیار و گریمانەدا، جەخت لە خۆشەویستیی دەکاتەوە، کە هەڵگریی ڕەهەندێکی کۆمەڵناسییانەیە. لە شیعرەکەدا دەڵێت:

**ئەگەر دەمزانی هەور لە کوێوە دێ**
**لە کام وڵات و دەریا و زێوە دێ**
**بە دەستی شیعرم تک تک دەمدزی**
**تا تۆ پێی بشۆی پەرچەم و کەزی...**
**ئەگەر دەمزانی شادی لە کوێیە**
**دەمکرد بە چەمی فەرهەنگی وشە**
**وشەشم دەکرد بە شووشە گوڵاو**
**شەوان دەمپژان لەو پرچە ڕەشە...**
**ئەڵێم گەر ڕۆژێ دەممان پێک بگەن**
**ئاخۆ چەند مانگ و چەند ساڵ و سەدە**
**ڕاز و گلەیی بۆ یەکتر بکەن...**
**چەند هەزار ماچی وەک شەکر بکەن!**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٦٥)

شاعیر لەم دەقەدا جەخت لە بنەما و ڕەگەزێکی تری خۆشەویستی دەکاتەوە ئەویش (گفتوگۆ و زمانی لە یەکترگەیشتنە) تەواو نزیکمان دەکاتەوە لە مەبەستی خۆشەویستی شاعیر و دیدە کۆمەڵناسییەکەی، چونکە گفتوگۆ خاوەنی دوو ڕەگەزی گرنگ و بنچینەییە، کە بریتین لە:

یەکەم: لە جیاوازی و فرەڕاییەوە، بەرەو ئەنجام و لێکتێگەیشتن و خاڵی هاوبەشی کۆتایی.
دووەم: دەسەبەرکردنی بەختەوەری و نزیکی و پێکەوە هەڵکردن.

ئەمانەش لە ئەنجامی لێکتێگەیشتن، وەرگرتنی هاوبەشی، لێبوردن لە هەڵە و کەموکوڕی، یەکتر قبووڵکردن ...هتد دێتە ئەنجام. شاعیر لەسەرەتاوە بە ئەگەر و گریمانەوە دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی نیازی ڕوونی خۆیمان پێ بڵێت، کە من چیم گەرەکە و مەبەستم چییە:

ئەگەر دەمزانی هەور لە کوێوە دێ
لە کام وڵات و دەریاو زێوە دێ

شاعیر بۆ ئەوەی بگات بە مەبەستی ژیان و پێکەوەیی و مرۆڤدۆستی، سنوورەکان تێک دەشکێنێت و دەچێتە دەرەوەی سنووری وڵات و کیشوەری خۆی لای ئەو هیچ شتێک مەحاڵ نییە و دوور و نزیکی شوێنی پێ گرنگ نییە:

بەدەستی شیعرم تک تک دەمدزی
تا تۆ پێی بشۆی پەرچەم و کەزی

ڕەگەزێکی جوان و گرنگی تر، کە شاعیر دەستنیشان دەکات، ئەوەیە کە دەڵێت: بە دەستی شیعرم دەمدزی کەوابوو باس لە دزییەکی مەعنەوی دەکات وەک ڕەمز بە وشە و لەناو شیعردا دزییەکە دەکەم، نەوەک لە ئەرزی واقیعدا، چونکە کەسێک چاکەی بوێ و بڕوای بە پێکەوەیی و خۆشەویستی و گفتوگۆ هەبێت، چۆن دەبێت دزی بکات، یان هانمان بدات بۆ دزی و کاری خراپە بۆیە زۆر بەوردی مامەڵەی لەگەڵ مانا و هێماکاریی دەقە شیعرییەکەدا کردووە. پاشان دەچێتەوە سەر گریمانەیەکی تر:

ئەگەر دەمزانی شادی لە کوێیە
دەمکرد بە چەمی فەرهەنگی وشە
وشەشم دەکرد بە شووشە گوڵاو
شەوان دەمپژان لەو پرچە ڕەشە.

سەرچاوەکانی شادی یەک شوێن و یەک کەس و یەک کات نییە، بەڵکو فرە ڕەنگ و فرە شوێن و بێ کات و ساتە، بۆیە دەڵێت: ئەگەر دەمزانی شادی لە کوێیە لە هەر سەرچاوەیەکەوە لەو سەرچاوانەوە شادی دەسەبەر بکات دەیکات، بە (فەرهەنگ، وشە، شووشە، گوڵاو...هتد) تاکو شەوان، کە کاتی ئارامی و پشوو و ڕازونیازە بەدەم گفتوگۆ کردنەوە دەمپژانە سەر پرچە ڕەشەکەت. لە کۆتاییدا (هەڵمەت) مەبەست دەدات بە دەستەوە و پێمان دەڵێت، خۆشەویستی لای شاعیر بەچی شێوەیەک و لە کام ڕێگەوە بۆی بڕۆیت و پێی بگەیت مەبەست لێی فەراهەمکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە ڕێز و شکۆ و پێکەوەبوونە، لە پێناوی ئەوەی بە خۆشەویستییەوە ژیان بەرێبکەین، جەخت لە قسەکانی سەرەتای دەکاتەوە، کە بۆچی مەبەستێک دەیویست گفتوگۆ بکەن:


ئەڵێم ئەگەر ڕۆژێ دەممان پێک بگەن
ئاخۆ چەند مانگ و چەند ساڵ و سەدە
ڕازو گلەیی بۆ یەکتر بکەن...

چەند هەزار ماچی وەک شەکر بکەن!

وەک دەستپێکی شیعرەکە نالێت (ئەگەر)، بەڵکو دەڵێت (ئەڵێم ئەگەر)، زیاتر مەبەستەکەی تۆخ دەکاتەوە و بە وشەی (ئەڵێم) جەختت دەکاتەوە. کاتیش کەم دەکاتەوە و دەڵێت (ئەگەر ڕۆژێ دەممان پێکبگەن) داوای نەکردووە کات و دەرفەتێکی زۆرمان لە بەردەم بێت، تا مەبەستی خۆیمان پێ بڵێت، بەڵکو دەڵێت ئەگەر (ڕۆژێک) دەممان پێک گەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کات زیاتریش بوو ئەوە (مانگ و ساڵ و سەدە)ش، بەشی ڕاز و گلەیی ئێمە ناکات. لەناو ڕاز و نیاز و گفتوگۆکاندا (چەند هەزار ماچی وەک شەکر بکەن) بە هەزاران ماچی وەک شەکر، بەڵام دەکرێت بە چەند مەبەستێک، ماچی وەک شەکری بەکارهێنابێت.

یەکەم: ئەو ماچانەی، کە دەیکەن هەمووی وەک شەکر خۆش، شیرین و بەچێژە.

دووەم: ماچی وەک شەکر مەبەستی قسەکردن بێت، لە ئەنجامی گفتوگۆوە کەسی قسەکەر هەموو شتێکی بەرانبەرەکەی پێ خۆشە. سەبارەت بە بایەخی گفتوگۆ (ڕێبوار سیوەیلی) جیاوازی لە نێوان گریان و گفتوگۆدا دەکات و دەڵێت: ((یەکەمیان لە فرمێسکدا و دووەمیشیان لە وشەدا بەرجەستە دەبێت. جیاوازیی نێوانیشیان ئەوەیە، کە گریان دەمخاتە باوەشی تەنیاییەوە، لە گریاندا تەنیا دەبم، بەڵام گفتوگۆ تەنیاییم دەسڕێتەوە و دەمخاتە بەرانبەر (ئەویتر)، گریان کردەیەکی پاسیڤە و گفتوگۆ کردەیەکی ئەکتیڤ. لە پاسیڤبووندا خۆم دەپارێزم و لە ئەکتیڤبووندا خۆم دەسەلمێنم.)) (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠١: ١٥) ئەم تێگەیشتنە لە هەناوی خۆیدا جیاوازیی نێوان خۆشەویستیی سۆزداری و ڕووکەش، لەگەڵ خۆشەویستیی جەوهەری و بابەتیانەی پەیوەست بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵناسی پیشان دەدات. لەبەر ئەوە لای (هەڵمەت) ئەمەی دووەمیان زیاتر بەدیدەکرێت و جەختی لێ دەکرێتەوە:




**وێنەی ژمارە (٣)**

**خۆشەویستیی بابەتی و پەیوەست بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵناسی**

شــاعیر لە دەقە شــیعری (بــۆ کچێکــی هەڵەشــە)دا بە تەواوی مەبەســتی خۆیمــان لەمەڕ خۆشەویستی لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی و لەسەر گرنگیی خێزان پێدەڵێت، بەڵام ئەوەش لە دەقەکەدا بەدی دەکرێت، کە بە ناچاری بایەخی بە هاوسەرەکەی داوە، چونکە لە دەقەکانی پێشووتری شاعیردا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە هیچ کچێک لە زمانی نەگەیشتووە و گرنگیی بە شیعرەکەی نەداوە. لێرەدا ڕووکردنە هاوسەرەکەی ئەو کاتە گرنگ و جوان بوو، کە کچانی تر گرنگییان بەم بدایە، بەڵام ئەم هەر بەرەو لای هاوسەرەکەی بچووایە و ئەوانی فەرامۆش بکردایە. بەکورتی لەم شیعرەدا گرنگیدان بە هاوسەر وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکات. بۆیە دەڵێت:

**شەوانێ بوو لە ترۆپکی لاوێتیمدا**
**تاسەی کچێک گڕبوو لە توێی جەرگ و سیمدا**
**هەر چیم هەبوو لە هۆنراوە لە بزەی گیان**
**گشتیم دەدا بە ماچێکی کچێکی جوان...**
**کچێکی شۆخ تێنەگەیشت لە زمانم**
**نەیکردە مل ملوانکەی هۆنراوەی جوانم**
**من ئێستاکە... جگە چاوی هاوسەرەکەم**
**ناهەژێنێ هیچ شتێ دڵە تەڕەکەم**
**هەر تەنیا ئەو خۆشەویستمە و ئەو هاوڕێمە**
**لەهەر کوێ بم... دەنگی پڕ بە گیان و گوێمە**
**لەهەر کوێ بم وێنەیم لە هەناو دایە**
**بۆنیم لە سی و ڕەنگیشم هەر لە چاودایە**
**نام جووڵێنێ... سەنگە ئا ئەو بەژن و لەشە**
**بۆ خۆت بگری کچی نەفام و هەڵەشە**
**من ئێستاش هەر قەلەندەر و بەلەنگازم**
**شتێکم بێ هۆنراوەمە پێی بنازم**
**بۆ هەندێ کەس تەختی بەرز و سەرێکی شۆڕ**
**منیش بەسمە پرچی هاوسەرم و تیشکی خۆر...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٥٤)

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە خۆشەویستی خۆی دەکات، بەڵام لە دوو سەردەمی جیاوازدا، هەروەها ڕەگەزەکانی دوو جۆر خۆشەویستی دەستنیشان دەکات، لەگەڵ دوو تەمەنی جیاوازی خۆی و ئەو ئافرەتانەی، کە خۆشی ویستوون.

شاعیر لە زەمەنی یەکەمدا، بە کاتی ڕابردوو دەئاخەفێ و دەڵێت:

شەوانێ بوو لە ترۆپکی لاوێتیمدا

لە زەمەنی دووەمدا، بە کاتی ئێستا و ئایندە دەئاخەفێ و دەڵێت:

من ئێستاکە... جگە چاوی هاوسەرەکەم

له کۆتاییشدا جەخت لەبەردەوامی و ئایندەیی خۆشەویستییەکەی دەکاتەوە و دەڵێت:
منیش بەسمە پرچی هاوسەرم و تیشکی خۆر!...

له بەشی دووەمی مەبەستە شیعرییەکەیدا، شاعیر سەبارەت بە ڕەگەزەکانی دوو جۆر خۆشەویستی دەڵێت:
تاسەی کچێک گڕبوو لە توێی جەرگ و سیمدا.
بەڵام دواتر دەڵێت:
جگە چاوی هاوسەرەکەم
ناهەژێنێ هیچ شتێ دڵە تەڕەکەم

خۆشەویستییەک بۆ کچێک، کە حەزێکی هەرزەکارانەیە و ئەم کچە هیچ پێوەندییەکی خوێنی و کۆمەڵایەتی و نزیکی بە شاعیرەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت خۆشەویستی کچە سەرنجی ڕاکێشاوە، پاشان دێتە سەر خۆشەویستیی خێزانی، کۆمەڵایەتی و هەروەها هاوسەرەکەی.

له جۆری دووەمی خۆشەوستییەکەیدا خەمێکی قووڵ و خاوەندارێتی تێدایە، دەڵێت:
جگە چاوی هاوسەرەکەم ←—— هاوسەرەکەی من
ناهەژێنێ هیچ شتێ دڵە تەڕەکەم ←—— دڵە تەڕەکەی من

به دەستوور و یاسای زمانناسی ئەم دەربڕاوانە گوزارشتی خاوەندارێتین، بەڵام لە جۆری یەکەمی خۆشەویستییەکەیدا، بە نەناسراوی گوزارشت لە (کچ) دەکات و دەڵێت: (تاسەی کچێک) ئەمیش لە چوارچێوەی گوزارە زمانناسییەکاندا جەخت لە ناخاوەنداریێتی و نەناسیاری دەکاتەوە.

بەشی سێیەمی مەبەست و گوزارە شیعرییەکەی بەراورد و جیاوازی نێوان دوو تەمەنی خۆشەویستی دەکات.

خۆشەویستی تافی لاوی، بەڵام چ هەستێک لە خۆ دەگرێت، تاسەی کچێک گوزارشتە لە حەزێکی لاوی و هەرزەکارانە. (گڕبوو لەتوێی جەرگ و سیمدا) دەربڕاوی (گڕ) بۆ کەف و کوڵ و حەزی کاتییە، لە پاش هەموو بەتاڵبوونەوەیەک دەچێتەوە دۆخی جارانی، دەتوانین بڵێین حاڵەتێکی کاتییە و مەبەستی تێربوونە

خۆشەویستی تەمەنێکی هەڵکشاوتر لە هەرزەکاری و قۆناغی هاوسەرگیری و خێزانی، ڕێک لەناو ئەو سنوورە کۆمەڵایەتییەی، کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بۆیە دەکرێت بۆ ئەمەیان بڵێین خۆشەویستی لەم قۆناغەدا لە بوونێکی هەمەکی لەیەکنەپچڕاو دەچێت وەک حەقیقەتی (ڕۆح)، کە هەر ساتێکی نەبوونی، مردنی مرۆڤە. (هەڵمەت) لە جۆری یەکەمی خۆشەویستییەکەیدا کام شتێک، کە بەهادار و بەنرخە لەلای، بەڵام لە بەرانبەر ماچێکدا بەهای نامێنێ و هەموو شتە پیرۆزەکانی دەگۆڕێتەوە بە ماچێکی ئەو کچە نەناسراوەی، کە (هەڵمەت) بە ڕێکەوت و سەرپێییەوە ناسیویەتی، کەچی کچەش لە زمانی شیعر و ئەدەب و ئێستاتیکای شاعیر نەگەیشتووە و قبووڵی نەکردووە، بەڵام لە جۆری دووەمی خۆشەویستی (هەڵمەت) و قۆناغی دواتردا (ڕەگەزەکانی خۆشەویستی، بنەماکانی ژیانکردن، پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانداری) بە دیدەکرێت لای شاعیر لەوانە وەک: (جگە چاوی هاوسەرەکەم) هیچ شتێکی دیکە

لەلای شاعیر بەهای نییە. جگە لەچاوی هاوسەرەکەی هیچ شتێکی تر دڵە تەڕەکەی شاعیر ناجولێنێت. بە تەنیا ئەو هاوسەرە (هەم هاوڕێیەتی هەم هاودەم) هیچ شوێنێکی بۆ گرنگ نییە، جگە لەو شوێنەی، کە هاوسەرەکەی لە گەڵیەتی، ئەوشوێنە بۆ ئەو دڵخواز و دڵگیریەتی. پاشان دەنگ و قسە و گفتوگۆی ئەو تەنیا لەیەک ڕووەوە نا، بەڵکو پڕ (بەگیان و گوێ)یەتی، وێنەی هاوسەرەکەی لە یەکە یەکە خانەکانی لەشی شاعیردا چاپ و تۆمارکراوە، لەبەرئەوە بۆنی لە سی و ڕەنگی لە چاویدایە.

شاعیر لە کۆتایی مەبەستە شیعرییەکەیدا دوو جۆر و دوو کۆمەڵە خەڵک دەسنیشان دەکات.

کۆمەڵەی یەکەم: هەندێک کەسی دیاریکراوە ئەوانەن، کە خۆشەویستی و ژیان لای ئەوان بەرژەوەندی و خۆشەویستییەکی دروستکراوە، پەیوەستە بە هەبوونی تەختی بەرز و پلە و مەرامە کەسییەکانیان، ئەگەر لەو پێناوەدا کەرامەتی خۆیان بدۆڕێنن و تێیدا سەرشۆڕیش بن.

کۆمەڵەی دووەم: بە دەربڕاوی (منیش)، کە پەیوەستکردنەوەیە بە پێشی خۆیەوە، قسەیەکی باوی کۆمەڵی کوردەواری هەیە دەڵێت: (ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.) واتا ئەگەر لە پێشدا گوڵ نەبوویت، لە دواتردا مەبە بە دڕک. پێشوتر و لە ڕاڤەی شیعرەکانی بەرایی توێژینەوەکەماندا جەختمان لە (من)ی، شاعیر کردەوە، کە چۆن دەنگی (ئێمە) و کۆمەڵگەیە. بۆیە لای شاعیر تەنیا پرچی ڕەشی هاوسەرەکەی و تیشکی خۆر، کە سەرچاوەی ژیان و گەرمی و وزەو بەردەوامییە، شایەنی خۆشەویستی و ژیانکردنن لەتەکیدا.

ئەم شیعرە تەواو مەبەستە سەرەکییەکەی ئێمە ڕووندەکاتەوە، کە خۆشەویستی لای (هەڵمەت) ڕەهەندێکی قووڵی هەستی و کۆمەڵایەتی هەیە، لە پەنهانییەکی ڕۆحییەوە سەرچاوە دەگرێت. ماوەیەکی دەوێت، بۆ پەروەردەبوون و کامڵبوون. هەوڵی باڵابوون دەدات و پێوەندی بە پێشکەوتنی هزری و شارستانی و ژیارییەوە هەیە، لە چوارچێوەی ژیانکردن و پێکەوەیی و بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکەدا خۆی بەرجەستە دەکات. لەبەرئەوەی (هەڵمەت) کەسایەتییەکی ئاینی و لە خێزانێکی ئاینیی ڕووحیدا ئیلهام و سەرچاوە شیعریی و مەعریفییەکانی گەشەیان کردووە نەیتوانیوە خۆی دابڕێت لەو باکگراوندە ئاینییە و تەواو ئەو ڕەنگدانەوەی ئەو ئایەتە قورئانییەی پێوە دیارە، کە خوای گەورە لە سورەتی (الروم)، ئایەتی (٢٠-٢١)دا دەفەرموێت: ((وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ "٢١")) واتە ((یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون، بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیردەکەنەوە و تێدەفکرن.)) (امین، ٢٠٠٤: ٤٠٦) لە زمانی عەرەبیدا (مودة، رحمة) ترۆپک و دوا پلەی خۆشەویستییە، کە (عیشق) لە پلەی پێنجەمدا دێت لە کۆی دوانزە پلەی خۆشەویستی.

دەتوانین بڵێین (لەتیف هەڵمەت) لەو دەقە شیعرییانەی، کە لەبارەی خۆشەویستییەوە نووسیون، ڕەهەندێکی ئێستاتیکی بەو چەمکە بەخشیوە و مامەڵەیەکی وردی کۆمەڵناسییانەی لەگەڵدا کردووە. شاعیر لە مامەڵەی هەندێک لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە لەناو دەقە

شیعرییەکانیدا بە شێوازێک، کە کەم شاعیر هەیە وەها ئەو ڕەهەندە دەروونی و خودییانەی بە ئاقاری کۆمەڵایەتی و گشتیدا بردووە، بەڕاستی لێزانی و کارامەیی وردی دەوێت. شاعیر سەرمەشق و ڕچەشکێنی خۆشەویستی کۆمەڵناسییانەیە چەندێک زرنگانە لایەنە خودییەکانی خۆی خزاندووەتە ناو بوار و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە، لە هەمانکاتدا دەقە شیعرییەکەی ئەوەندەی تر جوانتر کردووە ..لە زۆر شوێندا دەنگی (من)ی شاعیر دەنگی (ئێمە)ی کۆمەڵە لە ڕێگەی خۆیەوە پەیام و ئازاری نەتەوەکەی گەیاندووە و سیمایەکی مرۆڤایەتی و جیهانی پێ داوە لە بازنەی بچووکیی ناوچەیی دەربازی کردووە، ڕووحییەتێکی نەمریی پێبەخشیوە.

# بەشی سێیەم
# پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

## تەوەری یەکەم
## هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

## تەوەری دووەم
## پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی

## تەوەری سێیەم
## چینایەتی

## بەشی سێیەم
## پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، (پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، گەشەی کۆمەڵایەتی...) یەکێکە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان، سیما و خەسڵەتێکی بەردەوامی هەیە، لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ئامادەیی و بوونی هەیە، لە هەموو ڕوانگەیەکەوە کار لەسەر (پێگە، دەروون و کەسایەتی) تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات. ناوەندەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی فرە ڕەنگ و جۆراوجۆرن، سنووری کاریگەریشی لەسەر تاک و کۆمەڵگە سنووردار و ڕێژەییە، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، لە خێزانێک بۆ خێزانێکی تر، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، جیاوازە، هەروەها لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانیشدا، جێکەوت و شێواز و کاریگەرییەکانی پلەبەند و گۆڕاوە ((پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە، لەگەڵ لەدایکبوونی هەر تاکێکدا دەسپێدەکات و بەدرێژایی ژیانی بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەک سەرەتا مرۆڤ پەروەردە دەکرێت و پێدەگەیەنرێت، دواتر و لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا خۆی دەبێتە پەروەردەکار و پێگەیەنەر)) (سلێمان، ٢٠٢٢) بۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونییە بۆ گۆڕینی مرۆڤ لە ڕەگەزێکی بایەلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کە توانای کارلێک و تێکەڵاوی لەگەڵ تاکەکانی دیکە و هەروەها ژیانکردنیشی لەگەڵیاندا هەبێت. لەبەر ئەوە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ((بریتییە لە پرۆسەی کارلێک، کە بە هۆیەوە تاک لەگەڵ نۆرم و بەها و کولتووری کۆمەڵگەکەیدا دەگونجێت، هەروەها لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا گونجاو دەبێت. بنەمای ئەم پرۆسەیە بریتییە لە گواستنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.)) (الجواد، ٢٠٢٠: ١١٠) ئەم پرۆسەیە تاکەکان لە کاتی لەدایکبوونیانەوە وەریدەگرن هەتا کەسێتییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ ڕووکاری ژینگە کۆمەڵایەتییەکانیاندا تێروپڕ دەبێت. لە پەروەردە و کولتوور و فەرهەنگە جیاوازەکاندا، تاکەکان لە چەند چەشنێکی ڕەفتاردا هاوبەشن، لەگەڵ ئەوەشدا لەچەند چەشنە ڕەفتارێکدا زۆر لە یەکەوە دوور و جیاوازن، هاوبەشییەکانیان زیاتر لایەنە فسیۆلۆژی و بایەلۆژییەکانن، وەک (ڕۆشتن، پێگرتن، قسەکردن...) ئەگەرچیش لەم لایەنە هاوبەشەدا هەندێک جیاوازی تاکایەتی بەدیدەکرێت، کەچی بە ڕێژەیەکی زۆر لەیەک دەچن، بەڵام لایەنە جیاوازەکان زیاتر پەیوەستی پەروەردە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان... بە تایبەتیش (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی).

لەو شتە گرنگانەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە دەکرێت تێبینی بکرێن، ئەمانەی خوارەوەن:

- لەگەڵ گەورەبوون و هەڵکشانی تەمەندا، جیاوازی و لەیەکنەچوون لە ڕەفتار و بیرکردنەوە و پەروەردەدا زیاد دەکات و جۆراوجۆری لە خۆ دەگرێت.
- خەڵکانێکی فەرهەنگ و کولتوورێکی دیاریکراو لەگەڵ خەڵکانی فەرهەنگ و کولتوورێکی تردا، لە هەندێک (شێواز، پەروەردە، ڕەفتار، گەشەی کۆمەڵایەتی ...هتد) جیاوازن.
- ئاستی (تێگەیشتن، ڕامان و بیرکردنەوە, مامەڵە، پلەبەندی کۆمەڵایەتی، ژیاری و پێشکەوتن و...هتد) لە لای تاک و لەناو کۆمەڵگەکاندا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت.

هۆکاری سەرەکی جیاوازی ئەم سەرنجانە، بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، کە تاک لە ڕێگەیەوە تێکەڵ بەگرووپێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەویش لەمیانەی فێربوونی کولتوورەکەی و زانینی ڕۆڵەکەی لەو کولتوورەدا. کەواتە دەگونجێت بگوترێت ((پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و پەروەردەیە، بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، هەوڵدەدات بۆ ڕاکێشانی تاک "منداڵ پاشان هەرزەکار دواتر پێگەیشتوو ئینجا پیر" لێرەدا ڕەفتار و پێوانە و ئاڕاستەی گونجاوی بۆ هەر یەک لەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوانەدا هەیە، بۆ ئەوەی شانبەشانی کۆمەڵگاکەی بڕوات و لەگەڵیدا سەرکەتوو بێت.)) (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢٠: ١٥٣) ئەمەش وا دەکات، کە کۆمەڵگەکان لەمیانەی مێژووی (گەشەکردن، پەروەردە، پەرەسەندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) ئەوجا بە بە سادەیی یان بە ئاڵۆزی ئەو قۆناغگەلەیان تێپەڕاندبێت، لەم سەروبەندەدا، تووشی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کولتووری بوونەتەوە. لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا پێگەیاندنی بوونەوەری کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی زیادبوونی (کارامەیی، لێهاتوویی و پسپۆڕی)یەوە، لە وردبوونەوە و ڕاماندا گەشە دەکات و لە ڕووی (پێکهاتە، تایبەتمەندی و ئەرکەوە) ئاڵۆزییەکی زۆر دروستدەکات. وردەوردە سنووری بەکارهێنانی زاراوەکە فراوان بوو، بە جۆرێک، کە ((مانای ئەو پرۆسەی گۆڕانە پلەپلەیە دەگەیەنێت، کە لە کۆمەڵگاکاندا جێگەی دەگرێتەوە بەهۆی گۆڕانی ئەرکی دامەزراوەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانەوە، بەڵام زاراوەی پەرەسەندن بەو مانایە نایەت کە هەموو کۆمەڵگاکان بەهەمان قۆناغگەلی شارستانی و کۆمەڵایەتیدا دەڕۆن. لەبەرئەوە زاراوەی پەرەسەندن، بۆ وەسفکردنی ئەو پرۆسە گۆڕانە پلەپلەیە بەکاردەهێنرێت، کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات.)) (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ١٠٨)

منداڵ، کە لەدایک دەبێت بوونەوەرێکی بایەلۆژییە، بەڵام لە ڕێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە زانیاری و لێزانی سەبارەت بە کولتوور و ژیانی دەوروبەری پەیدا دەکات، گرنگترین و یەکەمین کەناڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خێزانە، تاک لە خێزانەوە دێتە دنیاوە و پەروەردە دەکرێت و بە ژیان و کۆمەڵگە دەناسێنرێت، لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەندا، خێزان بەتەنیا پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ بەڕێوە دەبات و تاک لە خێزانەوە فێری زمان و ڕەفتار و بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، دواتر لە ڕێگەی کەناڵەکانی تری وەک (هاوڕێ، قوتابخانە، ئاین، کولتوور، کۆڵان و گەڕەک، دراوسێ، ڕاگەیاندنەکان، دەزگاحکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و...هتد درێژە بە پرۆسەی کۆمەڵایەتی دەدرێت. هەر لەم بارەیەوە نووسەری فارس (داریوش ئاشوری) سەبارەت کەناڵ و لایەنەکانی گەشەسەندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە چەند شتێک دەکات و دەڵێت: ((هەندێک مرۆڤناسەکان بڕوایان وایە، کە لایەنە سەرەکییەکانی قەوارەی کۆمەڵایەتی، وەک ڕێکخراوی گەورەش (clan) تەشەنە دەستێنن، بەڵام ئەو تیۆرییە ڕاستترە، کە دەڵێت ڕەهەندەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێت لەنێو خودی کۆمەڵگادا گەشە بکەن.)) (ئاشوری، ٢٠١٠: ٨٥) بۆیە ئەم نووسەرەش کۆمەڵگەی بە چەقی وەرچەرخان و گۆڕانکاری هەژمارکردووە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەش لە کۆمەڵە تاکێک پێکهاتووە هەر بۆیە ئەو تاکە خاڵی دەسپێکی گۆڕان و پێگەیاندنی

کۆمەڵایەتی بنیاتدەنێت، بەڵام ڕۆڵی ژینگەو کۆمەڵگەش لەسەر تاک و بیر و داهێنانیدا بەنادیدە نەگیراوە و تەواوکەری یەکترن. لەتیف هەڵمەت بەگرنگی و چاوی سەرنجەوە ڕوانیویەتییە بنەما گرنگەکانی کۆمەڵگە و بۆی گرنگ بووە بناغەیەکی پتەوی ڕۆشنبیریی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەمەڕ ژیان و ئاسوودەیی، هەروەها داهاتووی نەوەکانمان دابڕێژێت، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر لە کۆمەڵێک ڕووەوە هەوڵی داوە گۆڕانکاری بکات و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەوانە وەک هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، گەشەی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری، چینایەتی.

**تەوەری یەکەم: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری**

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاک لەنێو کۆمەڵگەدا دوو چەمکی گرنگن و ئاراستەی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری دەکەن. لەو بارەیەوە دەروونناس و ژینناسی سویسری (جان پیاژێ) هەوڵی دا ئەو ڕێگە و شێوازە مەعریفیانە ڕاڤە بکات، کە لەڕێگەیانەوە تاکەکەس پەی بە جیهانی دەوروبەری ببات و ئەو گۆڕانکاریانە بزانێت، کە بەو شێوازە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیاندا ڕوودەدات (پیاژێ) ((گریمانەی ئەوە دەکات، کە سروشتی ئەو پرۆسە مەعریفیانەی، تاکەکان بۆ تاوتوێکردن و بیرکردنەوە لە شتەکان بەکاری دەهێنن، لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دیکە جیاوازە، ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر تاکەکەسدا دێت، تەنها چەندێتی نییە، بەڵکو چۆنیەتیشە: چونکە ئەو پرۆسانە بە گوێرەی پێشکەوتنی تەمەن گۆڕانیان بەسەردا دێت.)) (الزغول، ٢٠١٥: ٢٠٣) (پیاژێ) بۆ گەشەی ئەقڵی تاکەکان، چەمکی بونیادی مەعریفی بەکار هێنا. بونیادی مەعریفی، کرۆکی ئەزموون و هۆشیاری دەگرێتەوە، وێڕای ستراتیژی بیرکردنەوە لەو ئەزموونانە. هەروەها (پیاژێ) پێی وایە لە میانی پرۆسەی گەشەکردنەوە بونیادی مەعریفی زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەشێوەیەک بەرهەمی ئەزموونە مەعریفییەکان زیاتر دەبن و کەرەستەکانی بیرکردنەوەی تاکەکان هەمەجۆرتر دەبن. (پیاژێ) چەند فاکتەرێک دیاری دەکات، کە کار دەکەنە سەر گەشەی مەعریفی و ڕۆشنبیری و گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان. (پێگەیشتن، کارلێک لەگەڵ ژینگەی مادیدا، هاوسەنگی، کارلێک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا و ...هتد) (پیاژێ) ژینگەی کۆمەڵایەتی بە فاکتەرێکی سەرەکی پرۆسەی گەشەی مەعریفی تاکەکان لە قەڵەم دەدات: ئەو ژینگەیە سیستەمی فیکری و بیروباوەڕ و ئەو دەزگا هەمەجۆرانەی مرۆڤ دەنوێنێ، کە تاکەکەس کارلێکیان لەگەڵدا دەکات. لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، تاکەکەس ئەزموون و نەریت و شێوازی ژیان و شێوازی هەمەجۆری بیرکردنەوە وەردەگرێت. شاعیر لەم دەقە شیعرییانەدا، زیاتر ئەوهۆکارانەی دەبنە هۆی (گەشەی تاک، سەرچاوەکانی ڕۆشنبیرکردن، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی...) دەخاتە ڕوو، پاشان چارەسەرکردنی شێوازی گیروگرفتەکان، ئەوجا هەنگاوی گەشەو پێشکەوتن دەگرێتە بەر. ئەمەش لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک، پاشانیش هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەداو دەیەوێت پەیامی ئەوەمان پێبڵێت، کە تاکی هۆشیار، میللەتی زرنگ و کۆمەڵگەی بەختەوەر و سەربەخۆ دەسەبەردەکات. لەبەرئەوە ((هۆشیاری ناسین و زانینە، ئاگاداری و

هەستکردنە، پێزانین و تێگەیشتنە، کاردانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سروشتە لە مێشکی مرۆڤدا لە ڕێی هەستەکانییەوە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی زانین و تێگەیشتنە دەربارەی پێکهات و بار و دیاردە و گیروگرفت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.)) (تاهیر، ٢٠١٨: ١١٤) هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە خۆناسین و بەهای خۆ زانینەوە دەستپێ دەکات، مرۆڤ دەبێت ئەوە بزانێت، کە چەندین مافی سروشتی هەیە و نابێت زەوت بکرێن وەک (مافی ژیان، ئازادی بیر و کار، هەبوون (وجود)، خاوەندارێتی، دەسەبەرکردنی پێداویستییەکان، سەوداکردن، پیادەکردنی توانا و کارامەیی، دەسخستنی زانیاری و مەعریفە و...هتد) لە بەرانبەردا سنووری ئازادیی مامەڵەی خۆشی دەزانێت بەرانبەر بە کەسانی تر و چواردەور و کۆمەڵگە، هەروەها دەزانێت ئەرک و مافی خۆی و ئەوانی تریش چییە و چۆنە؟ بۆیە ئەمانە هەموویان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بۆ دەربڕینی توانا، هێز و وزە، کارایی، بەرهەمداری و سودگەیاندن بە تاک و کۆمەڵ پێویستن. لەم سۆنگانەوە ڕۆشنبیرییش لە چوارچێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا جێی دەبێتەوە، چونکە ((ڕۆشنبیریی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیداکراوە...سەرجەمی بیر و ڕەفتاری مرۆڤە، کە لەبیر، زمان، زانیاریی (knowledge)، ویژە، هونەر، زانست، داناییزانی، دابونەریت، بەهای کۆمەڵایەتی، کەلەپوور، ڕەوشت، باوەڕ، ئاین و شێوەی ژیان پێکهاتووە.)) (سادق، ٢٠٠٨: ٣٢) ئەم گەشەی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی و ڕۆشنبیرییەش تایبەتە بە مرۆڤ، چونکە ((لەنێو سەرکۆی بوونەوەراندا تەنیا مرۆڤ توانای هەیە پەرە بە هەڵسوکەوتە دەسهاتووەکانی (مکتسب)، بدات و لە ڕێی فێرکردن و فێربوونەوە بیانگوازێتەوە، هەروەها سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیشی ئەوەندە جۆربەجۆر و ئاڵۆزن، کە شێوە کۆمەڵایەتییەکانی هیچ جۆرە بوونەوەرێکی تر وەک هی ئەو نابن.)) (الشماس، ٢٠٠٤: ١١٠)

یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی (هەڵمەت) ئەوەیە، زۆر بە وردی ئاگاداری ژیان و هۆکار و پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی دواکەوتن و ناهۆشیاریی نەتەوەکەی خۆیەتی. لە ڕێگەی هەندێک کۆدەوە کەناڵەکانی (چاکسازی، هۆشیاری و ڕۆشنبیری) ئاماژەپێدەدات. یەکەم خاڵی وەرچەرخانی ئەرێنی کۆمەڵایەتی دەسنیشاندەکات. ڕاستەوخۆ بازنادات و بەوردی هەنگاوی چاکسازی هەڵدەگرێت. لێرەدا بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر زیاتر پشتمان بەو دەقانە بەستووە، کە بۆ منداڵانی نووسیوە، لەبەرئەوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکێکی دروست لەنێو کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا لە بنەڕەتەوە دەستپێدەکات و ئەو وێستگەیە دەبێتە یەکەم کەناڵی پەروەردەکردنی تاک، بۆ نموونە (هەڵمەت) لە دەقە شیعری (گوندەکەمان)دا دەڵێت:

**خەڵکی گوندەکەمان**

**لەچایخانەی گوندەکەمان دانانیشن**

**چونکە گوندەکەمان چایخانەی نیە**

**خەڵکی گوندەکەمان**

**ڕۆژنامە ناخوێننەوە**

**چونکە ڕۆژنامە ناگاتە گوندەکەمان**

**منالانی گوندەکەمان ناڕۆنە قوتابخانە**

**چونکە گوندەکەمان قوتابخانەی تیا نیە**
**خەڵکی گوندەکەمان**
**سەیری تەلەفزیۆن ناکەن**
**چونکە گوندەکەمان کارەبای تیا نیە...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٢٣)

سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە، کاتێک ڕژێمی ڕووخاوی بەعس گوندەکانی وێران دەکرد و خزمەتگوزاری لێ دەبڕین، بەڵام لە نەستی شاعیردا، کۆمەڵێک دەلالات مانا دەکرێتەوە (گوندەکەمان) ئەشێ بەڕاستی مەبەستی گوندەکە بێت، هیچ خزمەتگوزاری و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی تێدا نەبێت، یان گوندەکە دەشێت ڕەمزی بەکار هێنابێت، واتە میللەتی ئێمە.

پاشان دەڵێت خەڵکی گوندەکەمان مەبەستەکەی تۆخ دەکاتەوە، زیاتر جەخت دەکاتەوە بە دواندنی خاوەندارێتی (گوندەکەی ئێمە)، چایخانە لە کولتوور و نەریتی کوردەوارییدا شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیر و ڕایە، هەروەها شوێنی ڕۆشنبیران، خوێندەواران، سیاسییەکان... پاشان ڕۆژنامە هەم سەرچاوەی مەعریفە و زانیاری و هۆشیارییە، هەم سیمایەکی شارستانی و ژیاریی هەیە، چونکە ڕۆژنامە زادەی بیری باڵاو سەردەمی پێشکەوتنە. قوتابخانەش یەکەم پڕانی زمان و هزری منداڵ قوتابخانەیە، سەرەتای چەکەرەکردنی ڕامان و پرسیارکردن لە قوتابخانەوە بناغەی دادەڕێژرێت. لە کۆتاییشدا ئاماژە بە کارەبا دەکات، کە لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتندا سەرچاوەی زۆر گۆڕانکاری ژیان بە کارەبایە و بەکارەباش ئەو گۆڕان و کارە پێشکەوتنخوازانە ئەنجامدەدرێت. لەبەر ئەوە (هەڵمەت) زۆر بە وردی خاڵ و بناغەی (پێگەیاندن، ڕۆشنبیری، هۆشیاری، چاکسازیی کۆمەڵایەتی.) دەسنیشانکردووە، ئەوەشی پێ گوتووین، کە گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوێوە دەست پێ دەکات و چۆن بنیات دەنرێت. ئەگەر لە گونددا چایخانە نەبێت بەشێک لە خەڵکی لادێ لەیەک دادەبڕێن و ئاگایان لە ڕووداو و هەواڵەکانی یەکتری نابێت، تەنیا سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی خۆیان دەبن. یان ئەگەر ڕۆژنامەیان پێنەگات، بێئاگا دەبن لە هەواڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش، نەک هەر هەواڵ، زانیاری، مەعریفە، ڕۆشنبیری گشتی... پاشان نەبوونی قوتابخانە واتا داڕووخانی زانست و بیرکرنەوە و فیربوون... کەناڵێکی تری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنە چ بینراو، نووسراو، بیسراو... زانیاری و وەرگرتن لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە زووتر دەکات، چونکە بۆ هەموو چین و توێژێکە لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە زانیاری دەگەیەنێت.

له دەقێکی تردا بە ناونیشانی (کوردستان) شاعیر جەخت لە گرنگیی قوتابخانە دەکاتەوە لەسەر زاری پیرەمێردێکەوە، چونکە لە قوتابخانەوە تاک فێری نووسین و خوێندەواری، زانیاری، هۆشیاری، سەرچاوەکانی ڕۆشنگەری و مەعریفە دەبێت:

**کوردستان**

**پیرەمێردێ**
**چووە قوتابخانەی گوندێ**
**لە حەوشەکەدا ڕاوەستا**
**دەورەیان لێدا مامۆستا**
**ها خاڵە گیان**
**چیت گەرەکە ها خاڵە گیان**
**پیرەمێردی بەستە زمان**
**کە لاواز بوبو وەک گۆچان**
**وتی توخوا مامۆستا گیان**
**فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان.**

(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٥)

لەم دەقەدا شاعیر لە خەمی قووڵی پیرەمێردێکەوە کلیلی ڕاڤەی دەقەکەمان پێدەدا. ئەو پیاوە پیرەی گوندەکە دەزانێت، خەمی قووڵی نەخوێندەواری و نەزانین چەند سەختە. لە لایەکی ترەوە دەیەوێت پێمان بڵێت هۆکاری نەزانی و نەخوێندەواری من بەهۆی گوندەکەمانەوە بووە، چونکە کاتی خۆی لە گوندەکەماندا قوتابخانەی تیا نەبووە، بەڵام کە ئێستا قوتابخانەی تیایە، ئەوەتا هاتووم، ئێستاش درەنگ نییە دەمەوێت فێربم. یەکەم شتێکیش، کە داوای دەکات فێری ببێت، نووسینی وشەی (کوردستان)ە، لەبەر ئەوەی دەزانێت بێوڵاتی و بێناسنامەیەتی چ ئەستەم و چەند قورسە. خاڵێکی تر، کە لە پەیامی دەقەکەدا بەدیدەکرێت، هیچ کاتێک و لە هەر شوێنێک و لەچی تەمەنێکدا بیت درەنگ نییە بۆ فێربوون، بۆیە لە هەوڵ و کۆشش مەوەستن. لایەنێکی تری جەخت لە گرنگی مەعریفە و ڕۆشنبیری دەکاتەوە، ئەم پەیامەشی بۆ نەوەکانی داهاتووە، هیچ کاتێک کەمتەرخەم مەبن لە بەدەستهێنانی زانیاری و ڕۆشنبیری. لە کۆتاییدا ئەوەمان پێدەڵێت ئەو پیاوە پیرە چەند هۆشیاری ئەوەی هەیە، چونکە خۆی بەدەردی نەزانی و نەخوێندەواریدا ڕۆیشتووە و نایەوێت نەوەکانی تری بە دەردی خۆی بچن، هەر بۆیە وەها بە پەرۆشەوە دێت و داوای فێربوون و زانیاری و هۆشیاری دەکات.

له دەقێکی تریدا بە ناوی (شیری دایک) شاعیر جەخت لە هۆشیاری تەندروست و ڕۆشنبیری خۆراکی منداڵان دەکاتەوە، کە نەوەکانمانیان لەسەر پەروەردە بکەین:

**شیری دایک**

**دایە شیری خۆتم بەرێ**
**شیری قوتوم مەدەرێ**
**شیری دایک خاوێنە**
**بۆ منداڵ گۆشت و خوێنە**
**منداڵ شیری دایکی خۆی**
**دەرمان و خۆراکە بۆی**
**ئەی دایە گیان کۆرپەکەت**
**کۆرپە جگەر گۆشەکەت**
**بەخێوکە بەشیری خۆت**
**دەبێتە قەڵایەک بۆت**
**لەش ساغ و بەهێز دەبێ**
**نیشتمان پارێز دەبێ.**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٣٢)

شاعیر لە دەقەکەدا پرسیار و وەڵامێکی هۆکاری و مەرجداری زۆر وردی دروست کردووە:
منداڵ داوا دەکات و دەپرسێت:
دایە شیری خۆتم بەرێ
شیری قوتوم مەدەرێ
دایک وەڵام دەداتەوە بۆچی...؟
منداڵ، چونکە... شیری دایک خاوێنە.
چونکە... بۆ منداڵ گۆشت و خوێنە.
چونکە... شیری دایک دەرمان و خۆراکە.
چونکە... ئەگەر بەشیری خۆت بەخێوتکرد، دەبێتە قەڵایەک بۆت.
چونکە... لەش ساغ و بەهێز دەبێت.
چونکە... نیشتمان پارێز دەبێت.

بەم پرسیار و وەڵامەی، کە لە هەناوی دەقەکەدا دروستی کردووە، هەموو ئەو هۆکارانەی باسکردووە، کە بۆچی داوا لەدایکی دەکات شیری خۆی پێبدات و شیری قوتوی پێنەدات. لە دەقی دووەمی (شیری دایک٢) شاعیر بە شێوازێکی تر و بە جۆرێکی دیکە، لەسەر زاری منداڵەکەوە داوادەکات دووبارە شیری خۆی پێبدات، بەڵام ئەمجارەیان داواکارییەکەی ڕێز و لوتف و خۆشەویستی زیاتری تێدایە. لە دەقی یەکەمدا زیاتر بە شێوازی داخوازی و فەرماندان داوای کردبوو، تێگەیشت، کە ئەم شێوازە شایەنی ڕێز و گەورەیی دایک نییە، بۆیە هەموو

ئەمانە پەیامی (پەروەردە، پێگەیاندن، ڕێز و مامەڵەی کۆمەڵایەتی) تێدایە، ئەم جارە بەم شێوازە داوا دەکات:

**شیری دایک٢**

**تکایە ئەی دایە گیان**
**دایە...دایکی میهرەبان**
**شیری قتووم مەدەرێ**
**شیری خۆتم بدەرێ**
**تۆ بتەوێ و نەتەوێ**
**شیری خۆتم پێ دەکەوێ**
**گەر دەتەوێ لەش ساغ بم**
**زوو پێبگەم و هەڵچم**
**شیری قوتوم مەدەرێ**
**شیری خۆتم بدەرێ.**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٦١)

لەم بەشی دووەمی دەقەکەدا شاعیر بە زمانێکی سادە کۆمەڵێک پەیام لە (ئاکاری کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی تەندروستی، ڕۆشنبیریی خۆراکی و...هتد) دەگەیەنێت.

یەکەم: فێرمان دەکات لە مامەڵەدا بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکەین و پەیام و داواکارییەکانمان بە شێوازێکی جوان چۆن بگەیەنین. هەروەها چۆن مامەڵەی تەمەن و ڕەگەز و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بکەین.

دووەم: ئەگەر هەر داواکارییەکمان هەبوو، دروست وایە ڕوونی بکەینەوە لەبەرچی ئەو داواکارییەمان هەیە، لەوەڵامەکاندا یەک بەیەک دیاریکراوە، پێمان دەڵێت لەبەر ئەم هۆکارانەیە داوادەکەم دایکم شیری خۆییم پێبدات.

لەم دوو دەقەدا ئەم پەیامانە بوونی هەیە (مامەڵەی کۆمەڵایەتی پڕ لە ڕێز، شێوازی داواکاریی جوان، ڕێنمایی تەندروستی، هۆشیاری و ڕۆشنبیری خۆراک، ئەرک و مافی پەروەردەیی، مامەڵەی دروستی ڕەگەز و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، داواکاری مەبەست و مەرامی ڕەوای هەبێت.) ئەم ڕەگەزانە بەشێکی گرنگی گەشەی کۆمەڵایەتیی (تاک، خێزان و کۆمەڵگە)ن.

شاعیر لە دەقێکی تردا بە ناونیشانی (ڕۆژەکانی هەفتە) پەیامێک ئاڕاستەی منداڵان دەکات و جەخت لە چەند ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و گرنگیی هۆشیاری لە ژیانی منداڵاندا دەکاتەوە، وەک گرنگیی کات، کاری کۆمەڵایەتی، ئەرک، ماف، ڕەنگڕێژیی پلان و...هتد. هەروەک دەڵێت:

**ڕۆژەکانی هەفتە**

**شەممە بۆ قوتابخانە چووم**
**یەکشەم ئەلفو بێ فێربووم**

**دووشەم بە نوکی پێنوسم**
**توانیم ناوم بنووسم**
**سێ شەم بە خەتێکی جوان**
**نووسیم ناو نیشتمان**
**هەروەها ڕۆژی چوارشەم**
**فێری کردم مامۆستاکەم**
**مامۆستای دڵسۆز و خۆشەویست**
**یەک بنووسم هەتا بیست**
**پێنج شەم لەسەر تەختە ڕەشە**
**نووسیم کوردستان چوار بەشە**
**ڕۆژێ بە ئاشتی یا چەک**
**هەر چوارەکەی دەکەین بە یەک**
**لە پۆلدا گشت قوتابێکان**
**کردیان بە چەپڵە ڕێزان.**
(هەڵمەت، ٢٠٠١: ٣٠)

لەم دەقەدا شاعیر بە وردی ڕۆژەکان دابەشدەکات، کە پابەندی کات بین و بزانین چۆن کارەکانمان ڕادەپەڕێنین، پاشان پلەپلەیی و ڕیزبەندی کارەکانمان بۆ دەست نیشان دەکات، لەسەرەتا و یەکەم خاڵەوە هەنگاو بنێین، پێبەپێ بەرەو کۆتایی و تەواوکاری بڕۆین. شەمە یەکەم ڕۆژی هەفتەیە بۆ قوتابخانە دەچێت، پاشان لە یەکشەمەدا ئەلفوبێ فێردەبێت، دووشەمە فێری نووسین دەبێت و قەڵەم دەگرێتە دەست... بە زنجیرە و یەک لە دوای یەک، هەر ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هەفتە شتێکی تازە فێردەبێت، هەتا دێت زیاتر فێردەبێت و کامڵتر دەبێت. ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکانی ناو ئەم دەقە کارەکانی ڕۆژانەمان ڕێکبخەین و ئەنجامی بدەین لەناو کۆمەڵگەدا، دەبین بە کەسێکی زۆر ڕێک و خاوەن بەرنامە، ئەمانە بنەماگەلێکی گرنگی گەشەی کۆمەڵایەتین. ئەم شیعرە لەناو خۆیدا پەیامێکی نیشتمانی هەڵگرتووە، کە شاعیر ویستوویەتی ئەوە بە گوێی منداڵاندا بدات، کە کوردستان چوارپارچەی لێکترازاوە و ڕۆژێک دادێت بە شەڕ بێت، یان ئاشتی هەموویان پێکەوە دەلکێنینەوە.

لە دەقێکی تردا بە ناوی (نووسین) شاعیر چەند بنەمایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، کە سەرچاوەی ئاسوودەیی و گەورەیی ژیانی مرۆڤ لەو چەند بنەمایە پێکهاتووە:

**نووسین**

**بنوسە ئەی هاوڕێ گیان**
**بە پیتی ـ کاف ـ دەست پێ دەکا کوردستان**
**بنوسە ئەی هاوڕێی من**
**بە پیتی ـ سین ـ دەست پێ دەکا سەرکەوتن**

**بنوسە ئەی هاوڕێی دڵسۆز**
**بەپیتی ـ نون ـ دەست پێ دەکا وشەی نەورۆز**
**بنووسە ئەی هاوڕێکەم**
**خۆشترین دێیە دێکەم.**
(هەڵمەت، ٢٠٠١: ١٧)

شـــاعیر ئەم بنەمایـــانەی بە شـــێوازێک داڕشـــتووە، کە هەرکەس بیخـــوێنێتەوە ســـەرنجی ڕادەکێشـێت و پەلکێشـی قـووڵی نـاوەڕۆکەکەی دەکـات، سـەرەتا بە چەنـد دەنگێـک دەسـت پێ دەکات، پاشان ئەو دەنگانە لە دەربڕینێکدا ناوەڕۆکێکی قووڵ و پڕ مانا لەخۆدەگرێت.

بنەمـای یەکەم: لەڕێـگەی دەنگـی (ک)ـەوە، پەلکێشـی نـاو جیهـانی نەتەوەیـی و نیشـتمانی (کوردستان)مان، دەکات بەوەی چەند گرنگە مرۆڤ وڵاتی خۆی خۆش بوێت.

بنەمای دووەم: لەڕێگەی دەنگی (س)ـەوە، دەمانباتە ناو پرۆسـەیەکی زۆر گرنگەوە، ئەویش دەبێت زۆر بەوردی مـامەڵە لەگەڵ پرۆسـەی (سـەرکەوتن)دا، بکەیـن، چـونکە پـلان و وردیـی و هەوڵـی باشـی دەوێـت، ئەگەر بمانەوێت زۆر بە ئاسـانی بە دەسـی دەهێنـین، بەڵام ئەگەر وریـا نەبین ئەوە نەک سەرکەوتن دەسەبەر ناکەین، بەڵکو دوا دەکەوین و دەبین بە پاشکۆ.

بنەمای سێیەم: لەڕێگەی دەنگی (ن)ـەوە، دەچینە نـاو بۆنەیەکی گرنگی نیشـتمانی تـاکو بزانین چۆن چۆنی و...؟ هەروەها پێویستە بە چاوی ڕێزەوە تەماشای بۆنە نیشـتمانی و نەتەوەییەکـان بکەین و سیما و خەسڵەتی ناسنامەی نەتەوەییمانە.

بنەمـای چـوارەم: دەبێت زێد و شـوێنی لەدایکبـوون و گەورەبوونمـان، کە دێیەکەمـانە خـۆش بوێت و ڕێزی بگرین و خزمەتی بکەین، بەلای ئێمەوە خۆشترین شوێنی سەر زەوییە.

لە دەقێکـی تـردا بەنـاوی (دایکـم) شـاعیر بنەمـایەکی تـری گرنگـی پێگەیانـدنی کـۆمەڵایەتی دیاریـدەکات، لە ڕێـگەی پێزانینمـان بەرانـبەر هەوڵ و مانـدووبوون و پەروەردەی دایکمـان، هەروەها تێبگەین چۆن و چەند ڕەنجی لەگەڵ کێشـاوین، دواتریش فێری ئاکاری مرڤدۆسـتی و پێکەوەژیانمان دەکات:

## دایکم

**دایکم شووشەی پەتجەرەکانی شوشت**
**بەڕەو ڕاخەری ژێر پێمانی شوشت**
**دایکم هەموو ژوورەکانی شوشت**
**هەموو چینی و بلورەکانی شوشت**
**هەموو شتە چڵکنەکانی شوشت دایکم**
**هەموو سووچ و قوژبنەکانی شوشت دایکم**
**بە خەندەوە دایکم پێی گوتین هاوینە**
**دەبێ هەموو شتێ بشۆم منالینە**
**دوایی هات و بە دەستە نەرمەکانی**

**جل و پۆشاکی گشتمانی شوشت دایکم**
**دوای جل شتن..هات بە سۆز و میهرەبانی**
**خەمی دڵی هەموومانی شوشت دایکم.**
(هەڵمەت، ٢٠٠١: ٣٨)

لەم دەقەدا چەند ڕەهەندێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ڕەنگڕێژ دەکات.
یەکەم: بنەمایەکی بەرجەستە و فیزیکی
دووەم: بنەمایەکی مەعنەوی
سەبارەت بە بنەمای یەکەم دایکی کەرەستە بەرجەستەکان دەشوات و پاکیان دەکاتەوە وەک: شوشەی پەنجەرە، ڕاخەر، ژوورەکان، شتی چڵکن، کون و قوژبنی ژوورەکان، بلوری چراکان... بەڵام لە بنەمای دووەمدا لایەنە ڕووحی و مەعنەوییەکانی شووشتووە و دڵ و ناخیانی لە (خەم، ئازار، ڕق و قین...) پاککردووەتەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگەیەکی زۆر باشی بنیاتناوە دوور لە خراپە و ئاریشە و بەڵا و ئاشووب...
(هەڵمەت) لە دەقێکی تردا بە ناوی (بۆ هەندێ لە ڕەخنەچییەکان) جەخت لە گرنگیی کات و ڕۆڵی لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتیی تاک و کۆمەڵگەدا دەکاتەوە و دەڵێت:
**کات و مرۆڤ**
**بەردەوام دەجەنگن**
**لاکی مرۆڤ قەل و داڵیان کۆکردۆتەوە**
**بەڵام تاکو ئێستا**
**پەیامنێری هیچ ڕۆژنامە و ئێزگەیەک**
**هەواڵی کوژرانی کاتیان**
**ڕانەگەیاندووە**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ١١٩٠)
لەم دەقەدا، شاعیر جەخت لە گرنگی کات، بۆ ژیان و مرۆڤایەتی دەکاتەوە، چونکە ئەوە مرۆڤە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات و لە ڕێگەیەوە دەسەبەری ژیانێکی باڵاو بەختەوەر بکات. هۆشیارییمان پێدەدات، کە دەبێت ئێمەی مرۆڤ خۆمان لەگەڵ کاتدا بگونجێنین، چونکە هەموو جار (کات) سنگی ئاوەڵایە و ئامادەیە خزمەتمان بکات و لەگەڵمان چاکەکاربێت. لەم دەقەدا باس لە جەنگی نێوان (مرۆڤ و کات) دەکات، گەرەکێتی پێمان بڵێت نەک مرۆڤ هەرکەس و شتێک لەگەڵ کاتدا بەجەنگ بێت ئەوە کات براوەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کات زۆر میهرەبان و بەخشەر و سەخییە، لەم بەراوردکارییەدا مرۆڤ کۆتایی دێت و لاشەی قەل و داڵ لێی دەئاڵێن و دەیخۆن، بەڵام نهێنی زانینی زانیاری نەمری کاتی هێشتووەتەوە، کە کەس نازانێت چیە و چۆنە...؟ دووبارە (هەڵمەت) نەیتوانیوە خۆی لەو پەروەردە ئاینییەی خێزانەکەی دابماڵێت و پێمان دەڵێت گرنگی کاتتان بیرنەچێت و بیقۆزنەوە و کاری چاکی تیا ئەنجام بدەن، بە بەڵگەی ئەوەی دەڵێت، (لاکی مرۆڤ قەل و داڵیان کۆکردۆتەوە)، چونکە خوای گەورە لە سورەتی

(العصـر)دا دەفەرموێت ((وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الإنسَـانَ لَفِـي خُسْرٍ (٢) إلاَّ الَّـذِينَ آمَنُـوا وَعَمِلُـوا الصَّـالِحَاتِ وَتَوَاصَـوْا بِـالْحَقِّ وَتَوَاصَـوْا بِالصَّـبْرِ (٣))) واتە: (سـوێند بە كـات. ئـادەمیزاد لە زەرەمەنـدی و خەسارەتمەندیدایە، جگە لەوانەی، كە باوەڕیان هێناوە و كار و كردەوەی چاكیان ئەنجام داوە. هەروەها ئامۆژگاریی یەكتریشیان كردووە، كە هەمیشە پابەندی حەق و ڕاسـتی بـن و خـۆگر و ئارامگریش بن.) (الصابوني، ٢٠٠٤: ٥٣٧)

فەیلەسووفانیش لەبارەی چەمكی كاتەوە تێروانینی تـایبەتی خـۆیان هەبـووە و وەك بـابەتێكی گرنگ لێیان ڕوانیوە، بۆ نموونە فەیلەسـووفی ئەڵمـانی (مـارتن هایـدیگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) لە كتێبـی (بـوون و كـات)دا، كە لە سـاڵی (١٩٢٧)دا نووسـیویەتی، بـایەخێكی زۆر بەم چەمـكە دەدات، تەنانەت كات بە بوونی مرۆڤی دادەنێت و دەڵێت: ((مرۆڤ و كات لە یەك جیا ناكرێنەوە و بەبێ بیركردنەوە لە كات، لە بوونیش ناگەین.)) (هایدیگەر، ٢٠١٣: ٥٨) هەر بۆیە كات ((پێگەی تـایبەتی هەبووە بۆ یەككلاكردنەوەی ئاریشە ئاوەزییەكان، پاشان بۆ چارەی كێشـە كۆمەڵایەتییەكـانیش، بەشێكی چارەسەر نابن، دەبێت تەنیا زەمەن چارەسـەری بكات.)) (سـاڵەیی، ٢٠١٣: ٤٦) پەیـامی ئەوەمان پێدەڵێت، كـات زۆر گرنگە و بێبەرانـبەر لەبەر دەسـتاندایە، بۆیە بزانن چۆن مـامەڵەی لەگەڵدا دەكەن و بۆ خۆتان بەختەوەری تێدا دەسەبەر بكەن. ڕەهەنـدی كـات و گرنگییەكەی بـۆ ژیـانی مـرۆڤ و گەشـەی كـۆمەڵایەتی، یەكـێكە لە ڕەگەزە جـوانە هۆشـیارییەكانی شـیعری (هەڵمەت)، كە تێیدا گەشە بە تاك و كۆمەڵگە دەدات.

لە شیعری (من دەتوانم)دا، شاعیر بنەمایەكی تری هۆشیاری و ڕۆشـنبیریی كۆمەڵایەتیمـان بـۆ دیاری دەكات، ئەویش ئەوەیە جیاوازی لە نێوان (گوفتار و كردار)دا دەكات:

**من دەتوانم**
**بیابان ئاوسكەم بەخەون**
**من دەتوانم**
**زمانی ڕەخنەچی ببڕم**
**بیكەم بە پێڵاو بۆ ژن...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ١١٩٠)

پێمـان دەڵێت، ڕاسـتە نیـاز و قسـەكردن گـرنگن بـۆ سـەرەتای دەسـپێكی كارەكانمـان، بەڵام ئەوەی لە كۆتاییدا سەنگی مەحەكە كردارە... بۆیە دەڵێت ئەگەر تەنیا لەشوێنی خۆمانەوە و هەر بەقسە دەتوانین هەرچی شتە مەحاڵەكانە بەرجەستەی بكەین، یان دەتوانین خەیـاڵپڵاو بین و بە خەیـاڵ هەمـوو شـتێك دروسـت بكەیـن، لەسـەر بنەمـای خەیـاڵ شـاعیر دەتوانێت لەنزیكتـرین و بەكەمترین كات بیابان ئاوس بكات... ئەوەی نـاوەڕۆكی ئەم دەقەی جوان كردووە و بنەماكـانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لەسەر بنیاتناوە ئەوەیە، كە نموونەی بەبیابان هێناوەتەوە، چونكە بیابـان (وشكە، چۆڵە، نە ڕووەك، نە زیندەوەر، نە مرۆڤی تێدا ناژێت، توانای بووژانەوە و ڕواندنەوەی نییە، ئەگەر هەشـیبێت زۆر لاوازە، ڕەگەزی ژیانی تێدا نییە، خـاكی لەبـارنییە بۆ گەشـەكردن و زیادبوون و...هتد) كەچی شاعیر بە خەیاڵ و قسە دەتوانێت ئەو هەموو مەحاڵە پووچ بكاتەوە و ئاوسـی بكـات. ئاوسـبوون هەر بە تەنیـا پرۆسـەیەكی بـایەلۆژی نییە، بەڵكو جـووڵە و گەشـە و

ژیان و بەردەوامی تێدایە، چونکە پرۆسەی جووتبوون و زیادکردن پرۆسەیەکی زیندەوەریانە و جووڵە و زیادبوونە، لە نێوان دوو ڕەگەزدا ڕوودەدات. کەوابوو پرۆسەی ئاوەدانی و ژیانە، بە پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی بیابانەوەیە. لەبەر ئەوە دەڵێت دەبێت ئێمەی مرۆڤ خۆمان لە خەیاڵات و بیروباوەڕی پڕوپووچ بە دوور بگرین و واقیعییانە مامەڵە بکەین و بتوانین پەرە بەژیان و لایەنە کۆمەڵایەتی و گەشە ڕۆشنبیرییەکانمان بدەین. بۆ ئەم مەبەستەش کارکردنی بەڕاستی و بەردەوامی دەوێت.

لە دەقێکی تریدا شاعیر بەناوی (هێز) بنەمایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سەرکەوتن لە ژیاندا دەسنیشان دەکات:

**هێز**

**گشت وشەکان کۆبوونەوە**

**بوون بە درێژترین هۆنراو**

**گشت چراکان کۆبوونەوە**

**بوون بە ڕووناکترین هەتاو**

**هەموو ئاوەکان یەکیان گرت**

**بوون بە مەزنترین لافاو**

**بوون بە دارێک... گشت دارەکانی دارستان**

**بەهێزترین تەوریان شکان...!**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥١٤)

لەم دەقەدا (هەڵمەت) باس لە گرنگی (هێز، یەکگرتن، تەبایی و ...هتد) دەکات، پێچەوانەی ئەمانە نەمان و لەناوچوونە، بۆ ئەم مەبەستەش بەرزترین پلە و ئاستی دەسنیشان کردووە دەڵێت:

گشت وشەکان ... درێژترین هۆنراو

گشت چراکان ... ڕووناکترین هەتاو

هەموو ئاوەکان ... مەزنترین لافاو

گشت دارەکان ... تێکشکاندنی بەهێزترین تەور

پاشکۆی (ترین) لە کۆتایی وشە و دێڕەکان، بۆ پلەی باڵا و لووتکەیە. هەر ئەوەش نا، بەڵکو شتە جوان و پێویست و سودبەخشەکان لەیەکبوون و یەکانگیرییدایە. (هۆنراوەی جوان و ناسک، هەتاو، لافاو، لەناوبردنی ستەم و زۆرداری...) ئەنجامی لێکتێگەیشتن و یەکگرتنە، ئەگەر پێچەوانەی ئەم بنەمایانە مامەڵە بکەن ئەوە وشەکان بایەخ و جوانیی و مانایان نامێنێت، چراکان ڕووناکییان نابێت و دەکوژێنەوە، ئاوەکان پەرت و بڵاودەبن وتیا دەچن، تەور یەکە یەکە دارەکان لە ڕەگ و بنجەوە دەبڕێتەوە و دەریان دەهێنێت و ملیان دەپەڕێنێت... لە کۆتاییدا خاڵێکی دیاریکردووە، کە وێنەیەکی شیعریی جوانی ئاوەژووی دروستکردووە، زۆر باڵایە و پڕە لەئێستاتیکا، لە بنچینەدا تەور دار دەبڕێتەوە و لەناوبەرە، دار بڕاوەیە، کەوابوو تەور بڕەڕە، داریش بڕدراوە، بەڵام یەکگرتنی زۆری دارەکان وای کرد تا سنوورێک تەور توانای بڕینەوەی دارەکانی هەبوو پاشان لە کار کەوت و شکا، کۆمەڵێک دار لە پێشەوە بوون بە قوربانی بۆ

ئەوەی دارەکانی تر بە ئاسوودەیی بژین. لەم دەقەدا بنەمایەکی گرنگی ئاسوودەیی و ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەختەوەرمان بۆ دروستدەکات، پێمان دەڵێت ئەگەر ئاوها بوون ئەوە لە هەموو ترس و خەتەرێک ڕزگارتان دەبێت بە ئاسوودەیی دەژین و ژیانێکی شایستە و پڕ لە خۆشیتان دەبێت، بۆیە چاوبدەن و تەماشابکەن، کە هێزی یەکگرتن، هیچ هێزێک ناتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕاگرێت. لەم دەقەدا شاعیر هێزی بەرگەگرتن و کاردانەوەی یەکگرتن بەهێزبوونە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی باسکردووە، بەڵام دواتر لە دەقە شیعری (داستانی برایەتی دوو ڕووبار)دا، شاعیر ئەنجامی یەکگرتووی کۆمەڵێک شتی زۆر سەیر ڕوودەدات، هەرچی یاساکانی ژیانە پێچەوانە دەبێتەوە، ڕەگەزی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، چونکە هەندێک کۆد دەکاتەوە زۆر سەیر و جێگەی تێڕامانە، دوو هاوکێشە ئاوەژوو دەکاتەوە.

یەکەم: ئەوەی، کە ناشێت ببێت، دەیکات بە شایەنی ڕوودان و دەشێ ببێت.

دووەم: ئەوەی شایەنی بوون و ڕوودان نییە و ئەقڵ وێنای ناکات، ئەو دەیکات و زۆر بەئاسانیش ئاوەز باوەڕی پێ دەکات:

**دوو دڵۆپە ئاوی ڕۆشن**
**دوو دەنکە زیخ بەریگرتن**
**بوون بە دوو شەپۆلی ڕووناک**
**زیخەکانیان برد وەک خاشاک**
**دوو تاشە بەرد هاتنە ڕێیان**
**وردیان کردن لە ژێر پێیان**
**دوو بەربەست لە پۆڵاو ئاسن**
**ڕێگایان لێ بەستن تون تون**
**بوون بە دوو زێی پڕ هاژە هاژ**
**بە جووت لوولیان کردن وەک کاژ.**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٩٥)

دوو دڵۆپە (ئاو) لەگەڵ دوو (زیخ) دڵۆپە ئاو: کەمە، نەرمە، توانادار نییە، بە ئاسانترین شێوە لەناو دەبرێت و دەتوێتەوە... دوو زیخ، ڕەقە، تواناداره، بەرگە دەگرێت، ئازاربەخشە... شوناسی ئاو لەوێدا چاکسازە، حەقی لەسەر کەس نییە، دەڕوات بەرەو هەواری خۆی، ملی ڕێگەی گرتووە، نە چووەتە ڕێگەی کەس، بەڵام بە پێچەوانەوە دوو زیخ لەوێدا ڕێگرن. لە نەریتی کوردەوارییدا (ڕێگر) بە هەموو جۆرەکانییەوە خراپە. دوو ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی گرنگ هەڵگری سیما و ناوەڕۆکی دەقەکەیە.

- ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی (تەبایی، یەکگرتوویی، نیازپاک، چاکەخواز...)
- ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی نەرێنی (ڕێگرتن، ناتەبایی، نیازخراپی، شەڕخوازیی...)

لە یەکەمدا خەسڵەتی یەکگرتن و چاکە: هێزە، مانەوەیە، سەربەرزییە، بەدەسهێنانی پاڵپشتی دەوروبەرە... لە دووەمدا خەسڵەتی ڕێگرتن و خراپە: بێهێزییە، نەمانە، سەرشۆڕییە، دۆڕانە، لەناوچوونە... لەیەکەمدا، شەپۆل و ڕووناکی چێدەکات، هەردووکیان سەرچاوەی ژیانن. لە

دووەمدا ڕامالّین و خاشاک دروستدەبێت، هەردووکیان سەربار و زیادەن و بۆ فڕێدانن. لە یەکەمدا، چونکە خەسڵەتی (نیازپاکی، چاکسازی، خزمەت)ی تێدایە، بەردەوام بەهێزدەبن. لە دووەمدا، چونکە خەسڵەتی (ڕێگرتن، تێکدان، نیازخراپ)ی تێدایە چەند گەورە ببن و ببن بە تاشەبەردیش، ئەنجامیان ورد و خاشبوونە لە ژێر پێی ئەو دوو دڵۆپە ئاوەی، کە بوون بە شەپۆل، لە کاردانەوەی ڕەفتاری خراپ و نابەجێ و تێکدەرانەدا، پاشان دوو زیخ و تاشەبەردەکان بوون بە پۆلا و ئاسن، دوو دڵۆپە ئاو و شەپۆلەکان بوون بە دوو زێی گەورە، لوولیان کردن و ورد و خاشیان کردن. بۆیە ئەگەر لە مامەڵە و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکاندا چەند بچووک بن، نەرمونیان بن، بەڵام چاکەخواز و نیازپاک بن، یەکگرتوو و تەبا بن، هەمیشە بەهێز دەبن، پاڵپشتتان دەبێت و دەمێننەوە، بۆ خۆتان ئاسوودە دەبن و بۆ دەوروبەریش فەڕ و بەرەکەت، بەڵام ئەگەر ناتەبا بن، نیازخراپ بن، چاکساز نەبن، چەند ڕەق بن، بە هێزبن... ئەنجامتان نەمان و ورد و خاشبوونە.

لە دەقە شیعرێکی تردا بە ناوی (ترس) شاعیر پەیامێکی تر و بناغەیەکی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دادەڕێژێت. وەک دەڵێت:

**ترس**

**گاسنێک شکا**
**وەک منالّ گریا**
**ڕۆندک وەک پرشنگ لە چاوی تکا**
**مەگری بۆ دەگری؟**
**شکام و ئیتر زەوی ناکێڵم**
**جوتیار نایەوێم ئیتر ناتوانێ جووتم پێ بکا...**
**کەللەم لەسەرە نوێلک توورِ دەدەن**
**دەتبەن بۆ کارگە و لە کارگە دەتکەن**
**بە داس... پێمەڕە**
**یا دەشێ بتکەن بە دەمەهەڕە**
**ڕۆژێ دارتاشێ**
**بێشکەی کۆرپەڵەو**
**مێزی دلّگیرت... پێ دابتاشێ**
**ئاخر دەترسم...!**
**لەچی دەترسی..**
**دەبڵێ لەچی...؟**
**دەترسم بمکەن**
**بە دەمە بڕبەن**
**کێردم پێ تیژکەن**

**یا دەشێ بمکەن:**
**بە ڕیزێ چەقۆ**
**شەوێ بمچێنن لەناو دڵی تۆ...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٠٦)

لەم دەقەدا شاعیر باس لە ڕۆڵ و ئەرکی کۆمەڵایەتی دەکات، لە کاتی خۆی و لە شوێنی خۆیدا، یانی هەر کەسە و هەر شتە ئەرک و کاری خۆی، ئەگەر پێچەوانە بووەوە کارەسات ڕوودەدات:

گاسنێک شکا
وەک مناڵ گریا
ڕۆندک وەک پرشنگ لەچاوی تکا
مەگری بۆ دەگری
شکام و ئیتر زەوی ناکێڵم
جوتیار نایەوێم ئیتر ناتوانێ جووتم پێ بکا...

باسی ڕۆڵ و ئەرکی گاسن دەکات، کە کاری چاندن و زەوی کێڵان و کشتوکاڵ و بەروبوومە، بەڵام کاتێک شکست دەهێنێت و دەشکێت، بە کوڵ دەگریت لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێ بکات... لەم دەقەدا دەرگای دوو جۆر ڕۆڵ و ئەرکمان بە ڕوودا دەکاتەوە:

یەکەم: ئەرکی ڕاستەقینەی خۆت، کە هەم خۆت پێی ئاسوودەیت و هەمیش خزمەت بە هەموو لایەک دەکات و سودبەخشە.

دووەم: ئەرکێک کە ئەرکی خۆت نییە و دەیسەپێنن بەسەرتدا، خۆت پێی نا ئاسوودەیت، نەک هەر ئەوەی، کە سودبەخش نییە، بەڵکو دەبێتە بارگرانی و زیان گەیاندن بە دەوروبەر. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەرکێکی خۆت ویستەکی، ئەرکێکی سەپێنراو و ناویستەکی. یەکەمیان ئاسوودەیی تیایە و سودبەخشە، دووەمیان ئازار و تێکچوونی تیایە و زیانهێن و وەڕسکەرە... لەبەر ئەوەبوو گاسنەکە بە کوڵ گریا، چونکە پێشبینی کردبوو چی لێدەکەن و چی بەسەردا دێت.

کەللەم لە سەرە نوێلک تووڕ دەدەن
دەتبەن بۆ کارگەو لە کارگە دەتکەن
بەداس...پێمەڕە
یا دەشێ بتکەن بە دەمە هەڕە
ڕۆژێ دارتاشێ
بێشکەی کۆرپەڵەو
مێزی دڵگیرت...پێ دابتاشێ

تاکو ئێرە دەگریا و نیگەران بوو، چونکە ناتوانێت ڕۆڵ و ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت، بۆیە ئیتر بڕیاری لەسەر جێبەجێ دەکەن و بەکاری دەهێنن، بەڵام بەمەوە ناوەستێت ترسەکەی زیاد دەکات و ئۆقرەی لێدەبڕێت، دەترسێت دواتر بیکەن بە شتگەلێک نەک ئەرکی خۆی نییە، بەڵکو خراپ و زیان بەخشەو دەچێتە قاڵبی خیانەتەوە وەک چی...؟

ئاخر دەترسم
لەچی دەترسی..
دەبڵێ لەچی...؟
دەترسم بمکەن
بە دەمە بڕبەن
کێردم پێ تیژکەن
یا دەشێ بمکەن:
بە ڕیزێ چەقۆ
شەوێ بمچێنن لەناو دڵی تۆ.

لە کۆتاییدا ئەرکێکیان پێ سپارد، کە هیچ شتێک نییە لەوە خراپتربێت، ئەویش ئەوەیە بیکەن بە ڕیزە چەقۆیەک هەناوو دڵی خۆشەویستەکەی بدڕێت و سووری بکات لە خوێندا.

زنجیرە هۆشیارییەکی ئەرکداری کۆمەڵایەتی زۆر ورد و جوانمان بۆ ڕیز دەکات و دەتوانین وەک کارنامەیەک لە ژیانماندا ڕەنگ بداتەوە، ئەویش دابەشکاری ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانە. دەڵێت، ئەگەر هەر کەسەمان ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێبکەین، ئەوە خۆمان ئاسوودە دەبین و سود و قازانجیش بۆ کۆمەڵگە فەراهەم دەکەین، بەڵام ئەگەر وامان نەکرد و سەرقاڵی ئەرکی لاوەکی بووین ئەوە لە کۆتاییدا شیرازەی کۆمەڵگە تێک دەچێت و هیچ شتێک لە جێی خۆیدا نامێنێت، باش دەبێت بە خراپ و خراپیش دەبێت بە باش.

لە دەقە شیعریی (دوو دەست) هەڵمەت ڕگەزی دووانەیی (دوالیزم)ی ڕەچاو کردووە، لای زۆر کەس هەموو دووانەیەک بەرانبەر دەکەنەوە بە خەسڵەتی (چاکەو خراپە، خێر و شەڕ) بەڵام ئەم هاتووە دەڵێت، نا دەتوانین لە هەردوو باردا هەر چاکەکار و لەگەڵ کاری باشدا ببین و بەشێک بین لە تۆوی چاکە و سەرچاوەی ئاسوودەیی ژیان بین:

**دوو دەست**

**دوو دەستم هەیە**
**بە دەستێکیانم نیرگز دەچێنم**
**بەوی تریشیان شیعر دەڕوێنم**
**لەسەر ئاوێنەی هەموو پەڕەیە...!**
**دوو چاوم هەیە**
**بەچاوێکیانم سەرنجی چاوی گەشی تۆ دەدەم**
**بەوی تریشیان تێر دەڕوانمە**
**ئاسمانی بێ تەمدوو دڵم هەیە**

**یەکێکیان متۆی بۆنی گوڵاوی خەندەی تۆ بووە**

**ئەوی تریشیان شەیدای لوتکەیە...!**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٠٢)

بە دەستێک نیرگس دەچێنم و دەستەکەی تریشم شیعری پێ دەڕوێنم، دەستنیشانی دوو جۆر ژینگە دەکات.

- ژینگەی سروشتی

- ژینگەی کۆمەڵایەتی

لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێمان دەڵێت من بناغەی چاکەخوازی دادەڕێژم، لە ژینگە سروشتییەکەدا گوڵ و نێرگس دەڕوێنم، لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەشدا شیعر و چاکە و نەرم و نیانی و پێکەوەیی... دووبارە جەخت لە دووانەیی خەسڵەتی چاکە دەکاتەوە هیچ چاوێکیانم لە خراپەدا بەکار ناهێنم و جارێکی تریش دووبارەی ئاوەدانی هەردوو ژینگەکە دەکاتەوە، بە چاوێکیان سەرنجی چاوی گەشی خۆشەویست دەدات، بە چاوەکەی تریشی تەماشای سروشت و جوانی دونیا دەکات. پاشان مرۆڤ لە باری ڕاستیدا یەک دڵی هەیە، بەڵام شاعیر وەک ئەندامەکانی تری لەشی ڕۆڵی ئەو ئەندامەی دەکات بە دوو ڕۆڵ، هەروەها دەتوانێت دوو ڕۆڵیش بگێڕێت (چاکە و خراپە)، بەڵام دووبارە لە گێڕانی هەردوو ڕۆڵەکەدا ئەم دڵی بەلای خراپەدا ناچێت، جارێکیان دڵی لای بۆنی گوڵاوی خەندەی تۆیە، جارەکەی تریش دڵی لای لووتکە و سەرکەوتن و ئازادییە. پەیامی ئەوەمان پێ دەڵێت تۆی مرۆڤ دەتوانیت لە ژیاندا هەمیشە دوو ڕۆڵ بگێڕیت.

یەکەم: ڕۆڵی کەسێکی چاک، خێرخواز، نەتەوەیی نیشتمان پەروەر، سەرچاوەی ئاسوودەیی، هاوکار، بەختەوەری و گەشبینی...

دووەم: ڕۆڵی کەسێکی خراپ، نادڵسۆز، ڕەشبین، سەرچاوەی خەم و ئازار و بارگرانی، خۆپەرست... بەڵام لە هەردوو بارەکەدا تۆ لەگەڵ چاکە و چاکەخوازیدا بە و خۆت لە دووەمیان بە دوور بگرە و ببە بە کەسێک هەم ژینگەی سروشتی بپارێزە و خزمەت بکە، هەم لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا چاکسازیی بکە و ببە بە هۆکاری ئاسوودەیی خودی خۆت و پاشان کۆمەڵگەکەت.

لە دەقێکی تردا بەناوی (گۆچان) هەڵمەت ڕەهەندێکی تری کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو ئەویش نیازپاکی کۆمەڵایەتییە، نیەتی چاکەکردنە لەئێستاو داهاتووشدا واتا تۆوی ڕەگەزی چاکەخوازی لەلای تاکەکان دەچێنێت بە دەربڕینێک بڕێک لەناو سنووری خۆشەویستیدا. شاعیر دەڵێت:

**گۆچان**

**دەمەوێ ببم بە دار توویەک**

**لەبەر ماڵتان**

**دەشێ ڕۆژێ کە پیر بووی**

**لقێکم بکەی بە گۆچان.**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٦٩٢)

لەم دەقەدا شاعیر دوو کات دیاری دەکات:
یەکەم: کاتی ئێستا
دووەم: کاتی داهاتوو

لەیەکەمیاندا دەیەوێت ببێت بە دارتوویەک لەبەردەمی ماڵی ئەودا، چونکە داری توو زۆر گونجاوە بۆ ژینگەی کوردستان، ڕەهەندی کانی و ئاوی گوندەکانی کوردستانی تیا بەدیدەکرێت (بەردار و شیرینە، بەهێزە و زۆر شتی لێ دروست دەکرێت، بە گەرما و تاوسان سێبەردار و فێنکە... بۆیە لە ئێستادا دەیەوێت شیرینی بەرەکەی پێبەخشێت و پاشانیش ببێت بە سایە و سێبەر و هەوارگەی حەوانەوەی.

لە دووەمیاندا هەمان دارتوو، لە داهاتوودا بووە بە پیرەدارێکی لق و چڵ بەهێز بۆ ئەو کەسەی، کە لە ڕابردوودا لە سایە و سێبەری ئەو دارەدا ئارامی گرت و پشوویدا، بەڵام کاتێک تەمەنی هەڵدەکشێت و پیر دەبێت، پێویستی بە ڕاگرێکە، بۆ ئەمەش لقێک لە داری تووەکە بکات بە گۆچانی دەستی و هاوسەنگی بپارێزێت و خۆی پێوە ڕادەگرێت. ئەم دەقە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری تۆوی چاکە و پەیامی مرۆڤدۆستی کۆمەڵایەتی لە خۆگرتووە دەیهەوێت بڵێت با لە ئێستادا لەگەڵ یەکتردا چاکەخواز و خاوەنسایە و سێبەری ئارامگرتن بین، لە داهاتووشدا کۆڵەکە و ڕاگربین بۆ یەکتری و نەهێڵین بکەوین و بچەمێینەوە. دەتوانین بڵێین لە ناوەڕۆکی ئەم دەقەدا ئەم ڕەگەزە کۆمەڵایەتییانەی تێدا بەدیدەکرێت، (نیازپاکی، پلان، بەرنامەڕێژی کورت و پوخت، بەخشین، قوربانی، بە دەسهێنانی ئاسوودەیی ئەوانی تر، کات، خۆ بە دوورگرتن لە ئاخ هەڵکێشان و حەسرەتی لە دەسچووەکانی ڕابردوو... هتد) لە دەقە شیعری (شەکر و چا)دا، شاعیر ڕەگەزێکی تری کۆمەڵایەتی دەسنیشان دەکات، ئەویش (تەواوکاری کۆمەڵایەتییە):

**شەکر و چا**

**من دەبم بە پشکۆ**
**تۆ ببە بە ئاگردان**
**تۆ ببە بە دار سێو**
**من دەبم بە باران**
**دەبم بە گوناهکار**
**تۆ ببە بە زیندان**
**تۆ ببە بە چیا**
**من دەبم بە بەفر**
**من دەبم بە چا**
**تۆ ببە بە شەکر...**
**بە شەکر**
**بە شەکر...!**

(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٦٥٧)

جێناوی (من) گوزارشت نییە لە خودێک، تەنیا یەک کەسێک بێت، ئەو (من)ە، تەنیا (خۆم) بم بۆیە ئەو (من)ە، گوزارشتە لە (ئێمە) هەروەها جێناوی (تۆ) گوزارشت نییە لە خودی یەک کەس تەنیا (خۆت)بیت، بەڵکو ئەو (تۆ)یە، (ئێوە)ن، ئەگەر مەبەستی خودی یەک کەسیش بێت هەر مانادار و ناوەڕۆک دەوڵەمەندە. بە دیویێکی تردا ناکرێت مامەڵە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان یەکسان بکرێتەوە، چونکە ئەگەر وامانکرد، ناهاوسەنگی و شێواوی دروست دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەریەکەمان یەکەیەکی سەربەخۆ بین و بە ڕۆڵی خۆمان هەستین، تاکو ژیان تەواوتر و جوانتربێت و پێداویستییەکانی یەکتری پڕبکەینەوە.

من دەبم بە پشکۆ... تۆ ببە بە ئاگردان

نە پشکۆ بەبێ ئاگردان دەبێت و نە ئاگردان بە بێ پشکۆ دەبێت بۆیە بە یەکەوە پرۆسەکە تەواودەکەن و لە ئەنجامدا گەرمی و ڕووناکی و سەرچاوەی ژیان دەبەخشن:

تۆ ببە بە دار سێو... من دەبم بە باران

باران نەبێت دارسێو ناڕوێت، دارسێو نەبێت ڕۆڵی باران سفر دەبێتەوە، بە یەکەوە دەگەنە کام و کۆتایی و پرۆسەی (بەخشین، وزە، خۆراک، سود و جوانی) پەخشدەکەن

دەبم بە گوناهکار... تۆ ببە بە زیندان

زیندان نەبێ گوناهکار شوێنی کوێیە، گوناهکاریش نەبێ زیندان چۆڵە و بێ ڕۆڵ دەبێت. دووبارە تەواوکاری پرۆسەی کۆمەڵایەتی بە یەکەوە دەبێت هەبن. تا کۆتایی دەقەکە لەسەر ئەم نەزمە دەڕوات، بۆیە ناوەرۆکەکەی بەرجەستەکەری ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە، ئەویش پرۆسەی تەواوکاری کۆمەڵایەتی و ئاسوودەییی ژیانیش لە تەواوکاری و بەیەکەوەبووندایە.

**تەوەری دووەم: پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی**

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت لەبەر ئەوەی ئامانجی پێکهێنانی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، تاک لە بوونەوەرێکی بایەلۆژییەوە بۆ تاکێکی خاوەنکەسایەتیی باڵا دەگۆڕێت. بۆ ئەم پرۆسەیەش پەروەردە لەگەڵ زانستەکانی تری وەک (کۆمەڵناسی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی...) لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە پیرۆز و باڵاکان، لە چوارچێوەی چەند پێوەرێکی دیاریکراودا، کارلێک دەکات. پەروەردە بە واتایەکی گشتگیر ((ئەو پرۆسەیەیە، کە تەواوکاری و ئامادەکاری بۆ کۆمەڵە تاکێک لە کات و شوێن و کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەکات، تاکو بتوانن توانا و لێهاتوویی و بەها باڵاکانیان لە هەموو ڕوانگەیەکەوە بە دەستبهێنن، ئەم ئامانجەش بەڕەچاوکردنی شێوازی ڕەفتارە جیاوازەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی بەدیدێت.)) (جعنيني، ٢٠٠٢: ١٨٢) لە چەند ساڵێکی کەمی دوای لە دایکبوونەوە، منداڵ لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا کارلێک دەکات و چەند ڕەگەزێکی گرنگ و جیاوازی لەلا گەڵاڵە دەبێت، لە ڕێگەی بەرکەوتنی لەگەڵ دەوروبەردا، ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوە پەروەردە بریتییە ((لە کرداری گەشەکردن، بەو واتایەی پەروەردەکار لە ڕووی (جەستەیی، عەقڵی، سۆزداری، ڕووحی و کۆمەڵایەتییەوە تاک ئامادە بکات و فێری بەهرەی بکات، بۆ ئەوەی کەسایەتی تاک بە شێوەیەکی تەواو بونیاد بنرێت.)) (کریم، ٢٠١٨: ١٩) ئەو کردارەش پێویستی بە بەردەوامی هەیە و لە تەمەنێکی دیاریکراودا، یان لە قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندندا ناوەستێت، بەڵکو کردارەکە لە بێشکەوە تا گۆڕ بەردەوام دەبێت، هەروەک چۆن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، بەرەو نموونەیی تر و باشتر.

(ئەفلاتوون) لە پەسنی پەروەردەدا گوتوویەتی: ڕاهێنانی فیترەتی منداڵە لەسەر چاکەخوازی، لە ڕێگەی وەرگرتنی دابونەریتە شیاو و گونجاوەکان. بۆیە وایدەبینێت، هەموو جوانی و تەواوکارییەک بە بەری جەستە و دەروونندا بکرێت. (الرشدان، جعنيني، ١٩٩٤: ٢٤) هەروەها (جۆن دیوی) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ بونیادنانەوەی ئەزموونەکان، بە ئامانجی فراوانکردن و قووڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییانەی تاک.)) (عەزیز، ٢٠١٧: ٢٣) هەروەها لە ڕووی زاراوەییشەوە وشەی پەروەردە، یان پەروەردەکردن بە مەبەست هاتووە: ((بەخێوکردن، ئاگاداری، ئاڕاستەکردن، پاراستن، ڕێنومایيکردن، فێرکردن، ڕاهێنان و گونجاندنی کەسێک یان شتێک لەگەڵ ژینگەی جۆراوجۆر و پێکهاتە هەمە چەشنەکانیدا تا دوایین سنووری تەواوکاری، کە لە توانادایە.)) (ئالانی، ٢٠٢١: ٢٦) بێگومان هەریەکە لە (بەخێوکردن، فێرکردن، ڕاهێنان و...هتد) چەمک و بنەما و ڕێسا و ڕەهەندی خۆی هەیە، هەریەکەشیان بازنە و سنووری پسپۆڕێتی تایبەتی خۆی هەیە، بە کۆی هەموویان ئەو چەمکە دێتە ئاراوە، کە پێناسەی (پەروەردە)ی لێوە هەڵدەهێنجرێت و واتای مەبەستەکەی لێ دادەتاشرێت. فێرکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بەوەی، کە زۆر پێویستە بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی ئاڕاستەکراو، ئەمەش لە چوارچێوەی سەرچاوەیەکی گرنگدا، بە ئاڕاستەکردنی ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانە هەستێت لە ڕێکخستن و بڕیارداندا، لێرەوە بەهاو نرخی

پەروەردە بە دیار دەکەوێت لە ڕاڤەو تێگەیشتنی ئاکاری تاکەکاندا، لە کۆتاییدا پەیوەست و هاوبەشی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. ((ڕاهێنانی پەیوەست بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تاک لە سنووری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا، پلەبەندی و فراوانبوونی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە دەرەوەی خێزاندا، بۆیە چوونە ناو ئەو دەستە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە پلەی ڕۆشنبیری تاک زیاد دەکات.)) (الرشدان، ١٩٨٤: ١٧٧) ئەوەی وا دەکات تاک بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتیانەدا کارلێک بکات و هاوکارێکی باشی ئەزموونکردنی تاکە، بەهێزکردنی ڕەفتاری تاک لە هەموو لایەنە جیاوازەکاندا، وا دەکات زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت.

هەروەها لە کۆمەڵگەی بەهێز و کولتوور فراواندا ئەو ڕۆڵانە زیاتر دەگێڕدرێت لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر بۆیە ((گونجاندن و کارلێککردنی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا، هەروەها گەشەپێدانی خود و فێربوونی یاسا و ڕێسا و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا. دەسەبەرکردنی سەربەخۆیی و متمانە بە خود، دروستکردنی تاکێکی بەهێز و دوور لەناز و لاوازی پشت بەخۆبەستوو...)) (النجیحي، ١٩٧١: ٢٠) گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ و پێگەیشتوو. بەهێزکردنی ئەو لایەنە خودی و کۆمەڵایەتییانەی، کە پەسەندن لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییە ڕەوشتییەکان، لە چوارچێوەی دەستوورە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆسەی فێرکاریی کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگەیەوە ((تاک فێردەبێت چۆن کارلێک لەگەڵ ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات، لەگەڵ ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە ئەو ڕۆڵانە دیاریدەکەن، لە پێناو بەدەسهێنانی بەهاو ئاڕاستەی دەروونی و مەعریفی، هەروەها ڕەفتارە شێواز جیاوازەکان، کە چۆن لەگەڵ کۆمەڵدا یەکانگیرببێت و بگونجێت. دەتوانین ناوی بنێین پرۆسەی گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگا، لە تێکڕای دەزگا کۆمەڵایەتی و کارگێڕییە جیاوازەکاندا.)) (مرعي وآخرون، ١٩٨٤: ٥٥)

لەناو پرۆسەی گەشەکردندا، منداڵ لەسەرەتای تەمەنیدا ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵکو تەنیا داواکاری پڕکردنەوەی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکانە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەی پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتیدا تاک دەگۆڕێت و گەورە دەبێت، دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو، هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەستۆدەگرێت، واتا دەبێتە کەسێکی سەربەخۆ، دەتوانێت لایەنە هەڵچوونییەکانی کۆنترۆڵ بکات، خۆی بڕیار لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بدات، لە چوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەم پرۆسەیە، ((پرۆسەیەکی کەسی و سایکۆلۆجییە، پاڵپشت بە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجی بەدەسهێنانی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانە، بناغەشی لەناو کۆمەڵگادا دادەڕێژرێت. ئەم پرۆسەیە بەردەوامییە کورت ناکرێتەوە، تەنیا لە تەمەنی منداڵیدا، بەڵکو بەپێی هەموو تەمەنە جیاوازەکان بەردەوام دەبێت، لە منداڵییەوە بۆ هەرزەکاری پاشان بۆ کامڵبوون و پیری، دواتریش مردن.)) (زهران، ١٩٧٧: ٢٥٨) پرۆسەیەکی دینامیکییە کارلێککردن و گۆڕانکاری لە خۆ دەگرێت، چونکە ((تاک کارلێک دەکات لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ و پاشان کۆمەڵگاکەی، لەم پرۆسەیەدا هەم وەردەگرێت، هەم دەبەخشێت، بە تایبەتی پێوەر و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئاڕاستە دەروونییەکان. پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە ئامانجی گرنگ و گەورەی هەیە، پێویستی بە

هاوکاریی هۆکار گەلێکی جۆراوجۆرە، بۆ ئەوەی منداڵ لە بوونەوەرێکی بایەلۆژییەوە بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.)) (شـهلا وآخـرون، ١٩٧٢: ٤٤٥) پرۆسـەیەکە پشـت بەجیـاوازی تاکایەتی (الفـروق الفردیـة) دەبەسـتێت، ئامادەسـازیی تـاک دەکـات بـۆ ئەوەی لەگەڵ کـۆمەڵگەدا کارلێـک بکـات و سـەرکەوتنیشـی لەوەدایە بتوانێـت پێـوەر و بەهـا باڵاکـانی کـۆمەڵگە بەدەسـت بهێنێت.

شاعیر لە چەند دەقێکدا بنەما پەروەردەییەکان دیاری دەکات و ڕەگەزەکانی پۆلێندەکات. لە شیعری (بۆ حاجی قادری کۆیی)دا باسی بنەمای فێکردن و فێربوون دەکات، کە دوو ڕەگەزی گرنگـی پەروەردەی کـۆمەڵایەتین، چـونکە مـرۆڤ لە کەسـانی دەوروبەرەوە وەریانـدەگرێت و فێریان دەبێت، ((وەرگرتن وەڵامی بەخشین و پێدانە، "بەخشـین و پێدانی زانیاری و فێرکردن" کارە سەرەکییەکانی پەروەردەن، کەواتە مرۆڤ لەڕێگەی پەروەردەوە سیستم و یاساکانی ژیان فێردەبێ، بە واتـایەکی تـر شـیاندنی کـۆمەڵایەتی و فێرکـردن و مەشـق و ڕاهێنـان لە ئەسـتۆی پەروەردەدایە، کەواتە پێوەندییەکی تۆکمە لە نێوان مرۆڤناسی و پەروەردەدا هەیە، پێکەوە دێن و دەچن و گەشە دەکەن و مرۆڤ گۆشدەکەن.)) (ئالانی، ٢٠٢١: ٢١١)

یەکێـک لە ئەرکەکـانی پەروەردە بـریتییە لە گواسـتنەوەی ڕۆشـنبیری لە بەرەیەکەوە بـۆ بەرەیەکـی تـر، بە تـایبەتیش ((گواسـتنەوەی ڕەفتـاری کرداریـانە، (مرۆڤناسـی) بـارودۆخەکە بە پەروەردە دەناسـێنێت و پەروەردەش کـاری لەسـەر دەکـات، ئامانجەکـانی پەروەردە و ئامانجەکانی مرۆڤناسـی یەکانگیر و ئـاوێتەی یەکترین، مرۆڤناسـی ئەرکـی ناسـاندنی مـرۆڤە بە مـرۆڤ خـۆی، ئەرکـی پەروەردەش ڕاهێنـانی مـرۆڤە بـۆ گونجانـدن لەگەڵ دەوروبەریـدا، کە کەرتێکـی گەورەی ئەو دەوروبەرە مرۆڤەکـانە.)) (الرشـدان، ١٩٨٧: ١٦٨) هەمـوو ئامـانجە زانسـتییەکان لەسـەرجەم زانسـتەکاندا، لەگەڵ ئامـانجە پەروەردەییەکانـدا لە خـاڵی (مـرۆڤ)دا، یەکتری دەگرنەوە. لەم ڕێگەیەوە نەوەکانی دوای خۆی پەروەردە دەکات لەسەر خۆشەویستی نیشتمان و پاشان ئارامگری و قوربانی فێربوون لە پێناو پەروەردەیەکی تۆکمە و بەهێزدا:

**بۆ حاجی قادری کۆیی**

**فێرت کردم**
**چۆن وشە بکەم بە ئاگر**
**چۆن پڕ ئەوین کەم هەڵبەستم**
**چۆن دار و بەرد و ئاوی**
**کوردستانم بپەرستم**

**منیش منالآن فێر دەکەم**
**چۆن شیعری تۆ لەبەرکەن**
**چۆن تامی کەن وەک هەنگوین**

**چۆن شیعری تۆ بنووسنەوە**
**لەسەر هەموو**
**دەنکە گەنمێکی قەراج و**
**گشت تاشە بەردێکی هەندرین...!**
**تۆ دەزانی ئێستا، کە چەندین ملیۆن کورد**
**بە بیری ناو شیعرەکانی تۆ دەژین**

**تۆ دەزانی**
**چەندین ملیۆن منداڵی ئەم کوردستانە**
**شیعرت دەکەن بە گۆرانی**
**دەینوسنەوە: لە سەر دار و**
**بەرد و دەرگای قوتابخانە...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٣٦٦)

لەم دەقەدا شاعیر بنەماکانی (پەروەردە، فێرکردن، فێربوون) دیاریدەکات، هەموو کات ئەو کەسەی، کە (قوتابییە، منداڵە، نەزانە بەشتێک...) دەبێت فێرکەر و لە خۆی گەورەترێکی هەبێت. بۆیە ڕوو دەکاتە مامۆستای گەورەی خۆی (حاجی قادری کۆیی) و دەڵێت: فێرتکردم، بنەما و ڕەگەزی وەرگرتنی زانیاری و بە خۆشی قوتابییەکی گوێڕایەڵی مامۆستاکەیەتی، دەربڕینەکەشی ڕێزێکی زۆری تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا فێرکردن قۆناغبەند و پلەپلەیە، لە کەمەوە بۆ زۆر، لە بچووکەوە بۆ گەورە، لە سادەوە بۆ ئاڵۆز و ...هتد.

فێرت کردم
چۆن وشە بکەم بە ئاگر
چۆن پڕ ئەوین کەم هەڵبەستم
چۆن دار و بەرد و ئاوی
کوردستانم بپەرستم.

لەناو ئەم گەشە و پەروەردە و فێرکردنەشدا، ((کاتی دەوێت، گۆڕانکاری، ئەزموون، فێربوون، کەرەستەی گۆڕانکاری، ناوەند و شوێن... هتد) لەم حاڵەتەشدا ڕەگەز و قۆناغەکانی چی فێرکردووە.

وشە............... ئاگر
ئەوین............ هەڵبەست
کوردستان............ پەرستن

پەرستنی کوردستان، پەرستنێکی ئاینی و بیر و باوەڕ نییە، بەڵکو چۆن لە کرۆک و ماهییەتی نیشتمان و نەتەوە بگات. پاشان بەشی دووەمی قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن بە گوزارەی منیش منداڵان فێردەکەم...! بە پاشکۆی (یش) پەیوەستی بڕگە و بەشی سەرەوە و پێشووتری

دەقەکەی دەکات، ئەوجا دەڵێت (منیش مناڵان فێردەکەم) لە دوای ئەوەی مامۆستا و گەورەکەی خۆی، کە فێری کرد و پێگەیشت، پاشان ئەم پرۆسەی فێرکردن ئەنجام دەدات. لێرەوە ئەم لە تەمەن و قۆناغی قوتابیدا نەمایەوە، بەڵکو دەبێت بە فێرکەر و پێویستی بە کەسانێکە فێریان بکات، واتا (فێرکەر و فێرکراو) پلەکانی فێرکردنی بۆ دیاری کردووین:

منیش مناڵان فێردەکەم
چۆن شیعری تۆ لەبەرکەن
چۆن تامی کەن وەک هەنگوین
چۆن شیعری تۆ بنوسنەوە
لەسەر هەموو
دەنکە گەنمێکی قەراج و
گشت تاشە بەردێکی هەندرین...!

وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار و لەگەڵ ڕیزبەندی فێرکاری فێرکردوون بەوەی مندالآن چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە وەربگرن و بیشیدەنەوە. چۆن شیعری تۆ لەبەر بکەن، فێری خوێندن، لەبەرکردنی زانیاری، زانست و مەعریفە... چۆن تامی بکەن وەک هەنگوین، مەعریفە و زانست هەمیشە سودبەخش و شیرینە، نەکەن فەرامۆشی بکەن و بە هەند وەرینەگرن... چۆن شیعری تۆ بنووسنەوە، لە شیعری حاجیدا هەمیشە باسی خوێندن و نیشتمان ڕەنگیداوەتەوە، کە چۆن بینووسنەوە و پاشان بیگەیەننە نەوەکانی دوای خۆیان، هەر لەم دەقەدا دەست دەخاتە سەر دوو ڕەگەزی زۆر گرنگ.

گەنم: ڕەگەزی ژیان و خۆراک و مانەوە و بەردەوامی ژیانە

تاشەبەردەکانی هەندرین: ڕەگەزی هێز و بەرگری و خۆڕاگرییە... لەبەر ئەوە فێریان دەکەم، کە چۆن سەرچاوەی ژیان و مانەوە و ئاسوودەییتان فێربن، چۆن بن ؟ چی بکەن ؟ لەم شیعرەدا بە گوزارەی (فێرتکردم) دەسپێدەکات، کە بنەمای پەروەردە و فێربوون و سەرچاوەی مەعریفە و زانیارییە، پاشان بەم کۆپلەیە کۆتایی پێدەهێنێت.

تۆ دەزانی
چەند ملیۆن مناڵی ئەم کوردستانە
شیعرت دەکەن بە گۆرانی
دەینوسنەوە: لەسەر دار و
بەرد و دەرگای قوتابخانە

یەکەم دەسپێک (فێرت کردم)ە، کۆتایی دەقەکە (دەرگای قوتابخانە)یە، ژینگەی فێرکاری و پەروەردە و زانیاری لە چوارچێوەی قوتابخانە دەرناچێت. شاعیر بۆیە حاجی قادری کۆیی کردووە بە مامۆستا و فێرکاری پەروەردەیی خۆی.

له دەقە شیعری (نان خواردن)دا شاعیر دوو بنەمای پەروەردەیی گرنگ دیاریدەکات.
یەکەم: پلان
دووەم: ئادابە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان. بۆیە دەڵێت:

**نان خواردن**

**کاتی یاری کۆتایی هات**
**وا دایکم بانگمان دەکات**
**دەڵێ کاتی نانخواردنە**
**دوای نانخواردن دەست شوشتنە**
**لەدوای دەستیش دەم و ددان**
**بە فڵچە دەشۆین جوان جوان**
**ئێوارە دەمەو خۆرنشین**
**لای تەلەفزیۆن دادەنیشین**
**لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن**
**دەڕوانینە فلیمی کارتۆن.**

(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ١٠)

کات و پلانی بۆ منداڵان داناوە و فێریان دەکات، کە کارەکانیان لە شوێنی خۆی و لە کاتی خۆیدا بکەن...

کاتی یاری و گەمە دیاریکراوە، دەبێت دەسپێک و کۆتایی کاتی یاریکردن بزانن بۆیە منداڵەکە دەڵێت:

کاتی یاری کۆتایی هات
وا دایکم بانگمان دەکات

بە زنجیرەیەکی ڕێکوپێک و بە دوای یەکتردا ئەرکی منداڵەکانی دیاریکردووە، پاشان بە پلان و هەر یەکە لە کات و شوێنی خۆیدا ئەنجام بدرێت...

دەڵێ کاتی نانخواردنە
دوای نانخواردن دەست شوشتنە

لە دوای یاریکردن، نانخواردنە، ئینجا دەست شوشتن، لە دوای دەست شوشتن، دەم و دان شۆرین... پاشان کاتی ئێوارەی دەسنیشانکردووە، دەمەو خۆرنشین لای تەلەفزیۆن دادەنیشن، چاوەڕێی فلیم کارتۆن دەکەن، بۆیە بە ڕیزبەندییەکی زۆر ورد کاتی (یاری، گوێ ڕایەڵی، گفتوگۆ، ئادابە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان...) فێری منداڵان دەکات.

لە دەقە شیعری (وەرزەکان چەند مانگن)دا شاعیر دوو ڕەگەزی گرنگی پەروەردەیی تر دەخاتە ڕوو.

یەکەم: فێربوونی ژمارە و لێکدان و دەرکردنی ئەنجام.

دووەم: ئاوەژووکردنەوەی هەستی بێزاری قوتابی و ڕق لێبوونەوە، بۆ حەز و ئارەزووی فێربوون و زانیاری:

**وەرزەکان چەند مانگن**
**نینو کچێکی منداڵ بوو**
**بۆ قوتابخانە دەچوو**
**دەرچووبوو بۆ پۆلی دوو**
**لە پۆلدا دانیشتبوو**
**کات و وەرزی زستان بوو**
**جیهان بەفر و باران بوو**
**لەبەر باران و سەرما**
**ڕقی لە زستان هەڵسا**
**لە پڕ دەستی هەڵبڕی**
**لە مامۆستای پۆلی پرسی**
**بە یارمەتیت مامۆستا گیان**
**چەند مانگە وەرزی زستان**
**مامۆستا وتی نینو خان**
**سی مانگە وەرزی زستان**
**بەهار و پایزیش دیسان**
**یەکی سێ مانگن نینو گیان**
**وەرزی هاوینیش هەروا**
**سێ مانگ تەواو ئەکاو ئەڕوا**
**هەموو وەرزێ سێ مانگە**
**هەموو ساڵێ دوازدە مانگە**
**نینوی چالاک و بیر ورد**
**سوپاسی مامۆستای کرد**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٦)

شاعیر توانیویەتی مامەڵەیەکی زۆر هونەری و ئێستاتیکی لەگەڵ فێرکاری ناوەڕۆکی دەقەکەدا بکات، کە چۆن مامۆستا توانیویەتی ڕق و تووڕەیی منداڵەکە لە سەرمای زستان، بخواتەوە و ساردی بکاتەوە، لە ڕێگەی شێوازی وەڵامدانەوەکەی نینو تەنیا ڕقی لەزستان هەستا و پرسیاری کرد، چەند مانگە وەرزی زستان، بەڵام مامۆستا درێژەی بە وەڵامەکەی دا و زانیاری لەسەر زستان، هاوین، پاییز، بەهار، پاشان ساڵیش پێدا ئەو تەکنیکە هونەرییە بەرزەی، کە وەڵامی پێ دایەوە، وای کرد سەرنجی نینو بڕوات و هەڵچوون و تووڕەییەکەی بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی مامۆستای کرد.

شاعیر لە شیعری (هاوڕێ)دا بنەمایەکی تری پەروەردەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، ئەویش (خۆشویستن و هاوکاری)یە:

**هاوڕێ**
**خوشکەکەمم خۆشدەوێ**
**ئەویش بێ من ناسرەوێ**
**پێکەوە پێ دەکەنین**
**دیاری بۆ یەک دەکڕین**
**یارمەتی دایکە دەدەین**
**سوپاسی باوکە دەکەین**
**بە بینینیان دەسرەوێین**
**وەک یەک خۆشیان دەوێین**
**دوو منداڵی زیرەکین**
**هاوڕێی دڵسۆزی یەکین**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ١٤)

لەم دەقەدا ڕەگەزی خۆشویستن و هاوکاری و پێزانین... وەک چەند بنەمایەکی گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو لەسەر زاری منداڵانەوە ئەو بنەمایانە لای نەوەکان خۆشەویست و بەهێز دەکات. کرۆکی باسەکەش لە تاکەوە دەسپێدەکات، پاشان بۆ خێزان، دواتریش بۆ کۆمەڵگە:

خوشکەکەمم خۆشدەوێ
ئەویش بێ من ناسرەوێ
پێکەوە پێ دەکەنین
دیاری بۆ یەک دەکڕین.

خۆشەویستی و ڕێزەکەیان یەکلایەنە نییە، بەڵکو هەردوو لایان، یەکیان خۆشدەوێت. دواتر دەڵێت (پێکەوە پێ دەکەنین)، لەم دێڕەدا بنەمایەکی تر دیاریدەکات، ڕێزگرتنە، بەوەی دەڵێت پێکەوە پێ دەکەنین، واتە لە خۆشیدا هاوبەشن، یانی بەیەکتر پێناکەنن، چونکە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بە یەک کەس و تاکلایەنە ئەنجام نادرێت، دەبێت پێکەوە ئەنجامی بدەن، هەر لە (هاوکاری، خۆشویستن، پەروەردە، گەشەی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری، زانیاری، فێربوون و فێرکردن...)، بەیەکەوە دەتوانن بەختەوەری دەسەبەر بکەن، هەروەها ئەگەر خەم و ئازارێک هەبێت بۆ هەمووانە، وتمان ئەو بنەمایانەش بە یەکلایەنە ئەنجام نادرێت، بۆیە دەڵێت (دیاری بۆیەک دەکڕین)، واتە هەردوو لامان دیاری بۆ یەکتر دەکڕین. چەند ورد بنەمای چۆنێتی دابەشکاری ئەرکەکانی خستووەتە ڕوو (یارمەتی دایکە دەدەین)، دایک لەماڵەوە کاردەکات و پێویستی بە هاوکاری و کارئاسانیی کچ و خوشکەکانە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری باوک دەرەوە و ماندووبوون و کارکردنە، دەڵێت (سوپاسی باوکە دەکەین)، کە ڕەنج و ماندووبوون بە پەروەردە و خزمەتی ئێمەوە دەکێشێت. دواتر جەخت لە دادپەروەری پەروەردەی کۆمەڵایەتی

دەکاتەوە (وەک یەک خۆشیان دەوێین) جیاوازی لە نێوانماندا ناکەن، مامەڵەیەکی دروستی پەروەردەییمان لەگەڵ دەکەن. لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە دەبێت پاڵپشت و دڵسۆزی یەکتربن:

دوو منداڵی زیرەکین

هاوڕێی دڵسۆزی یەکین

جگە لەوەی خوشکن، بەڵام هاوڕێیانە و دڵسۆزانە مامەڵەدەکەن، هەر یەکەیان سەرخەری ئەوی تریانە. شاعیر زۆر بەوردی و بە ئاگاییەوە ئەم پەیامانە دەگەیەنێت و لای منداڵان خۆشەویستی دەکات، بە زمانێکی سادە و ڕەوانی منداڵانە دەئاخەفێت و دواتر ئەو بنەمایانە دادەڕێژێت و بەهێزی دەکات.

لە دەقێکی تردا بە ناوی (یارمەتی)، شاعیر چووەتە ناو دڵ و بیرکردنەوەی منداڵانەوە، بە زنجیرە دیاریدەکات، بەڵام دواتر بە نەخشە ڕێگە دروستە پەروەردەییەکە کۆتایی پێدەهێنێت:

**یارمەتی**

**بەچکە چۆلەکەیەک لە داریٚ**
**قاچی خزاو کەوتە خواریٚ**
**نە باڵی بوو نە پەڕی جوان**
**تاکو بفڕیٚ بۆ ئاسمان**
**دەوریان لیٚ دا هەندیٚ منالٚ**
**کردیان بە هەراو گالە گالٚ**
**شالا گوتی من دەیبەم**
**بۆ خۆم یاری پیٚ دەکەم**
**ڕۆژە گوتی دەیبەم بۆ خۆم**
**گەورە بوو گۆشتەکەی دەخۆم**
**نازدار گوتی با من بیبەم**
**وەک دایکی بەخێوی دەکەم**
**ئەوین گوتی نانا نەیبەی**
**ئەی خەینەوە ناو لانەکەی**
**منالەکان هەموو گوتیان**
**قسەکەت جوانە ئەوین گیان.**

(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٣٣)

چەند بنەمایەکی گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی باسدەکات، چووەتە ناو دەروون و هەستی منداڵانەوە و ڕاڤەی بیری منداڵان باس دەکات، بەڵام بە پلان و بەرنامەڕێژی، لە سەرەتاوە دەستپێدەکات؛ یەکەمجار بیرکردنەوەی نەرێنی منداڵانە دەکاتە بنچینە، پاشان هێدی هێدی هەنگاو هەڵدەگرێت، تاکو لە کۆتاییدا بنەما پەروەردەییەکە دەکاتە خاڵی یەکەمی چاکەکاری:

بەچکە چۆلەکەیەک لە داریَ
قاچی خزاو کەوتە خواریَ

لە داریَکەوە بەچکە چۆلەکەیەک دەکەویَتە خوارەوە مانا و ئاماژەی خزانی قاچی بەچکە چۆلەکەکە فرەڕەهەندە، چونکە (بچووکە، بیَدەسەلاَتە، بیَنەواو بیَلانەیە، بەتەنیا خۆی توانای ژیانی نییە، بەڵکو پیَویستی بە لانەو دایک و باوکە...)، قاچی خزاوە، ئەگەرنا بە ویستی خۆی لە لانە نەهاتووەتە دەریَ، بۆیە خاوەنی هیچ شتیَک نەبووە:

نە باڵی بوو نە پەڕی جوان
تاکو بفڕیَ بۆ ئاسمان

لەبەر ئەوە منداڵان دەوریان لیَداو لیَی کۆبوونەوە، لیَرەوە چووەتە ناو دڵ و دەروون و بڕیاری خیَرای منداڵانەوە.

یەکەم: شالا گوتی من دەیبەم
بۆخۆم یاری پیَ دەکەم

- منداڵ حەزی بە خاوەنداریَتی ڕەهایە
- تەنیا هیوا و ئامانجی یاریکردن و گەمەیە

دووەم: ڕۆژە گوتی دەیبەم بۆ خۆم
گەورە بوو گۆشتەکەی دەخۆم

- منداڵ حەزی بە تاقیکردنەوەی خواردنی تازەیە.

سیَیەم: نازدار گوتی با من بیبەم
وەک دایکی بە خیَوی دەکەم.

- منداڵی کچ لە منداڵییەوە حەزی بە پرۆسەی ماڵداری و خیَزانە، لە کایە منداڵانەکانیشیاندا ماڵەباجیَنە و خانوو دروست دەکەن، نمایندەی ژیان دەکەن.
- منداڵی کچ زۆر حەز دەکات منداڵی بچووک لە باوش بگریَت و بیلاویَنیَ.

چوارەم: ئەوین گوتی نانا نەیبەی
ئەی خەینەوە ناو لانەکەی.

- ئەوین هزری باڵاتربوو لە ئەوانی تر، درکی کرد هیچ کام لەوانە دادی بیَچووە چۆلەکەکە نادات، بۆیە تەنیا شویَنی گونجاو ناو لانەکەی خۆی و لای دایک و باوکیَتی.
- دەزانیَت منداڵ، یان بیَچوو دەبیَت لە خەم برەخسیَت دواتر لانەکەی خۆی بەجیَدەهیَڵیَت و سەربەخۆیی وەردەگریَت.

پێنجەم: منداڵەکان هەموو گوتیان
قسەکەت جوانە ئەوین گیان.

- لەناو هەموو پێشنیاز و بژاردەکاندا، منداڵەکان پشتگیری ڕای (ئەوین)یان کرد، بڕیاری دروست، گەڕاندنەوەیەتی بۆ ناو لانەکەی خۆی.
- بڕیارەکانی تر زیاتر هەستێکی خودی و منداڵانە بوون، پڕکردنەوەی حەزی کاتیی منداڵان بوون، بەڵام ئەم بڕیارەی ئەوین بڕیاری کامڵبوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بوو.

ڕەگەزە گرنگەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کە لەم دەقەدا شاعیر باسی کردووە، وەک هەست و دیدی منداڵان لەمەڕ بڕیاری منداڵانە بەرانبەر بە ڕووداوەکان، کە لە بڕیار و داخوازییە نەگونجاو و خراپەکاندا منداڵەکان تەنیا و تاک بوون و لە بڕیار و داخوازییە گونجاو و باشەکاندا هاوڕا بوون و لە ئەنجامدا کارە باشەکەیان پەسەند کرد. لێرەدا شاعیر ناڕاستەوخۆ لە نەستی منداڵاندا ئەوەی چەسپاند، کە چی شتێک خراپە و نابێت بکرێت و چی شتێک باشە هەمووان لەسەری کۆک بین و ئەنجامی بدەین.
لە دەقێکی تریدا شاعیر بە ناوی (باخچەی ئاژەڵان) بنەمایەکی گرنگی پەروەردەی کرداری باس دەکات، چونکە فێرکاری قۆناغی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستاندا بە زۆری تیۆری و تەنیا لە پۆلدا دەگوترێتەوە، کەچی لەم دەقەدا شاعیر هەم باس لە گرنگیی پەروەردەی فێرکاری کرداری دەکات، هەم ئاماژە دەکات بە مامۆستایان پێویستە شێوازی پەروەردەکردن بگۆڕن:

**باخچەی ئاژەڵان**

**دوێنێ لەگەڵ مامۆستامان**
**چووین بۆ باخچەی ئاژەڵان**
**مامۆستا بە وتەی شیرین**
**ناوی ئاژەڵانی فێرکردین**
**ناوی شێر و گورگ و ڕێوی**
**هی کەروێشک و کەڵەکێوی**
**ناوی فیل و ورچ و مەیمون**
**هی کۆتر و هی قەلەمون**
**شالور و قاز و مراوی**
**دەیان باڵندەی ئاوی**
**ئێستا هەموو شادمانین**
**ناوی ئاژەڵان دەزانین.**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٣٠)

لەم دەقەدا شاعیر باس لە ڕەگەزی فێرکاری پراکتیکی دەکات، لەسەر زاری قوتابییەکانەوە، کە بەخۆشـی و شـادومانییەوە باسـی فێربـوونی وانەکەی دوێنێـی دەکـات، چەنـد پەروەردەییـانە مامۆستا فێریکردوون، هەندێک ئاماژە و بنەمای تریش دەخاتە ڕوو.

یەکەم: پرۆسەی فێرکردن و خوێندنی وانە مەرج نییە تەنیا لەناو پۆل و لە قوتابخانەدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەکرێت ببرێتە دەرەوەی قوتابخانە و ئەنجام و سودیشی زیاترە.

دووەم: کاتێک ئەو شتەی، کە فێری قوتابیان دەکرێت، کردارەکییە و بە چاوی خۆی شتەکان دەبینێت، ئەمەش چەند سودێکی هەیە لەوانە:

- قوتابی زووتر فێردەبێت.
- زانیارییەکە لای قوتابییەکە دەمێنێتەوە، بیری ناچێت.
- کاتی کەمتر دەوێت.
- تاڕادەیەک ئاستی قوتابی لە وەرگرتن و بیرنەچوون هاوسەنگ دەکاتەوە.
- جیاوازی لە پێدان و وەرگرتنی زانیاری لای قوتابی ئاسان و کەمتر دەکاتەوە...هتد. بۆیە لە کۆتاییدا قوتابییان دەڵێن:

ئێستا هەموو شادمانین

ناوی ئاژەڵان دەزانین.

لە دەقە شـیعرییەکی تـردا بەنـاوی (پرسـیار لە منـاڵ) بە پرسـیارکردن لە منـداڵ و لە ڕێـگەی گفتوگۆوە بناغەیەکی تری پەروەردەیی دادەڕێژێت:

**پرسیار لە مناڵ**

**چیتان دەوێ مناڵەکان**
**نان و ئاشتی بۆ گشت جیهان**
**چیتان دەوێ زارۆڵەکان**
**پارێزگاری باڵندەکان**
**چیتان دەوێ وردیلەکان**
**قوتابخانە بۆ گوندەکان**
**چیتان دەوێ مناڵەکان**
**ئیش و کار بۆ دایک و باوکان**
**زارۆڵەکان چیتان دەوێ**
**ئاشتی و سەربەستیمان دەوێ.**

(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٤٠)

لەم دەقە شـیعرەدا شـاعیر لە ڕێـگەی پرسـیارکردنەوە، کە یەکـێکە لە ڕەگەزە گرنگەکـانی پەروەردە و فێرکاری منداڵان، بناغەیەکی گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، چونکە منداڵ لە پرسیارکردندا سنوور و یاسای نییە، پرسیار لە هەموو شتێک دەکات، هەروەها زۆر

حەزی بە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامی بە کۆمەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ زوو لە شت بێزار دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانییە لای منداڵەکان دروستنەبێت هەرجارەی بە شێوازێک پرسیار دەکات:

چیتان دەوێ منالەکان

نان و ئاشتی بۆ گشت جیهان

سەرچاوەی ژیان و بەختەوەری مرۆڤ، ئاسوودەیی و تەبایی مرۆڤایەتی (نان و ئاشتی)یە، یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی زیندەگی:

چیتان دەوێ زارۆڵەکان

پارێزگاری باڵندەکان

پرسیاری بە (زارۆڵ) کرد، ڕەچاوی باری دەروونی منداڵانی کردووە، پاشان ڕەگەزێکی تری ژیان و بنەمایەکی گرنگی پەروەردەیی، کە پێویستە لەسەرەتاوە منداڵانی لەسەر ڕابهێنرێت ئەویش (ژینگە و سروشت)ە.

چیتان دەوێ وردیلەکان

قوتابخانە بۆ گوندەکان

سێیەم جار بە (وردیلەکان) پرسیاری کرد، بۆ ئەوەی هەر جارەی بە شێوازێک سەرنجی منداڵان ڕابکێشێت. بنەمایەکی تری زانیاری و پەروەردە قوتابخانەیە، لە قوتابخانەوە منداڵ فێری (زانیاری، مەعریفە، مۆراڵ، زمان پژان، پسپۆری، ئاکاری باش و...هتد) دەبێت.

چیتان دەوێ منالەکان

ئیش و کار بۆ دایک و باوکان

ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە بێ ئیش و کار بن، ئەوە نەک خۆیان لە ژیانێکی خراپ و ناڕەحەتدا دەژین، بەڵکو شیرازەی کۆمەڵیش تێک دەچێ، کۆمەڵێک دەرهاویشتەی خراپ سەر هەڵدەدات، ناتوانن بە جوانی نەوەکانیان پەروەردە بکەن، کاریگەری لەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە دەبێت. لە کۆتاییدا (زارۆڵەکان) دەکاتە پێشەوەی دێڕ و پرسیارکردنەوە، ڕەچاوی باری دەروونی منداڵ و توانای وەرگرتنیانی کردووە:

زارۆڵەکان چیتان دەوێ

ئاشتی و سەربەستیمان دەوێ

لە کۆتاییدا وەک بڵێیت کۆتا دەرفەتە لێیان دەپرسێت چیتان دەوێ، ئەوانیش بە دەنگی بەرز دەڵێن (ئاشتی و سەربەستیی)مان دەوێت، لەبەر ئەوەی منداڵان بە ئازادی دەژین و مامەڵە دەکەن، چونکە ژیانی کۆت و بەندییان پێ خۆش نییە و ناتوانن قبووڵی بکەن.

لە دەقێکی شیعریی تردا (گۆرانی پیتەکان) شاعیر بناغەیەکی تری پەروەردەیی بنیاتدەنێت لەڕێگەی فێرکردنی منداڵان لەڕێگەی پیت و خستنە ناو ڕستەوە، بەڵام مەبەست و مانای ناوەڕۆکی دەقەکان بیری منداڵان فراوان دەکات و هەم نیشتمانیان خۆشبوێت و هەم لەناوبەری دوژمنن:

**گۆرانی پیتەکان**

**ب: بەهاری تازەی کوردستان**
**پڕە لە نێرگزی جوان جوان**

**ز: زەهراوی تاڵی مردن**
**بۆ ناحەزان و دوژمن**

**ی: یەکێتی جەماوەری کورد**
**دوژمنی شەق و پەق کرد**
**(بێ... ژێ... ێ)**
**بژێ ... بژێ**
**بژێ گوڵ و مەل و دار**
**بژێ باران و ڕووبار**
**بژێ جەماوەری کورد**
**دوژمنی شەق و پەق کرد.**
(هەڵمەت، ١٩٩٧: ١٧)

مەبەستی ئەم دەقە لەلایەک فێرکاری و لەلایەک پەروەردەی کۆمەڵایەتییە، سەرەتا پیتێک دەهێنێت و پاشان ئەو پیتە لە دێڕەکاندا گوزارەیەکی واتاداری لێ بەرهەمدەهێنێت.

ب: بەهاری تازەی کوردستان
پڕە لەنێرگزی جوان جوان

یەکەم پیتی بەهار بە (ب) دەست پێ دەکات، پاشان لە پەیامی ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەلای تاکەکان دروستدەکات، بۆ ئەوەشی منداڵەکان وەڕس نەبن و سەرنجڕاکێش بێت، دەڵێت: پڕە لە نێرگزی جوان جوان.

ز: زەهراوی تاڵی مردن
بۆ ناحەزان و دوژمن

ورد پەیوەست و زنجیرییەکەی ڕێکخستووە، خۆشەویستی نیشتمان بۆ خۆمان، زەهراوی تاڵی مردنیش بۆ ناحەزان و دوژمن، بۆچی...؟ چونکە ئەوان وڵاتمان دەشێوێنن و نیشتمانمان داگیر دەکەن.

ی: یەکێتی جەماوەری کورد
دوژمنی شەق و پەق کرد

یەکەم پیتی یەکێتی بە (ی) دەسپێدەکات، ڕەگەزی خۆشەویستی لەناخی منداڵەکاندا چاند، دواتر زەهراوی بە گەرووی ناحەزان و دوژمناندا کرد، بەڵام ئەمە ڕوو نادات، تاکو یەکێتیمان نەبێت و تەبا و یەکگرتوو نەبین. پاشان دەڵێت: (بژێ، گوڵ، دار، مەل، باران، ڕووبار، جەماوەر...) هەموو ئەمانە ڕەگەزی (ژیان، جوانی، ئاوەدانی و ئاسوودەیی) وڵاتن. فێرکردنی منداڵان لە ڕێگەی پیتەکانەوە دوو مەبەست دەهێنێتەدی.

یەکەم: فێرکاری پیتەکان و بەکارهێنانی لە دێڕەکاندا بە ئاسانی و ڕەوانی...

دووەم: ناوەڕۆکی دێڕەکان پەیام و پەروەردەی کۆمەڵایەتی تیایە وەک (خۆشەویستی نیشتمان، لەناوبردنی ناحەزان و دوژمنان، یەکێتی و تەبایی گەل، خۆشەویستی مەل، ڕووبار، گوڵ، باران...).

لە دەقە شیعری (کێ ئازایە)دا شاعیر شێوازی دوو جۆر پێدانی زانیاری و پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕەنگرێژدەکات. لەسەر زاری کچێکەوە (ناز)ی ڕۆشنبیر بەراوردکارییەکە بەلایەکدا دەخات و پێمان دەڵێت کامیان باشترە:

**کێ ئازایە**

**ناز کچێکی ڕۆشنبیرە**
**زۆر ڕوو خۆشە و گەلێ ژیرە**
**وتی: بابە تکایە**
**تکام لە تۆشە دایە**
**بەسە باسی جادووگەر**
**کچی پەری و دێوی شەڕ**
**بەسە باسی ئازادیی**
**مرۆڤی لە خۆ بایی**
**ئەمڕۆ مامۆستاکەمان**
**بۆی گوتین چیرۆکی جوان**
**چیرۆکی جەنگاوەرێ**
**لە دوژمن ڕادەپەڕێ**
**ئەی بابەو دایەی شیرین**
**مامۆستاکەمان پێی وتین**
**یەکێک ئازاو سوار چاکە**
**گیان دەبەخشێ بەم خاکە**
**بەسە باسی جادووگەر**
**کچی پەری و دێوی شەڕ.**
(هەڵمەت، ٢٠٠٥: ٣١)

لەم دەقەدا شاعیر بەراوردی پەروەردەی حەکایەت و گێڕانەوە لەگەڵ پەروەردەی مامۆستا و قوتابخانە دەکات:

ناز کچێکی ڕۆشنبیرە
زۆر ڕوو خۆشە و گەلێ ژیرە
وتی: بابە تکایە
تکام لە تۆشە دایە
بەسە باسی جادووگەر
کچی پەری و دێوی شەڕ
بەسە باسی ئازایی
مرۆڤی لە خۆبایی

لەم کۆپلەیەدا ناز داوا لە دایک و باوکی دەکات باسکردنی حیکایەت، یان گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆکی بێ بنەما، یان کەسانێک شایەنی ئەوە نین باسبکرێن و کاتیان پێوە بکوژرێت، ئەو کەسانەی هەموو ئازاییەتییەکەیان لەوەدایە لوت بەرز و لە خۆباییین، نا بەڵکو چیرۆکی مامۆستاکەیانی پێخۆشە، کە واقیعین و بەرجەستەکەری ڕاستییەکانی ژیان و ئێستان:

ئەمڕۆ مامۆستاکەمان
بۆی گوتین چیرۆکی جوان
چیرۆکی جەنگاوەرێ
لە دوژمن ڕادەپەڕێ
ئەی دایە و بابەی شیرین
مامۆستاکەمان پێی وتین
یەکێک ئازا و سوارچاکە
گیان دەبەخشێ بەم خاکە

بە گوزارەی (ئەی بابە و دایەی شیرین) مەبەستێتی بڵێت باوک و دایکی بەڕێزم خۆ ناڵێم قسەو ئامۆژگارییەکانی ئێوە خراپن و بە کەم وەریان ناگرم، بەڵام قسەی مامۆستاکەمان تەواوترە، کە پێی وتین کەسێک ئازا و سوارچاکە لەڕاستیدا گیان دەبەخشێت لە ڕێگەی خاکدا، چونکە ئەوانەی ئێوە باسی دەکەن چیرۆکی کۆن و زیاتر لە ئەفسانەکاندا هەن:

بەسە باسی جادووگەر
کچی پەری و دێوی شەڕ

لەم دەقەدا خاڵێکی تر بە دیدەکەین منداڵ زیاتر لە ژێر کاریگەری پەروەردەی کۆمەڵایەتی مامۆستا و قوتابخانەکەیدایە وەک دایک و باوکی، بۆیە دەبێت مامۆستاکان بەوریایی و زۆر بە لێهاتوویی مامەڵە لەگەڵ پەروەردەی زانیاری و کۆمەڵایەتی منداڵاندا بکەن. پوختەی بابەت پێمان دەڵێت، نابێت لەسەر بنەمای خەیاڵپڵاوی نەوەکانمان پەروەردە بکەین، بەڵکو مرۆڤ بە قوربانیدان دەگاتە ئامانج.

له دەقێکـی تـری پەروەردەیـی بـاڵادا (مامۆسـتا) بەراوردی دوو جـۆر پەیـامی پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەکات:

**مامۆستا**

**مامۆستامان پێی وتین**
**ناوی وڵات بنووسین**
**بەپیتی ڕازاوە و جوان**
**نووسیم ناوی نیشتمان**
**ناوی وڵات بە تامە**
**وەک هەنگوین و شەمامە**
**مامۆستا فێری کردین**
**ناوی وڵات بنووسین**
**مامۆستامان هەر بژین**
**کە نووسینیان فێرکردین.**
(هەڵمەت، ١٩٨٣: ٣٠)

لەم دەقەدا دوو ڕەگەز دیاریدەکات، بە دوو دەربڕینی جیاواز، یەکەم جار دەڵێت:
مامۆستامان پێی وتین
ناوی وڵات بنووسین
دواتر دەڵێت: مامۆستا فێری کردین.

ئەم دوو دەربڕاوە مانای جیاواز هەڵدەگرن، لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا مامۆستا داوای لێ کردوون تەنیا ناوی نیشتمان بنووسن، بەبێ ئەوەی پێیـان بڵێت واتـای نیشـتمان چییە و چۆنە، بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا فێری کردوون بۆچی بنووسن نیشتمان:
مامۆستا فێریکردین
ناوی وڵات بنووسین
مامۆستامان هەر بژین
کە نووسینیان فێرکردین

فێرکردن ڕەگەزی دنەدان، هۆکار و پاڵنەرەکانی تێدایە، ڕەهەندەکانی نیشـانە واتاییەکـان ڕاڤە دەکات، بۆ ئەوەی بزانن واتای نیشتمان چییە؟ لە وەڵامی کۆپلەی یەکەمدا دەڵێت بە پیتی ڕازاوە و جـوان نووسـیم نـاوی وڵات شـیرینە وەک هەنگـوین و شـەمامە... وەڵامەکـان سـادەن وەک سادەیی گوتراوەکە، بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا وەڵامەکەیان پێزانینێکی قووڵە و پێکەوە دەڵێن مامۆستامان هەر بژین، بۆچی؟ چونکە نووسینی فێر کردین، لەبەر ئەوەی مانای فێرکردن قووڵ و پڕ مانایە، بەڵام پێگوتن تەنیا قسـە و دەربڕینـی زارە، پرۆسـە نییە، دەشـێت بکرێتە کـردار، دەشێت تەنیا لە سنووری قسەدا بمێنێتەوە و پێویستی بە کاتی زۆر نییە، ڕەنگە ئەنجامی نەبێت، چونکە کورتخایەنە، بەڵام فێرکردن پرۆسـەیە، قسـە و دەربڕینە، ئاماژەیە، کردارە، پێویسـتی بە

کاته، دەبێت ئەنجامی هەبێت، درێژخایەنە، گۆڕانکاری تێدایە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بەردەوام دەبێت و...هتد. بەکورتی ئەم شیعرە ڕەهەندێکی قووڵی خۆشەویستیی نیشتمانە و نەوەکان لەسەر بنەمای هەستی نیشتمانی پەروەردە بکات.
لە شیعرێکی تردا بە ناونیشانی (پاک و خاوێنی) لەسەر زاری منداڵێکەوە شاعیر بنەمایەکی گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بنیات دەنێت، کە چ بکات باشە و چ نەکات خراپە، بە حەز و خولیایەکی زۆر جوانی منداڵانەوە:

**پاک و خاوێنی**

**منالێکم خاوێن و پاک**
**دانانیشم لەسەر خاشاک**
**جل و بەرگم پیس ناکەم**
**گوڵی باخچە سیس ناکەم**
**بەرد لە چۆلەکە ناگرم**
**دەفتەرەکەم نادڕم...**
**قەڵەمەکەم ناشکێنم**
**هاوڕێکەم ناڕەنجێنم**
**یاری بە چەقۆ ناکەم**
**لەگەڵ کەس درۆ ناکەم**
**قسەی ڕەق بە کەس ناکەم**
**گەمەی شەڕە دەس ناکەم**
**وریا ئەبم چالاک ئەبم**
**بۆ گەل چرای ڕووناک ئەبم**
**هەرچیم هەیە... دڵم... گیانم**
**دەیبەخشمە نیشتمانم.**
(هەڵمەت، ١٩٧٩: ٣٦)

لەم بەراوردکارییەدا سەرەتا خەسڵەتی خراپە لە خۆی دادەماڵێت و خەسڵەتە چاکەکان لە خۆیدا جێبەجێ دەکات. شاعیر پەیامێکی پەروەردەیی بە منداڵ دەگەیەنێت، کە ئەگەر هیچ کارێکی چاک نەکەن، بەڵام ئەوانە مەکەن، ئەوە دەبنە کەسێکی باش و چاکەکار. ئەگەر لە دوای نەکردنی ئەو ئاکارانە، ئەم ڕەفتارانەی تر ئەنجام بدەن، ئێوە لە باشترینەکان دەبن. وەک لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (١) کۆکردنەوەی خەسڵەتی باش لە منداڵدا**

| ئەوەی دەیکات، زۆر چاکە | ئەوەی نایکات، زۆر چاکە |
|---|---|
| ١. چالاک دەبم.<br>٢. وریا دەبم.<br>٣. بۆ گەل چرای ڕووناک دەبم.<br>٤. هەرچیم هەیە... دڵم... گیانم بە نیشتمانی دەبەخشم. | ١. لەسەر خاشاک دانانیشم.<br>٢. جلوبەرگم پیس ناکەم.<br>٣. گوڵی باخچە سیس ناکەم.<br>٤. بەرد لە چۆلەکە ناگرم.<br>٥. دفتەرەکەم نادڕم .<br>٦. قەڵەمەکەم ناشکێنم.<br>٧. هاوڕێکەم نارەنجێنم.<br>٨. یاری بە چەقۆ ناکەم.<br>٩. لەگەڵ کەس درۆ ناکەم.<br>١٠. قسەی ڕەق بە کەس ناکەم.<br>١١. گەمەی شەڕەدەست ناکەم. |

لە دەقێکی شیعری تردا بەناوی (دایکم) شاعیر پەیامێکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی دەست نیشاندەکات، لەبەرانبەر هەر کارێکی چاکە، کە بەرانبەرمان دەکرێت پێویستە سوپاس و پێزانینمان هەبێت:

**دایکم**

**دایکم گلارەی چاومە**
**هێزی دڵ و هەناومە**
**کە ئەنووم دام ئەپۆشێ**
**نەخۆش بم بۆم ئەجۆشێ**
**دەست و چاوم دەشۆرێ**
**جل وبەرگم دەگۆڕێ**
**فێرم دەکا دڵپاک بم**
**سەلار و هاوڕێی چاک بم**
**وانەکانم بخوێنم**
**بەنەرمی خەڵک بدوێنم**
**لە قوتابخانە و لەماڵ**
**شەڕ نەکەم لەگەڵ مناڵ**
**ڕاست گۆ بم ڕەوشت جوان بم**
**دڵسۆزی کوردستان بم**

**دایە گلارەی چاومی**
**هێزی دڵ و هەناومی.**
(هەڵمەت، ١٩٧٩: ١١)

لەم دەقەدا وەفا و پێزانینی منداڵ بەرانبەر زەحمەت و ماندووبوونی دایکی دەخاتەڕوو، چونکە تاکو بزانێت چەند پێوەی ماندوو دەبێت و چەند شتی باشی فێردەکات.

لە کۆپلەی یەکەمدا چاکەکانی دایکی باس دەکات، ئەمیش لە بەرانبەردا وەفادار و پێزانە بەرانبەر بەو هەموو زەحمەتەی دایکی، کە لەگەڵ ئەمدا دەیکێشێت، دواتر دێتە سەر باسێکی تری وەفا و چاکەی دایکی، کە چەند فێری شتی جوان و ئاکاری باڵای دەکات وەک: (دڵپاک بم، سەلار و هاوڕێی چاک بم، وانەکانم بخوێنم، بەهێمنی لەگەڵ خەڵکیدا بدوێم، لەگەڵ منداڵ شەڕ نەکەم...) پاشان فێرم دەکات (ڕاستگۆ بم، ڕەوشت جوان بم، دڵسۆزی کوردستان بم...) بە دوو قۆناغ وەفا و دڵسۆزی خۆی دووپات دەکاتەوە.

یەکەم: پێزان و منەتبارە بەرانبەر هاوکاری و چاکە و ماندوو بوونەکانی دایکی، کە ڕەنج لەگەڵ ئەمدا دەکێشێت...

دووەم: ئەمەکدارە بەرانبەر ئەو هەموو خەسڵەتە جوانەی، کە دایکی فێری دەکات.

بۆیە دایە گیان لەهەمبەر هەموو ئەم چاکانەی تۆدا منیش دەڵێم:

دایە گلارەی چاومی

هێزی دڵ و هەناومی.

بۆیە دواجار دوو بنەمای گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەڵگری مانای ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکەیە ئەویش، خۆشەویستی و وەفای دایک و دڵسۆزی کوردستان.

لە دەقە شیعری (چۆلەکەی سەر دارەکە)دا شێوازی گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکەی ئاوەژوو دەکاتەوە، ئەمجارە لە پرسیارێکی منداڵەکەوە دایکەکە ڕێگەیەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی دروست بە منداڵەکە دەڵێت و کاریگەری زیاترە:

**چۆلەکەی سەر دارەکە**

**بۆچی پێم ناڵێی دایکە**
**کوا چۆلەکەی سەر دارەکە؟**
**جاران دەمەو ئێوارە**
**دەنووست لەسەر ئەم دارە**
**بەرە بەیانیش زوو زوو**
**دەیچریکاند چەندێ خۆش بوو؟**
**چونکە بەردت بۆ هاویشت**
**دڵی لێت زوویربوو ڕۆیشت**
**چۆلەکە لە جێیەک نانوێ**
**مناڵ بەردی تێبگرێ**

**بەڵێن بێ تاکو دەمرم**
**بەرد لە چۆلەکە نەگرم.**
(هەڵمەت، ٢٠٠١: ١٨)

ئەگەر هەمیشە دایک ڕێنمایی منداڵەکەی بکات، لەوەیە ئەو کاریگەرییەی نەبێت و هێشتا منداڵەکە خۆی بە ڕاست بزانێت، بۆیە ئەمجارە دایکە زۆر ژیرانە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی منداڵەکە خۆیەوە، هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە و پەروەردەیەکی بەجێی دەکات:

پرسیاری منداڵەکە:

بۆچی پێم ناڵێی دایکە
کوا چۆلەکەی سەر دارەکە؟
جاران دەمە و ئێوارە
دەنووست لەسەر ئەم دارە
بەرەبەیانیش زوو زوو
دەیچریکاند چەندێ خۆش بوو؟

منداڵەکە زانیاری تەواوی هەیە و پرسیار لەسەر (شوێنی چۆلەکەکە، کاتی نووستنی چۆلەکەکە، کاتی خوێندنی چۆلەکەکە، هەستانی چۆلەکەکە دەکات.) لەناو وەڵامی پرسیاری منداڵەکەدا دایکەکە ڕەفتاری هەڵەی منداڵەکە دیاری دەکات و ئاکاری منداڵەکە ڕاست دەکاتەوە:

وەڵامی دایکەکە:

چونکە بەردت بۆ هاویشت
دڵی لێت زوویربوو ڕۆیشت
چۆلەکە لە جێیەک نانوێ
مناڵ بەردی تێبگرێ
بەڵێن بێ تاکو دەمرم
بەرد لە چۆلەکە نەگرم.

دایکەکە وەڵامی پەرۆشیی منداڵەکە دەداتەوە، کە بۆچی ئاوها وێڵی دوای دیار نەمانی چۆلەکەکەیە، ئەوە بزانە ڕەفتاری هەڵە و ناپەروەردەیی تۆ وای کردووە بڕوات و نەیاتەوە... منداڵەکەش ڕوون تێدەگات، کە چی کردووە بۆیە بەڵێن دەدات تا مردن کاری وەها دووبارە نەکاتەوە، چونکە درکی کرد کارەکەی زۆر هەڵەیە.

لە دەقە شیعرێکی تردا بە ناوی (قوتابخانە) لە ڕێگەی گفتوگۆی گیاندارانەوە، بنەمایەکی تری پەروەردەی کۆمەڵایەتی دادەڕێژێت:

**قوتابخانە**

**بەچکە چۆلەکەیەک گوتی**
**دایە دەچم بۆ یاری**
**دایکی گوتی تۆ گەورەی**

**هەتا کەی یاری دەکەی**
**بەچکەکە گوتی چیبکەم**
**چۆن کاتم بەسەر ببەم**
**دایکی گوتی ڕۆڵەکەم**
**ڕۆڵە نەرم و نۆڵەکەم**
**دەتبەم بۆ قوتابخانە**
**لەناو ئەو دارستانە**
**لەوێ فێری زانین بە**
**فێری شیعر و فڕین بە.**
(هەڵمەت، ٢٠٠١: ١٩)

لەم دەقەدا شاعیر هەر لە خودی ناونیشانەکەوە سەرنجمان دەباتە ناو دەزگایەکی تری پەروەردە و فێرکردنەوە یان پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، بە ڕێگەیەکی تایبەت و لەسەر زاری فڕەندەیەکەوە، ئەو ڕێگە تایبەتەش گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام لەسەر زاری گیاندارانەوە. بەرزی ئەم تەرزە پەروەردەیە لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ئەوەیە شاعیر وەک خۆی گوزارشتی لە خواست و ئاستی تێگەیشتنی منداڵان کردووە، لەسەر زاری بەچکە چۆلەکەیەکەوە، کاتێک بە دایکی دەڵێت، دەچم یاری دەکەم، خواست و خولیای ئەم بێچووە تەنیا یاریکردنە، چونکە ئاستی زانیاری و گرنگی لای ئەم بێچووە تەنیا گەمە و یاریکردنە، بەڵام دایکی پێی وت، تۆ گەورەی، تاکو کەی یاری دەکەیت، لە وەڵامدا بێچووەکە دەڵێت:
بەچکەکە گوتی چیبکەم
چۆن کاتم بەسەر ببەم.

ڕەگەزی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری لە ڕووحی بێچووەکەدا بوونی هەیە، بۆیە وتی ئەی چیبکەم، چۆن کاتم بەسەر ببەم...؟ لەبەر ئەوەی دایکی پەروەردەکارێکی باشە، دەزانێت تاکو چی تەمەنێک بە تەنیا هەر یارییکات، پاشان لەچی تەمەنێکدا بچێت بۆ قوتابخانە و فێری زانین و زانیاری ببێت و جارجارەش یارییکات:
دەتبەم بۆ قوتابخانە
لەناو ئەو دارستانە

دارستان شوێنێکی چڕ و ئاڵۆزە، ئەوەی وا دەکات زرنگ و سەردەرچوو بیت، بتوانیت ڕێگەی ڕۆشن بدۆزیتەوە، لە ناو ئەو هەموو چڕی و ئاڵۆزییەدا، تەنیا شوێنی گونجاو هەبێت بۆی بچیت قوتابخانەیە، شوێنی زانیاری و مەعریفە و هۆشیاری کۆمەڵایەتییە:
لەوێ فێری زانین بە
فێری شیعر و فڕین بە
زانینە پێت دەڵێت، چۆن دەبیتە کەسێکی باڵا و بەرزەفڕ.

**تەوەری سێیەم: چینایەتی**

مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانکردندا دابڕاو نەبووە لە دابەشکاری چینایەتی و نایەکسانی، بەڵام سەنگ و قورسایی بە پێی سەردەمەکان، هەروەها جیاوازی ڕێژەکەی لە گۆڕان و بەرز و نزمکردندا بووە. لەوەیە کەمترین شێوەی نایەکسانی لە سەردەمی ڕابردوودا لەو کۆمەڵگەیانەدا بێت، کە شێوەی ژیانیان سادە و سەرەتایی بووە، چونکە ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە تایبەتییانەی، کە جیاوازی تایبەتی دەدەن بە خەڵک بوونیان نەبووە. لەگەڵ پێشکەوتن و بەرفراوانبوونی ژیان و دەرکەوتنی جیاوازیدا، چینایەتی فۆرم و شێوازی تایبەتی سەردەمەکان وەردەگرێت و هەمیشە لە گۆڕاندا بووە. فەیلەسوفی ئەڵمانی (کارڵ مارکس) لە پێشەنگی ئەوانە دێت، کە جەختیان لەسەر بایەخی لێکۆڵینەوە لە چینە کۆمەڵایەتییەکان کردووەتەوە، بۆیە (کارڵ مارکس) دەڵێت: ((مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی خەباتی چینایەتییە، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە تەواوی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، جا لە هەر قۆناغێکی شارستانی مێژووییدابن بوونی هەیە. چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کۆن، دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوونیان هەبووە، ئەو کۆمەڵگایانەی گرفتی ئەو ململانێ چینایەتییەیان بە خۆوە بینیوە، کە لە نێوان چینە دژیەک و ململانێکارەکانیدا هەبووە.)) (غیدنز، ٢٠٠٩: ٢٨٠) لە کۆمەڵگەی کۆندا چینی ئازاد و چینی کۆیلە هەیە، لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیشدا چینی خاوەن زەوی و زار و چینی جووتیاران هەیە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریشدا چینی خاوەن کار و چینی کرێکاران هەیە. ئەگەر یەکێک لە کۆمەڵگەیانە بە نموونە وەربگرین و بەشێوەیەکی بابەتی سیستەمە چینایەتییەکەی شیبکەینەوە، دوو چینی کۆمەڵایەتی تێدا بەدیدەکەین: چینی فەرمانڕەوا، واتا چینی چەوسێنەر، کە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، لەگەڵ چینی فەرمانبەسەرداکراو، واتا چینی چەوساوە، کە جگە لە هەوڵی ماسوولکەیی و ژیری، خاوەنی هیچ شتێکی دیکە نییە، ئەو هەوڵەش بەنرخێکی کەم بە چینی فەرمانڕەوا دەفرۆشێت. (تالکۆت پارسۆنز) پێناسەی چینایەتی کۆمەڵایەتی بەوە دەکات ((سیستەمێکی پلەبەندییە چەند تاکێکی جیاواز لە ڕووی تایبەتمەندی ماددی و ئایدۆلۆژییەوە وابەستە دەبن پێیەوە. ئەم جیاوازییانەش جۆری ڕەفتاریان دیاری دەکات و بە واقیعی کۆمەڵایەتی کاریگەر دەبێت، کە مەبەستی لە جۆرێکی دیاریکراوی جیاوازییە چینایەتییەکانە.)) (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ١٩٢) دوو شێوەی سەرەکی بەخۆیەوە دەگرێت، ئەوانیش:

١. وابەستە بوونی تاکەکان و خێزانەکان بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەو مانایە نایات، کە لە ڕووی پرەنسیپی و هزرییەوە لەگەڵ سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگەکەیاندا ڕێککەوتوون.

٢. سیستەمی چینایەتی کۆمەڵایەتی سوود و زیانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکەکان و گرووپەکان دەبێت.

(مەنوچێهر موحسنی) پێناسەی چینایەتی دەکات بەوەی پێکهاتووە لە ((گرووپێک لە کەسەکان چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک هاوشێوەیان هەیە و لە ڕووی چەند هۆکارێک وەک جیاوکە خێزانییەکان و هەلومەرجی (پیشەیی، خوێندن، داهات)ـەوە، تا ڕادەیەک لەگەڵ یەکدیدا یەکسانن. ئەوەی کە ئەم پێناسەیە لەبەرچاویدەگرێت کۆمەڵێک پلە و پایەیە لە ڕوانگەی

توێژبەندکردنی کۆمەڵایەتییەوە.)) (موحسنی، ٢٠٠٢: ٢٢٢) ئاشکرایە، کە چینی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی جیاوازەوە دیاریدەکرێت و دەناسرێتەوە. دەتوانین هۆکارەکانی دەسنیشانکردنی چینی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. سامان و داهات

٢. ئاست و شێوازی فێرکردن

٣. کار و شوێنگەی پیشەیی

٤. خێزان و گرووپی خزمایەتی

٥. دەسەڵات و دەسرۆیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی

لەو کاتەی کە مارکس جەخت لەسەر فاکتەری ماددی دەکاتەوە لەسەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) جەخت لە فاکتەری ئایدۆلۆژی دەکاتەوە، کە لە کایەی ئایینی یان کولتووری یان سیاسی یان زانستیدا بەرجەستە دەبێت. ئەو فاکتەرەی دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر چەند چینێکی جیاوازدا، کە هەر یەکەیان خاوەن پلەیەکی جیاوازی پێگە و ناوبانگی کۆمەڵایەتییە. (ماکس ڤیبەر) دەڵێت: ((پیاوی ئاینی یان سیاسەتمەدار یان زانا، خاوەنی سەروەت و سامان نین، بەڵام لە کۆمەڵگەکەیەوە پلەیەکی بەرزی ڕێز و حورمەت بە دەست دەهێنێت، کە لە پلەی ئەو ڕێز و حورمەتەی خاوەن سەروەت و سامان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە دەستی دەهێنێت زیاترە.)) (محمد، ١٩٨٦: ٣٢٦)، کەواتە بایەخی فاکتەری ئایدۆلۆژی لە دیاریکردنی ئەو چین و پێگە کۆمەڵایەتییەدا، کە تاک دەیگرێت، لە پێش بایەخی فاکتەری ئابوورییەوەیە. لە کاتێکدا هەردوو زانا (باریتۆ) و (مسکات) جەخت لەسەر گرنگی هێز و دەسرۆیشتوویی دەکەنەوە لە کارکردنە سەر ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی تاک وابەستەیە پێیانەوە. (ڕالف دارندۆرف) پێیوایە ((کۆمەڵگا لە کۆمەڵێک گرووپی (تەبایی بەزاڵبوون) پێکهاتووە، کە ململانێ هەیە لە نێوانیاندا ئەم گرووپانە لەسەر بەرژەوەندیی بنەڕەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەوەستێت. بەم شێوەیە کۆمەڵگا لەگۆڕان و جوڵەی بەردەوامدایە.)) (زێباری، ٢٠١٧: ٧٧) لێرەدا هۆکارێکی گرنگ دەردەکەوێت سەبارەت بە ململانێی کۆمەڵایەتی، ئەویش (وابەستەیی، یان ڕکایەتی، یان زۆرلێکردن) کە کۆمەڵگا بەکاریدێنێت بۆ پابەندکردنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە تاکەکان بونیادیان ناون بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی و ئامانجەکانیان. لێرەدا واتای ئەوەیە، کە ((بەشێوەیەکی کرداری هەموو ڕێکخراوەکان، بوونی دەسەڵات و هێز، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی مەرجی ململانێ و زاراوەی (سیستەمی پەیوەست بە هێز) (imperative coordinate cyation) ئەمەی کە (دارندۆرف) بەکاریهێناوە لە (ماکس ڤیبەر)ـەوە وەرگیراوە بۆ ئاماژەکردن بە سیستەمی (دەسەڵات) یان سیستەمی (بەهێز) جیابوونەوە لە نێوان دەسەڵات و هێز گرنگە لە هەندێک چوارچێوەدا، هێز پشت دەبەستێت بە زۆرلێکردن، بەڵام دەسەڵات بریتییە لە هێزی ڕەوا، واتا ئەو هێزەیە، کە دەوەستێت لەسەر بڕیاردەری گشتییەوە.)) (ریترز، ٢٠٠٠: ٧١٤)

ڕەهەندی چینایەتی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت، بەڵام شاعیر زیرەکانە لە پاڵ باسکرنی مێژوویی چینایەتی و بنەماکانی چینایەتیدا،

جەخت لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ڕامان و بیرکردنەوە، فۆرمە گۆڕاوەکانی چینایەتی سەردەم، بەکارهێنانی ڕەمز و خوازە دەکاتەوە. ئێستاش ئاماژە بە چەند دەقێکی شیعریی شاعیر دەکەین بۆ ئەو مەبەستە.

لە دەقە شیعری (گوڵاڵە)دا، شاعیر ئاماژە بە ڕیشەی چینایەتی دەدات، کە چۆن لە هەموو کات و سەردەمێکدا بە شێواز و فۆرمی جیاواز بە دیار دەکەوێت و دەڵێت:

**گوڵاڵە**

**دە هەزار ساڵ پێش هاتنی سوپای تەتەر**
**پاشایەک نوست مناڵێکی برسی لەسەر**
**یاقووتی تاجەکەی نوسی: ڕۆژێ دێ هەر**
**پاشا دەمرێ**
**ئا ئەم تاجەش لە ژێر کەوشی هەژاراندا**
**ورد ورد دەکرێ!**
**خەڵکی دەڵێن: سەگی پاشا**
**بە بۆن بوو یا بە تەماشا**
**دەست و خەتی منداڵەکەی ناسییەوە**
**لە پەسێوی کۆڵبەیەکدا دۆزییەوە...**
**خەڵکی دەڵێن: جادوو بازێک وتی: ئەگەر**
**تکێ خوێنی ئەم مناڵە**
**بڕژێتە سەر چاکی زەوی**
**سەرانسەری زەوی دەبێ بە گوڵاڵە**
**گوڵەکانی باخەکەی ـ شاریش**
**هەمووی دەبن بە دڕکە زی...!**
**مناڵەیان لە تەشتێکی**
**گەورە گەورەدا سەربڕی**
**بەڵام تکێ خوێنی فڕی**
**لە کۆشکی ڕازاوەی شادا**
**هەتاوەک شا شەقی برد**
**هەر هەڵپەڕی...**
**ئەڵێن هەرچی گوڵاڵەی ئەم سەر زەمینە جەنجاڵەیە**
**تێکڕا هەمووی لەو تکە خوێنە ئاڵەیە!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٠٧)

بەپێی ئەم دەقە چینایەتی ڕیشەیەکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە واتا لە هەموو کات و سەردەمێکدا بوونی هەبووە، ئەمەش زیاتر لە نێوان دوو چیندا زیاتر دیارە و ڕەنگدەداتەوە، چینی بالاّو خاوەن دەسەلاّت، لەگەڵ چینی خوارەوە، کە زیاتر کەم دەسەلاّت و هەژارانن. ئەوەی شاعیر گەلاڵەیەو هەڵگری پەیامی تایبەتە لە ناوەڕۆکدا:

دە هەزار ساڵ پێش هاتنی سوپای تەتەر
پاشایەک نوست

سوپای تەتەر، سوپایەکی شەڕەت و وێرانکەر بوون، بەلاّم شاعیر دەڵێت: دە هەزار ساڵ لە پێش هاتنی ئەوان. واتە بۆ ئەوەی نەڵێن بە هاتنی ئەوان خراپەکاری و جیاوازی دەستیپێکرد، دواتر دەڵێت: پاشایەک نوست... ئەم دەربڕینە هەڵگری چەندین مانایە!

- نووستنێکی فیزیکی و ڕاستی مەبەستی خەوتن بێت و پاشا خەوتبێت.
- نووستنی بێ ئاگایی، کە هیچ کات پاشا ئاگای لە ژیانی خەڵکی خۆی نەبووە و نەیزانیوە چی دەگوزەرێت، بۆیە نووستن فرەڕەهەند و فرەواتایە لە دیدی شاعیردا.

منالێکی برسی لەسەر
یاقووتی تاجەکەی نوسی: ڕۆژێ دێ هەر
پاشا دەمرێ
ئا ئەم تاجەش لە ژێر کەوشی هەژاراندا
ورد ورد دەکرێ!

زرنگی منداڵێک شۆڕشێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە ئەم منداڵە برسییە نەچووەتە خزمەت پاشاو داوای شتی لێبکات، یان سەرسام بێت بە پاشا و سەرنجی ڕابکێشێت، بەڵکو زۆر بە چاوی هیچەوە تەماشای تاجەکەی پاشای کردووە و زانیویەتی ئەگەر دەسەلاّت و پاشایەتی نەبێت ئەم تاجە هیچ بەهایەکی نییە، دڵنیاش بووە لەوەی دەبێت پاشاش وەک هەموو مرۆڤێک بمرێت.

خاڵێکی تر، کە ئاماژەی پێ دەکات، خراپەکاری کەسانێکن، ئاکاری بالاّی مرۆڤایەتیان وەلا ناوە و تەنیا کاریان قسەهێنان و قسەبردنە. لە کۆتاییشدا تەنیا خراپەیان بۆ دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئاگادارمان دەکاتەوە لەو جۆرە کەسانە نەبین، بۆیە دەڵێت:

خەڵکی دەڵێن: سەگی پاشا
بە بۆن بوو یا بە تەماشا
دەست و خەتی منداڵەکەی ناسییەوە
لە پەسێوی کۆڵبەیەکدا دۆزییەوە...

ئەم دەقە هەڵگری ڕەهەندی هۆشیاری کۆمەلاّیەتی و بنەمایەکی مرۆڤدۆستی گشتگیرە. بۆیە زۆر بە هۆشیاری و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەنگاوەکانی دەقەکەدا کردووە. ڕەهەندی

مێژوویی، هاتنی سوپای تەتەر، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، جادووباز، ڕەهەندی شوێن، شار، گوڵجاڕ، ڕەهەندی بیر و پەروەردە، منداڵ، پرسیار:
خەڵکی دەڵێن: جادوو بازێک وتی: ئەگەر
تکێ خوێنی ئەم منالە
بڕژێتە سەر چاکی زەوی
سەرانسەری زەوی دەبێ بە گوڵاڵە.
جادووبازەکە دەزانێت پەیامی ئەم منالە پەیامی (ژیان، پێکەوەیی، مرۆڤدۆستی...)یە، لە کۆتاییدا سەردەکەوێت و پاشا و داروودەستەکانی بەشیان لەناوچوون و تۆمارکردنی مێژوویەکی خراپ و شەرمهێنە.
شاعیر لە دەقێکی شیعری تردا بە ناوی (خەوی هەژاران)دا، وێنای چینایەتی دەباتەوە ناو خەون و لایەنی نەرێنی تەنانەت کاریگەری لەسەر خەون و خەیاڵیش هەیە:

**خەوی هەژاران**

**خەو ئەبینم... من پاشا نیم لەسەر چارپایەی زێڕینا**
**خەو ببینم نوستوم لەگەڵ پەرییەکی چاو شین شینا**
**من هەژارم خەونەکەشم... وەک خۆم هەژارە**
**لە خەومدا هەتاوێکی گەورە گەورە هەڵهاتبوو**
**لە ئاسۆی زیوینی ئەم شارە...**
**خەو ئەبینم من پاشا نیم... لە تەلارێکی بەرز بەرزدا**
**خەو ببینم کە دەمم بووە بە لێزمەی گوڵاوو**
**دەبارێ بەلەشی گوڵینی کچێکی چاو سەوزدا...**
**من هەژارم... خەونەکەشم**
**وەک خۆم هەژارە**
**لە خەومدا شار کچێکی**
**لادێیەو**
**خۆر لە گوێیدا... بووە بە جووتێ گوارە...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٠٩)

لەم دەقەدا شاعیر بە دەربڕینی خەو ئەبینم... پاشان دەڵێت: من پاشا نیم لەسەر چارپایەکی زێڕینا خەو ببینم. بەراوردی دوو جۆر خەون دەکات، خەونێکی شاعیرانە و هەژارانە لەگەڵ خەونی پادشا و زۆرداردا.
یەکەم: خەونی هەژاران، خەونی جوانی و خۆشەویستی لەگەڵ پەری چاو شیندایە، خەونی ژیان و مرۆڤدۆستی و دادپەروەرییە.
دووەم: خەونی پاشا، خەونی زێڕ و دەسەڵات و مانەوە و حەز و ئارەزووی نەبڕاوەی پاشایانەیە.

بۆیە خەونی شاعیر و هەژاران وەک خۆرە، تین و گەرمی و ڕووناکی بۆ هەموو کەسێکە لەسەر ڕووی زەوی بەبێ جیاوازی، خەونی پاشا تەنیا لە شوێنە خۆش و تەلارە بەرزەکاندایە. دەتوانین لە مانای ناوەڕۆکی ئەم دەقەدا دوو جۆر خەون دەستنیشان بکەین:

• خەونی هەژاران و شاعیران خەونێکی گشتییە، بۆ هەمووانە بەبێ جیاوازی، دادپەروەری تیایە، بەرژەوەندی هەموو لایەکی تیا پارێزراوە...

• خەونی پاشا خەونی چینی بالایە، خەونێکی خودی و تایبەتییە، بۆ چەند کەسێکی دیاریکراوە، واتە دادپەروەری تێدا نییە و بەرژەوەندیی چەند کەسێکی تێدا پارێزراوە...

هەروەها لە شیعری (گۆزە)دا شاعیر باس لە کاریگەرییەکانی چینایەتی دەکات، تەنانەت چووەتە ناو جوانییەکانی ژیان و مرۆڤایەتییەوە، خۆشەویستیش قۆرخ دەکات و تەنیا بۆ خۆی پێی ڕەوایە:

**گۆزە**

**خۆر تازە قژی خۆی ڕێک دەخست بە شانەی زەڕنیگار**
**بەرایی پرشنگی بە ئاستەم ڕژابووە سەر جۆبار**
**تومەز بۆ ئاغا دێ نابینێ و نابێ هار**
**وا کچێک... کچی کێ!**
**هی جوتیار**
**گۆزەکەی دادەنێ ئەو دەستەی**
**ئالابوو لە قوڵفی گۆزەکەی**
**وەک تەرز لە لق و چڵی دار**
**دەیکاتە ملی یار**
**یار کێیە؟**
**شوانێکی ڕووت... هەژار...!**
**پڕ بەدەم لە ماچی شیرین و شڵپەدار**
**دەشکێنێت تەشەنگیی ئارەزووی گڵپەدار...**
**...**
**ئاغا دێ**
**گزیری باردە ڕێ**
**گۆزەی کچ**
**تیشک شکا**
**قرچە قرچ**
**لە دڵی کچ هەڵسا**
**نەک جارێ هەزار جار**

**باوەژن دەیکوژێ بە تێڵاو دەسکەدار**
**لەترسا ئەندێشە لەنگەری نەدەگرت لە دڵیا**
**کچ گریا... هەر گریا و هەر گریا...**
**بۆ گۆزەی شکاوو دڵدارێ**
**ئاغا دێ ئێوارە**
**لە پشتیا دەشکێنێ چەند دارێ**
**لەو دێیە نایهێڵێ بەیانی**
**ئیتر کچ لەو دێیە**
**بە کێدا هەڵبێنێ چاوانی!!!**
**...**
**کچ گریا... هەر گریا و هەر گریا**
**ڕەهێڵەی فرمێسکی خەستی بوو بەکانی**
**پیرە ژن باس دەکەن: لەو جێیە... لە خواوە**
**دار گوێزێ باڵا بەرز ڕوواوە**
**نیگاری کوڕەکە و کچەکە و گۆزەکەی**
**لەسەریا کێشراوە...**
**ڕێبواری ئەو دێیە باس دەکەن:**
**ئێستاش هەر**
**دوو چاوی کچەکە پڕپڕە لە نمەی**
**ئەشکی تەڕ..!!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٥٠٣)

لە کۆپلەی یەکەمی دەقە شیعرییەکەیدا، شاعیر وێنای جیهانی ئەفسوناوی خۆشەویستی دەکات، خەون و خەیاڵی کچێک لەگەڵ خۆشەویستەکەی، کە کوڕێکی هەژار و ڕووت و قووتە، هیچ شتێکی نییە، تەنیا ئەوەی، کە لە نێوانیاندا هەیە خۆشەویستی و عیشقە:

خۆر تازە قژی خۆی ڕێکدەخست بە شانەی زەڕنیگار
بەرایی پرشنگی بە ئاستەم ڕژابووە سەر جۆبار
تومەز بۆ ئاغا دێ نابینێ و نابێ هار
وا کچێک... کچی کێ!
هی جوتیار
گۆزەکەی دادەنێ ئەو دەستەی
ئاڵابوو لە قوڵفی گۆزەکەی
وەک تەرز لە لق و چڵی دار
دەیکاتە ملی یار
یار کێیە؟

شوانێکی ڕووت... هەژار!...
پڕ بەدەم لە ماچی شیرین و شڵپەدار
دەشکێنێت تەشەنگیی ئارەزووی گڵپەدار...
لە کۆپلەی دووەمدا دید و سەرنجی ئاغا و تەنانەت خۆشەویستیش بۆ هەژاران بە ڕەوا نابینێت، جگە لە خۆی، لەگەڵ هەڵوێستی نەشیاوی گزیرەکانی ئاغا، کە خۆیان و ڕەفتاریان چەند قێزەون و ناشیرینن:
ئاغا دێ
گزیری نارده ڕێ
گۆزەی کچ
تیشک شکا
قرچە قرچ
لە دڵی کچ هەڵسا
نەک جارێ هەزار جار
باوەژن دەیکوژێ بە تێڵاو دەسکەدار
لەترسا ئەندێشە لەنگەری نەدەگرت لە دڵیا
کچ گریا... هەر گریا و هەر گریا...
بۆ گۆزەی شکاوو دڵداری
ئاغا دێ ئێوارە
لە پشتیا دەشکێنێ چەند دارێ
لەو دێیە نایهێڵێ بەیانی
ئیتر کچ لەو دێیە
بە کێدا هەڵبێنێ چاوانی!!!
لە کۆپلەی سێیەمی شیعرەکەدا دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵایەتی بەرجەستەدەکات، ئەویش باوەژن و مامەڵەی لەگەڵ ئەو منداڵانەی، کە هی خۆی نین، لەبەرئەوەی ئاکارەکانی ئەویش هیچی کەمتر نییە لە ڕەفتاری نەشیاوی ئاغا، بۆیە شاعیر لە کۆمەڵێک ڕەهەند و گۆشەنیگای جیاوازەوە وێنای چینایەتی و جیاوازیی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:
کچ گریا... هەر گریا و هەر گریا
ڕەهێڵەی فرمێسکی خەستی بوو بەکانی
پیرە ژن باس دەکەن: لەو جێیە... لە خواوە
دار گوێزێ باڵا بەرز ڕوواوە
نیگاری کوڕەکە و کچەکە و گۆزەکەی
لەسەریا کێشراوە...
ڕێبواری ئەو دێیە باس دەکەن:
ئێستاش هەر

دوو چاوی کچەکە پڕپڕە لە نمەی
ئەشکی تەڕ..!!
لەم دەقانەدا شاعیر زۆر جەخت دەکاتەوە لە پەیامی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، خستنە ڕووی ڕووداوەکان، هۆکار و ئەنجامی چینایەتی، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، بەهای باڵا لە چیدایە...! ناشرینییەکانی چین...!!! چەند جار و چەند بارە باس لە هەژاران، خۆشەویستی، خۆری دادپەروەری، ئازادی و ژیانێکی بەختەوەرانە دەکاتەوە، لە لای چینی هەژاران و خوارەوە، لە بەرانبەردا ئاماژە بە چینی باڵا، پاشا، تەلاری بەرز، سەرمایە، ستەم، زۆرداری، دابڕان و حەسرەتی خۆشەویستان دەکات. بەپێی سەردەم و کات و شوێن، فۆرم و مۆدێلەکانی چینایەتی گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، تا گەیشتووە بەوەی ئاغای دێیەکە ئیرەیی بە عیشق و خۆشەویستی کچێکی جووتیار، لەگەڵ شوانی لادێدا ببات و گزیرەکانی بنێرێتە ڕێگەی کچەکە و گۆزەکەی بشکێنن و ئێش و ژان بخەنە دڵی کچەکەوە. لەم دەقەدا شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت، جیاکاری چینایەتی گەیشتووەتە ئاستی بەها مەعنەوییەکانیش، ئەگەر لە هەندێک شوێن و زۆرجار لایەنی ماددی و دەسەڵات بووبێت، ئەوە ئێستا زۆر لایەنی دیکە و شێوازی تریشە، لەبەرئەوە لایەنی نەرێنی و خراپییەکانی چینایەتی هەر بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو سەر بۆ زۆر شتی تریش دەکێشێت.
کچەکە، گۆزەکەی شکا
دڵی شکا
گەڕایەوە باوەژن لێپرسینەوەی لێکرد و ئازاریدا، ئاغا ئەشکەنجەیدا. لێرەدا شاعیر بە وردی پۆلێنی ڕەهەندەکانی چینایەتی کردووە، پەیامی ڕیفۆرم و چاکسازی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیمان پێ دەدات.
هەروەها لە دەقێکی شیعریی تردا بە ناوی (ڕۆژنامە) شاعیر بێدەنگی لە ئاستی نادادی چینایەتی دەباتە ناو ڕاگەیاندن و سەردەمی پێشکەوتنەوە:

**ڕۆژنامە**

**هەژارەکان: لە هەچ شوێن و جێگایە**
**لە هەچ وڵات و لایە**
**ڕۆژنامەکان نەیانوێرا**
**بڵێن: شای شار ڕووت و قووتەو**
**بەرگی بەری تەنیا بایە**
**ڕۆژنامەکان نەیانوێرا**
**هاواربکەن تاجەکەی شا**
**مقەبایە..**
**پەرە.. پەرە.. ڕۆژنامەکان بدڕێنن..**
**شارەکەتان لە ژێر زبڵی**

**درۆی هەموو ڕۆژنامەکان**
**دەربهێنن..**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٢١٣)

شاعیر زۆر گرنگی بە پەیام و هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەدات، لەم بوارەدا پەی بە زۆر لایەنی ئەو هۆشیارییە دەبات سەبارەت بە چینایەتی و هۆکارەکانی نەمان و مانەوەی، لەم دەقەدا جەخت لەسەر بایەخی ڕاگەیاندن دەکات، لەسەر بانگەشەی کۆتایی هێنان بەو دیاردەیە ئەگەر بیانەوێت، باس لە خراپیی و نەهامەتی دەسەڵات و شا بکەن، چونکە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە زوو پەیام دەگات، لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: ڕۆژنامە سەردەمی هۆشیاریی و ژیار و پێشکەوتنە، واتا خەڵک چەند قۆناغێک چوونەتە پێش و لە جیهانی نەزانی و نە خوێندەواری دەربازبوونە.

دووەم: پەیام لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە زوو دەگاتە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت لە کۆتایی هێنان و نەهێشتن و قێزەونکردنی ئەو حاڵەتە لەلای هەمووان. سەرنجێکی تر، کە لەم دەقەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، بوێری و ئازایەتی باس دەکات، نەترسن لە باسکردنی پووچێتی شا وەک مرۆڤێکی ئاسایی و ڕووت و قووت، بەرگی بەری هیچ نییە، تاجەکەی کاغەز و موقەبایە، بۆ ڕووخانی ئەم چینایەتییە تەنیا یەک جوڵەی ئازایەتی و چاو نەترسی دەوێت و هیچی تر، ئیتر هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاری دەبێت لەسەر دابەشکاری چینایەتی کۆمەڵگە. لە دەقێکی شیعریی تردا بەناوی (پەیکەری وشە) شاعیر باسی هەڵوێست و قوربانی و کارکردن دەکات، لە پێناو بنەبڕکردن و نەهێشتنی چینایەتیدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەم قوربانی و کۆڵنەدانی دەوێت، هەم دەبێت هەرچی بەرژەوەندییە وەلای بنێین، یەکەم هەنگاویش لە خۆیەوە دەست پێ دەکات:

**پەیکەری وشە**

**هەزارەها لیرە و دینار**
**هەزارەها کۆشک و تەلار**
**هەزارەها شۆخە دڵدار**
**واز لێدێنم**
**هەر بۆ ئەوەی دەنگی ئێوە نەدۆڕێنم**
**هەژارەکان**
**گەر هەستتان کرد دەنگم دەنگی ئێوە نیە**
**ڕەنگم ڕەنگی ئێوە نیە**
**گەر هەستتان کرد خەمم خەمی ئێوە نیە**
**دەمم دەمی ئێوە نیە**
**شیعرەکانم بدڕێنن**
**وەک پەیکەرێکی نابووت بمڕوخێنن**

**گەر هەستتان کرد وەک ئێوە برسی نیم**
**گەر هەستتان کرد لە دەرەوەی زنجەکانتاندا دەژیم..**
**گەر هەستتان کرد برژوازیم**
**هەرچیم هەیە بیسوتێنن..**
**ناوم وەک ژەنگی پارە هەڵکرێنن..**
**یادم وەک شیعری فەریکە شاعیرێ..**
**لە پەل و پۆی داری خەوتان هەڵوەرێنن**
**گەر هەستتان کرد وەک ئێوە زەحمەتکێش نیم..**
**وەک ئێوە چاوگەی خەم و ژان و ئێش نیم**
**گەر هەستتان کرد..**
**لە دڵتاندا بمکوژن و بە دێڕێکی زل بنوسن..**
**شاعیرێکی ترسنۆک و درۆزن مرد..**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ١٠٤)

لەم دەقەدا لایەنێکی زۆر گرنگ، کە شاعیر جەختی لێدەکاتەوە، هەڵوێستی جوان و ئەرێنییە، پێویستە هەموو کەسێک لەبەرەی گەل و هەژاراندا بێت، ئەوە: مرۆڤدۆستە، بە هەڵوێستە، ئاسوودەیی هەمووانی دەوێت، لە خەمی خەڵک و هەژراندایە... هەرکەسێک لەگەڵ چینی پاشا و دەسەلاتدا بێت، ئەوە پشت لە میللەت و هەژارانە و بەرژەوەندیخواز و خەمی، خەمی تایبەت و تاکەکەسییە، بەلام شاعیر هەر بە ئەمەش لێناگەرێت، بەرپرسیارێتیش دەداتە میللەت و گەل، بەوەی هەرکاتێک بینیتان من (کە مەبەستی شاعیر خۆیەتی) یان هەر کەسێک لەگەڵ ئێوە و لە خەمی خەڵک و هەژاراندا نەبوو، ئەوە وەک پەیکەرێک بیرووخێنن، ئەگەر شاعیر بوو شیعرەکانی بدڕێنن، نەک هەر ئەوەندە ئەگەر هەستتانکرد وەک ئێوە برسی نیم، وەک ئێوە لە زنجەکانتاندا ناژیم، یان منیش چینی بالآ و بۆرژووازی بووم ئەوە هەرچیم هەیەکۆتایی پێبهێنن و بسووتێنن. تاکو کۆتایی دەقەکە لەسەر ئەم تەرزە دەڕوات، بەلام ئەوەی لە کۆتایی دەقەکەدا پەیامەکە تەواو دەکات دەڵێت:

گەر وا نەبوو لە دوای مردنیشم، لێ نەگەڕێن ناوبانگم باش بێت و وازم لێمەهێنن
لە دڵتاندا بمکوژن و بە دێڕێکی زل بنوسن..
شاعیرێکی ترسنۆک و درۆزن مرد.

لە دەقێکی شیعریی تریدا بە ناوی (مرواری) شاعیر ڕەتکردنەوەی جیاوازی و چینایەتی لە لای کەرەستە و شتە بێگیانەکانیشەوە دووپاتدەکاتەوە، کە چەند بێزارن لە نادادیی و ژێردەستەیی:

**مرواری**

**مرواریییەک لە تاجی شایەک ترازا**
**وەک باڵداری بریندار**
**باوەشی کرد بە زەویدا**

**کۆیلەیەک بۆی نوشتایەوە**
**هەڵیبگرێ و بیداتەوە**
**لە تاجی شای پایەدار**
**مرواری بێ دەم و زمان**
**چاوی لە کۆیلە قووچان**
**لە عەزرەتا کەوتە دووان؟**
**هاواری کرد**
**- بێزار بووم**
**تاجی شام لێ بووە بە کۆت**
**تۆ ئەی کۆیلە هەژارەکە**
**بۆ نامدزی و**
**بۆ نامکەیتە عاشقبەندێ**
**بۆ گەردنی ژنەکەی خۆت...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٥١)

لەم دەقەدا شاعیر لە ڕێگەی بە گیانکردنی مروارییەکی بێگیانەوە، نیگەرانی خۆی لە ژیانی کۆیلایەتی و جیاکاری چینایەتییەوە دەخاتە ڕوو، بۆیە هەڵگری پەیامی ژیان و ئازادی و بەختەوەرییە. دوو شت بەرانبەر دەکاتەوە سەری پاشا و تاج لەگەڵ زەویی و ژێرپێ، بەڵام کاتێک مرواریییەکە بە تاجی سەری پاشاوە بووە، خۆی نەبووە و بەکامی دڵی خۆی ژیانی نەکردووە، کە کەوتە خوارەوە و گەیشتە زەوی، ئەوە سروشتی خۆیەتی و تێر باوەشی کردووە بە زەویدا، کاتێک کۆیلەیەک دەیەوێت چاکەیەک بکات و مرواریییەکە بباتەوە بۆ سەری تاجەکەی شا، کەچی لە داخانا مرواری بێگیان و بێزمان هاتە قسە، تۆ تاکو کەی هەر ژێر دەستە و خزمەتکار و کۆیلە دەبی! وەزیفەی تۆ ئازادی و سەربەخۆبوونە، لە ژێردەستەیی و دیلێتی شاو چینایەتی، وەزیفەی منیش ڕازاندنەوە و ئارایشتی سەری ژنان و کەمەربەندی خانمانم. لێرەوە شاعیر پێمان دەڵێت، (دار، دیوار، بێگیان...) لە دابەشکاری چینایەتی و ژێر دەستەیی و کۆیلایەتی نارەحەت و بێزارن، ژیان واتا: هاوسەنگی، یەکسانی، سەربەخۆیی و ئازادی.

لە دەقێکی شیعریی تردا بە ناوی (ڕەنگ) شاعیر لایەنێکی تری پاشا و بیرکردنەوەی خاوەن دەسەڵات دەخاتە ڕوو، کە چۆن هەموو شتێکیان بۆ خۆیان دەوێت، تەنانەت لایەنی مەعنەویی و جوانییەکانیش بە بەرانبەر ڕەوا نابینن، دەبێت ئەوەش بۆ خۆیان بێت:

**ڕەنگ**

**شا... بە دار گوێزێکی گووت: دارە**
**چاوی من ڕەشکارە**
**ژنەکەم حەز دەکات**

**چاوی من... سەوز بێ... وەک گەڵات**
**سەنگایی باڵای خۆت**
**زێڕی قاڵ دێنم بۆت**
**سەوزاییت بە بەمن**
**با چاومی پێ سەوزکەم**
**ئەمشەو تێر لای شا ژن**
**بە خۆشی وەنەوزکەم...**
**دار وتی: ئەم ڕەنگەم نەمێنێ**
**نە باڵدار لە لقما لان دەکا و دەخوێنێ**
**نەباران گۆرانی شار و دێم بۆ دێنێ**
**شا... وتی: هۆ دارە گێلەکە من پاشام**
**سڵ بکە... بترسە لە کینە و لە سزام...**
**گاڵ دەدەم بە پاچی دەم ئاسن**
**لە ڕەگ و ڕیشەوە داتپاچن**
**دار وتی: بەم ڕەنگەی خۆمەوە ناسراوم**
**ئەم ڕەنگەم نافرۆشم زانیومە سووتاوم...!**
**بە فەرمان... فەرمانی شاهەنشا**
**بە تەوراس دار شکا و لە کرۆک هەڵکێشرا**
**ئێوارە کە پاشا چووەوە تەلاری**
**گەیشتە خانمی زراف و نازداری**
**خانمی کە نواڕی**
**دەستی شا لە خوێندا گەش گەش بوو**
**چاویشی وەک جاران هەر ڕەش بوو**
**ژووری شای جێهێشت و قاقا پێی پێکەنی**
**لەداخا شا مرد وا جیهانی بێزارکرد بۆگەنی**
**گشت ڕۆژێ... گشت دەمێ... شا دەمرێ**
**دار گوێزیش گەڵای سەوز هەر دەگرێ...!**
(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٤٩٩)

لەم دەقەدا شاعیر لە بواری جیاوازی چینایەتی و دابەشکاری کۆمەڵایەتیدا نامێنێتەوە، بەڵکو چـووەتە نـاو دەروون و دیـدی پاشـا و چینـی بـاڵاوە، ئەوان نەک هەر وزە و توانـای چینـی خـوارەوە دەبەن و دەیمـژن، دەیانەوێت سروشـتی خۆیـان بگـۆڕن و جوانییەکـانی سروشـتیش ببەن یـان دەشـێت لە ڕێگەی ڕەمـز و خـوازەوە پێمـان بڵێت، ئەمەیە بیـر و قەنـاعەتی پاشـا و زۆردار هەموویان بەم چەشنە بیر دەکەنەوە:
شا... بە دار گوێزێکی گووت: دارە

چاوی من ڕەشکارە
ژنەکەم حەز دەکات
چاوی من... سەوز بێ... وەک گەڵات
سەنگایی باڵای خۆت
زێڕی قاڵ دێنم بۆت
سەوزاییت بە بەمن
با چاومی پێ سەوزکەم
ئەمشەو تێر لای شاژن
بە خۆشی وەنەوزکەم...
لەپێناوی خواست و حەزی ژنەکەیدا، لەبەر وەنەوزێکی خۆشی باوەشی ژنەکەی، داوادەکات هەرچی جوانی و سەوزایی گەڵای دار گوێزەکەیە بۆ خۆی ببات. بەبێ گوێدانە سڕینەوەی بەرانبەر و دەرکردن لە سروشتی خۆی، سەرەتاش بە شێوازی گفتوگۆ و دیالۆگ داواکەی پێشکەشدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کەس داواکەی ڕەتبکاتەوە، هەروەها واش دەزانێت هەموو کەسێک وەک ئەم بیر دەکاتەوە و لە پێناو مادده و دەسەڵاتدا هەموو شتێک دەکات:
دار وتی: ئەم ڕەنگەم نەمێنێ
نەباڵدار لە لقما لان دەکا و دەخوێنێ
نەباران گۆرانی شار و دێم بۆ دێنێ
دار گوێزەکە زێڕ و داوای پاشای ڕەتکردەوە، چونکە دەڵێت، من بە سروشتی خۆمەوە جوانم و هەم ئەگەر وا نەبێت، باڵدارەکان لانەم تێدا ناکەن و ئارام بگرن، نە باران گۆرانیم بۆ دێنێت:
شا... وتی: هۆ دارە گێلەکە من پاشام
سڵ بکە... بترسە لە کینە و لە سزام...
گاڵ دەدەم بە پاچی دەم ئاسن
لە ڕەگ و ڕیشەوە داتپاچن
لە پێشەکیی دەقەکەدا ئاماژەمان بەوەدا، کە پاشا بە زمانی گفتوگۆ و دیالۆگ داوا دەکات، بەڵام هەرکات نەخێر بەرەو ڕووی کرایەوە یەکسەر ستەم و نادادی ئامادەیە نابێت بۆ هیچ داوایەکی بگوترێت (نا) کاتێک دار گوێزەکە وتی سروشتی خۆم ناگۆڕم و تێکی نادەم یەکسەر دەڵێت: من پاشام چۆن سڵ ناکەیتەوە لە کینە و سزام بە یەک فەرمان داوا دەکەم داتپاچن و لە ڕەگەوە بتسڕنەوە.
دار وتی: بەم ڕەنگەی خۆمەوە ناسراوم
ئەم ڕەنگەم نافرۆشم زانیومە سووتاوم...!
دار گوێزەکە ئامادەنەبوو لە بەرانبەر تەماح و پارە و زێڕدا خۆی بفرۆشێت و سروشتی خۆی تێکبدات، سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی.
بە فەرمان... فەرمانی شاهەنشا
بە تەوراس دار شکاو لە کرۆک هەڵکێشرا

پاشان کاتێک وشەی (نەخێر) بەرەو ڕووی کرایەوە دەسەڵات و ستەمی خۆی بە کارهێناو لە ڕەگەوە داریان هەڵکێشا و لەت و پەتیان کرد، ئەمەیە سروشتی ڕاستەقینەی پاشای شاهەنشا.

ئێوارە کە پاشا چووەوە تەلاری
گەیشتە خانمی زراف و نازداری
خانمی کە نواڕی
دەستی شا لە خوێندا گەش گەش بوو
چاویشی وەک جاران هەر ڕەش بوو
ژووری شای جێهێشت و قاقا پێی پێکەنی

ژنە پاشاش چونکە بە خۆشەویستییەوە شای هەڵنەبژاردووە، لە بەر دەسەڵات و پارە و تەماحدا هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە، لە پێناوی جێبەجێنەکردنی یەک داوایەکیدا، کە پاشا چاوی سەوز بکات و نەیتوانی، ئەگەرچی دەستیشی سوور بوو لە خوێن، بەڵام ژنەکە بەجێیهێشت و هەر جێهێشتنیش نا، بەڵکو قاقا پێی پێکەنی.

لە داخا شا مرد وا جیهانی بێزارکرد بۆگەنی
گشت ڕۆژێ... گشت دەمێ... شا دەمرێ
دار گوێزیش گەڵای سەوز هەر دەگرێ...!

شا دەمرێت و بۆگەنی خۆی و کارەکانی هەموو کون و قوژبنێک پڕ دەکات و پیس دەکات، بەڵام دار گوێزەکە ڕووایەوە و گەڵای سەوزی گرتەوە وەک هەمیشە.

بەکورتی (لەتیف هەڵمەت) جگە لەوەی وێنەیەکی گشتیمان لەبارەی چەمکی چینایەتییەوە پێ دەدات، سیمایەکی نەرێنی پێ دەبەخشێت و پۆلێنی جۆراوجۆری بۆ دەکات. ئەمە بە ڕوونی لەو شیعرانەی، کە باس لە چەمکی چینایەتی دەکەن، دەردەکەوێت.

# ئەنجام

١. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەناو دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا پێگە و پایەیەکی تایبەتی هەیە، بە جۆرێک، کە کەم دەقی شیعریی ئەم شاعیرە هەیە بە یەکێک لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان بارگاوی نەبێت.

٢. (لەتیف هەڵمەت) لەناو شیعرەکانیدا بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ هەندێک لایەنی کۆمەڵایەتیدا کردووە، بە شێوازێک، کە ڕەهەندە دەروونی و خودییەکانی بە ئاراستەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا بردوون.

٣. (لەتیف هەڵمەت) سەرمەشق و ڕچەشکێنی خۆشەویستیی کۆمەڵناسییانەیە، چونکە بە ئاگاییەوە لایەنە خودییەکانی خۆی خزاندووەتە ناو بوار و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە و لە بەرگی شیعردا بەرجەستەی کردوون.

٤. (لەتیف هەڵمەت) بە شیعر لە کۆمەڵێک ڕوانگەی جیاوازەوە کاری لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، چ لەسەر ئاستی تاک، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە کردووە.

٥. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو ڕێگایانەیە، کە شاعیر پەنای بۆ بردووە، بەو مەبەستەی تاک لەنێو کۆمەڵگەکەیدا لەبارەی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە هۆشیاری هەبێت.

٦. (لەتیف هەڵمەت) بە شیعر کۆمەڵێک ڕەگەزی پەروەردەیی وەک: (شێوازی تازەی فێرکردن، ڕەچاوکردنی ڕێگە باوەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕەگەزی گفتوگۆ)ی دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی تاکێکی بەهێز بەرهەم بێت و لە ڕووی پەروەردەوە لەنێو کۆمەڵگەکەیدا گونجاو بێت.

٧. (لەتیف هەڵمەت) لەو دەقە شیعرییانەی، کە باس لە چینایەتی دەکات، لایەنی نەرێنیی چینایەتی لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا خستووەتەوەڕوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و دوور لە جیاوازیی چینایەتی بنیات بنرێت.

٨. لە زۆر شوێندا دەنگی (من)ی شاعیر (لەتیف هەڵمەت) دەنگی (ئێمە)ی کۆمەڵە و لە ڕێگەی خۆیەوە پەیام و ئازاری نەتەوە و کۆمەڵگەکەی گەیاندووە، هەر بۆیە سیمایەکی مرۆڤایەتی و جیهانی پێ داوە و لە بازنەی بچووکی ناوچەیی دەربازی کردووە. واتە ڕووحێکی نەمریی بەو چەمکە پێبەخشیوە.

٩. (لەتیف هەڵمەت) وەک ڕەگەزێکی گرنگی پەروەردەیی جەخت لەسەر منداڵ دەکاتەوە و چەندین شیعری بۆ منداڵان نووسیوە و تێیاندا لەبارەی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، فێرکاری و خۆشەویستیی نیشتمانەوە هۆشیاریان دەکاتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

❖ **قورئانی پیرۆز**

**بە زمانی کوردی**

**کتێب**


١. ئاشوری، داریوش (٢٠١٠)، کەلتوور چەمک و پێناسە، وەرگێڕانی: کۆسار فەتاحی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

٢. ئالانی، عەزیز (٢٠٢١)، *فەلسەفەی پەروەردە*، چاپی سێیەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٣. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د.) (٢٠١٥)، *فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*، ناوەنی غەزەلنووس، سلێمانی.

٤. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٨)، *ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی*، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.

٥. ئەلفەوال، سەلاح مستەفا (د.) (٢٠٢٠)، سیمبولەکانی هزری کۆمەڵناسی هاوچەرخ، چاپی دووەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: توانا فەرەیدون حسێن، چاپخانەی مێخەک، هەولێر.

٦. ئۆشۆ (٢٠١٠)، عیشق *سەمای ژیانە*، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

٧. ئیسکارپیت، ڕۆبێر (٢٠١٨)، *کۆمەڵناسی ئەدەب*، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: هیمداد حسێن و سەنگەر نازم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٨. ئیسماعیل، نەسرین ڕەئووف (٢٠١٠)، *ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا (سالانی ١٩٢٠-١٩٥٨)*، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٩. الرحمانی، ئەحمەد (٢٠٢١)، *تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان*، وەرگێڕانی: پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٠. الزغول، عماد عبدالرحيم (د.) (٢٠١٥)، *بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی*، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١١. الشماس، عیسی (د.) (٢٠٠٤)، *مدخل الی علم الانسان*، وەرگێڕانی سالار محەمەد گەلالی، هەولێر.

١٢. امین، بورهان محمد (٢٠٠٥)، *تەفسیری ئاسان*، قم- اسوه.

١٣. تاهیر، فواد (٢٠١٨)، *هۆشیاریمان*، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١٤. بەرزنجی، سەعید محەمەد (د.) (٢٠٢١)، *پێوەرەکانی ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٧٠-١٩٩٠)*، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.
١٥. بیلینسکی، ف. (٢٠٢٠)، *دەربارەی ڕەخنە*، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
١٦. خەمەش، مەجدەدین عومەر خەیری (٢٠١٢)، *کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: کۆمەڵێک توێژەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧. دیلانی، تیم (١٣٩٥)، *تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: خالید شێخی، پەخشانگای بیریار، سەقز.
١٨. ڕەحمان، عەبدوڵڵا (د.) (٢٠٢٠)، *کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا*، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.
١٩. ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز ، (٢٠١٢)، *ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا*، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٢٠. ڕەشید، فوئاد (د.) (٢٠١٨)، *میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢١. زێباری، تاهیر حەسۆ (د.) (٢٠١٧)، *تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا*، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان، هەولێر.
٢٢. سادق، فوئادی تاهیر (٢٠٠٨)، *هۆشیاری کۆمەڵایەتی*، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
٢٣. سلێوە، هاوژین (٢٠١٩)، *ڕەخنەی پراکتیکی*، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٤. سەمیرە (د.) (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: خەسرەو میراودەلی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٥. سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٤)، *لە پێوەندییەوە بۆ خۆشەویستی*، دەزگەها سپیرێزیا چاپ و وەشانێ، دهۆک.
٢٦. صالح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، *ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا*، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٢٧. عەبدوڵا، پێشڕەو (٢٠٢١)، *سایکۆلۆژیای شیعری کوردی*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٨. فرۆم، ئەریک (٢٠٢١)، *هونەری خۆشەویستی*، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیسماعیل ڕاجی، خانەی کولتوور بۆ چالاکیی ئەدەبیی و فەرهەنگی، سلێمانی.

٢٩. فضل، صلاح (د.) (٢٠١٦)، *میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ*، وەرگێڕانی: پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٣٠. عەزیز، کەریم ئەحمەد (٢٠١٧)، *بنەماکانی پەروەردە*، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
٣١. عەزیز، کەریم ئەحمەد (٢٠٢١)، *فەلسەفەی پەروەردە*. چاپی سێیەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
٣٢. کاکەمەمی، ئەحمەد (٢٠٠٣)، *گوڵبەهارە*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.
٣٣. کریم، هاشم فقی (د.) (٢٠١٨)، *پەروەردەی ئیسلامی و کاریگەری بەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە*، وەرگێڕانی: مزەفەر عەولا قەسرێی، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٣٤. کەریم، هاوار (٢٠١٧)، چەند *بابەتێکی سۆسیۆسایکۆلۆجی*، چاپخانەی گەنج، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕینما، سلێمانی.
٣٥. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٠١)، *لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا*، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣٦. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٠٩)، *کۆمەڵناسی ئەدەبیات*، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٣٧. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢٠)، *دەروازەی کۆمەڵناسی*، چاپی دووەم، پرۆژەی چاپی کتێبی مێخەک، هەولێر.
٣٨. کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢٢)، *سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵناسی*، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٣٩. گردەسۆری، جەمال (٢٠١٨)، خوێندنەوەی *شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٠. مەحموود، محەمەد بن (٢٠١٤)، *دەروونزانی کۆمەڵایەتی*، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٤١. مەحوی (١٣٨٩)، *دیوانی مەحوی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کوردستان، سنە.
٤٢. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢٠)، *تیۆری ئەدەبی*، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤٣. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢١)، *زانستی دەق لە ئەدەبدا*، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٤٤. مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، *میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی*، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٤٥. مەعتوق، فریدریک (٢٠٢١)، *کۆمەڵناسی مەعریفە*، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی فێربوون، هەولێر.
٤٦. میراودەلی، خەسرەو (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی*، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٤٧. لۆکسۆمبۆرگ، ڕۆزا (٢٠١٦)، *ریفۆرمی کۆمەلایەتی یان شۆڕش*، وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر و ئەوانی دیکە، ناوەندی توێژینەوە و هرزیی شەهید ئارام، سلێمانی.
٤٨. هایدیگەر، مارتن (٢٠١٣)، بوون و کات، وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٩. هەڵمەت، لەتیف (١٩٧٩)، *جوانترین دێ*، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
٥٠. هەڵمەت، لەتیف (١٩٨٣)، *دەنگخۆشترین مەل*، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی.
٥١. هەڵمەت، لەتیف (١٩٩٧)، *کاتژمێر*، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
٥٢. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠١)، *چۆلەکەی سەر دارەکە*، ناوەندی شاکار، سلێمانی.
٥٣. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥)، *پرسیار لە مناڵ*، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
٥٤. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥)، *پرسیار لە مناڵ*، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
٥٥. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥)، *گوڵی ناو ئینجانەکە*، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
٥٦. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥)، *منال و بووکە شووشە*، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
٥٧. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥)، *هێلانەیەکی تر*، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
٥٨. هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤)، *دیوانی لەتیف هەڵمەت*، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

**نامەی زانستی**

٥٩. عەلدولعەزیز، هەژار ئەحمەد (٢٠٠٧)، "بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠ بۆ ١٩٦٢" نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦٠. کۆمەڵێک توێژەر (٢٠١٢)، "عیشق لە ڕووانگەی شیعرەکانی (عەبدولا بەگی میسباح الدیوان)" (بڵاونەکراوە)، بەشی زمانی کوردی، سکوڵی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤار**

٦١. الشماس، عیسی (د.) (٢٠٠٤)، "مدخل الی علم الإنسان" وەرگێڕانی: سالار محەمەد گەلاڵی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٩٥).

٦٢. بۆکانی، سابیر بەکر (٢٠٠١)، "سایکۆلۆژیای خۆشەویستی" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٧).

٦٣. دۆرکهایم، ئەمیل (٢٠١١)، "دیاردەی کۆمەلایەتی چییە؟" گۆڤاری کۆمەڵناسی، ساڵی پێنجەم، ژمارە (٧).

٦٤. جاسم، نێچیروان (٢٠١٦)، "سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی لای ئەرستۆڤانیس" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٢٩).

٦٥. ڕەئوف، لوقمان (د.) (٢٠٢١)، "خۆشەویستی لە شیعرەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دا" گۆڤاری کۆنتێکست، ساڵی چوارەم، ژمارە (١١-١٢).

٦٦. ساڵەیی، عەدنان (٢٠١٣)، "خەیام لە نێوان گومڕایی و مەینۆشی و خواناسیدا" گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١٠٤).

٦٧. سلێمان، شوکر (٢٠٠٧)، "بەهای کۆمەلایەتی لە مێژوودا" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢١).

٦٨. صالح، قاسم حسین (٢٠٠١)، "سایکۆلۆژیای خۆشەویستی" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٧).

٦٩. شەریف، ڕۆزە عەبدوڵڵا (٢٠٠٦)، "تیۆری کردەی کۆمەلایەتی لای تالکۆت پارسۆنز" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٥).

٧٠. عەزیز، حەمید (د.) (٢٠٠٨)، "بنەما فرەڕەنگییەکانی تیۆرییە کۆمەلایەتییەکان" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩).

٧١. عەلی، دڵشاد (د.) (٢٠٠٧)، "گۆران داهێنان و نوێخوازی" گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٠).

٧٢. عوسمان، توانا (١٩٩٨)، "گفتوگۆیەک دەربارەی چەمکی خۆشەویستی" گۆڤاری ڕامان، ساڵی دووەم، ژمارە (٢١).

٧٣. قادر، ڕێبین خەلیل (٢٠١١)، "میتۆدی ڕەخنەی کۆمەلایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا" گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦٣).

٧٤. کابان، فلیپ (٢٠١١)، "پانۆرامای سۆسیۆلۆجیا" وەرگێڕانی: هاوار محەمەد، گۆڤاری کۆمەڵناسی، ساڵی پێنجەم، ژمارە (٧).

٧٥. گڕاوی، ئازاد (٢٠٠٥)، "پێگەیاندنی کۆمەلایەتی" گۆڤاری کۆمەڵناسی، ژمارە (٢).

٧٦. محمد، دڵشاد عەلی (د.) & مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠١٩)، "ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا- کرمانجی خواروو (١٩٢٠-١٩٥٨)" گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦).
٧٧. ناودەشتی، ئیبراهیم (٢٠٠٤)، "خۆشەویستی و سێکس لە بەردەم ئەگەرەکانی خەفەکردن و ئازادکردندا" گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (١٥).
٧٨. نووری، سەعید محەمەد (٢٠٠٤)، "خۆشەویستی لەڕووی پێکهاتەوە" گۆڤاری ڕامان، ساڵی حەوتەم، ژمارە (٨٢ – ٨٣).

**ڕۆژنامە**

٧٩. ساڵەیی، عەدنان (٢٠٠٧)، "عیشق و ڕووح" ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ژمارە (٢٤).
٨٠. ساڵەیی، عەدنان (٢٠٠٩)، "عیشق و ڕووح" ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ژمارە (٤٨).

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

٧٩. زاری کرمانجی (٢٠١٧)، "ڕۆڵی خێزان" ڕۆژی سەردان (٢٠٢٢/٥/٢٨) لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://www.zarikrmanji.net
٨٠. ڕەفیق، ئاری (٢٠١٦/٩/٤) "لەبارەی پرۆسەی (ریفۆرمی کۆمەڵایەتی)یەوە" ماڵپەڕی پێنووس، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٢/٤/١٣)، لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
http://www.penus.krd
٨١. سلێمان، ڤیان (د.) (٧/ ٢/ ٢٠٢٢)، "پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر هۆشیاری تاک" ماڵپەڕی هەولێر، ڕۆژی سەردان (٢٠٢٢/٦/٢٤)، لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://hawlerweb.net
٨٢. کەی ئێن ئێن (٢٠١٨)، "پێکهاتەی خێزان" ڕۆژی سەردان (٢٠٢٢/٥/٢٨)، لەم ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن دەست دەکەوێت:
/ https://www.knnc.net

**چاوپێکەوتن**

٨٣. سالح، بەڵێن (٢٠١٧/٩/٣)، بەرنامەی ژیان لە فەرهەنگدا، بە میوانداری لەتیف هەڵمەت، ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا، لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:
https://www.dengiamerika.com

**سیمینار**

٨٤. مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٢١) تیۆری ئەدەبی، سیمیناری کۆرسی ماستەر، بەشی کوردی، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ.

❖ **بە زمانی عەرەبی**

**کتێب**

٨٥. أحمد، سهير كامل (٢٠٠١)، *علم النفس الاجتماعي بين النظرية والتطبيق*، مركز الاسكندرية للكتاب، الإسكندرية.

٨٦. ابن منظور (٢٠٠٠)، *لسان العرب*، دار المعارف، القاهرة.

٨٧. ابوعلام، رجاء محمود (٢٠٠٤) *مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية*، الطبعة الرابعة، دار النشر للجامعات، القاهرة.

٨٨. التكريتي، جميل النصيف (د.) (١٩٩٠)، *المذاهب الأدبية*، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

٨٩. الأحمر، أحمد سليم (٢٠٠٩)، *اتجاهات نظرية معاصرة في التغير الاجتماعي*، الدار الاكاديمية للطبع و النشر، طرابلس.

٩٠. الحسين، قصي (د.) (٢٠٠٣)، *النقد الأدبي عند العرب واليونان معالمه واعلامه*، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان.

٩١. الحمداني، سالم أحمد (د.) (١٩٨٧)، *مذاهب الأدب العربي ومضاهرها في الأدب العربي الحديث*، مطبعة التعليم العالي، موصل.

٩٢. الجيلاني، حسان (٢٠٠٨)، *التنظيم والجماعات*، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.

٩٣. الرشدان، عبدالله زاهي (١٩٨٤)، *علم الاجتماع التربوي*، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان.

٩٤. الرشدان، عبدالله زاهي (١٩٨٧)، *المدخل الى التربية*، دار الفرقان، عمان.

٩٥. الرشدان، عبدالله (د.) و جعنيني، نعيم (د.) (٢٠٠٢)، *المدخل الى التربية والتعليم*، الطبعة الرابعة، الدار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

٩٦. الصابوني، محمد علي (٢٠٠٤)، *صفوة التفاسير*، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان.

٩٧. الضيف، شوقي (د.) (١٩٧١)، *فصول في الشعر ونقده*، الطبعة الثانية، دار المعارف، قاهرة.

٩٨. العتوم، عدنان يوسف (٢٠٠٨)، *علم النفس الجماعة*، إثراء للنشر والتوزيع، عمان.

٩٩. الكفراوي، محمد عبدالعزيز (١٩٦٩)، الشعر العربي بين الجمود والتطور، الطبعة الرابعة، دار النهضة بمصر، القاهرة.

١٠٠. النجيحي، محمد لبيب (١٩٧١)، *الأسس الاجتماعية للتربية*، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

١٠١. تيرنر، جوناثان (٢٠٠٢)، *بناء نظرية علم الاجتماع*، ترجمة: محمد سعيد فرح، منشأه المعارف، الأسكندرية.
١٠٢. تيماشيف، نيقولا (١٩٧٨)، *نظرية علم الاجتماع*، ترجمة: محمود عوده وآخرون، دار المعارف، مصر.
١٠٣. توفيق، عباس (١٩٧٨)، *نقد الشعر العربي الحديث في العراق من ١٩٢٠- ١٩٨٥*، دار الرسالة للطباعة.
١٠٤. جيدنز، انتوني (٢٠٠٥)، *أطروحات النظرية الاجتماعية*، مراجعة ورؤية نقدية، ترجمة: شحاتة صيام، دار ميريت، القاهرة.
١٠٥. حسن، بركات حمزة (٢٠٠٨)، *علم النفس وديناميات الجماعة*، الطبعة الأولي، الدار الدولية للإستثمارات الثقافية، القاهرة.
١٠٦. رسول، عزالدين مصطفى (د.) (١٩٦٦)، *الواقيعية في الأدب الكردي*، دار المكتبة العصرية، بيروت.
١٠٧. زهران، حامد (١٩٧٧)، *علم النفس الأجتماعي*، عالم الكتب، القاهرة.
١٠٨. زيما، بيير (١٩٩١)، النقد الاجتماعي، نحو علم اجتماع للنص الأدبي، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.
١٠٩. شهلا وآخرون، جورج (١٩٧٢)، *الوعي التربوي و مستقبل البلاد العربية*، جورج شهلا، بيروت.
١١٠. شيحا، خليل مأمون (٢٠٠٨)، معجم *القاموس المحيط*، دار المعرفة، بيروت لبنان.
١١١. عاقل، فاخر (١٩٥٧)، *علم النفس التربوي*، ديمشق، السورية.
١١٢. عبدالله، معتز سيد & خليفة، عبداللطيف محمد (٢٠٠١)، *علم النفس الاجتماعي*، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
١١٣. عبدالباقي، سلوى محمد (٢٠٠٣) *آفاق جديدة في علم النفس الاجتماعي*، مركز الاسكندرية للكتاب، الإسكندرية.
١١٤. عبدالعزيز، خواجة (٢٠٠٥)، *مدخل الى علم النفس الاجتماعي للعمل*، دار الغرب للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر.
١١٥. عمر، معن خليل (د.) (١٩٩٩)، *البناء الاجتماعي إنساقه ونظمه*، دار الشروق للنشر والتوزيع، الأردن- عمان.
١١٦. قصاب، وليد (٢٠٠٧)، مناهج النقد الأدبي، دار الفكر، ديمشق، سورية.

١١٧. غي روشية (١٩٨٣)، *مدخل الى علم الاجتماع العام (الفعل الاجتماعي)*، ترجمة: مصطفى دندشيلي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان.
١١٨. كريب، ايان (١٩٩٩)، *النظرية الأجتماعية من بارسونز الى هابرماس*، ترجمة: د. محمد حسين غلوم وآخرون، سلسلة عالم المعرفة، كويت.
١١٩. كوثر، ابراهيم (٢٠١٣)، *اثر ضغوط جماعة الاقران على مستوى امتثال*، الجمهورية الجزائرية.
١٢٠. لوكمان، بيتر بيرغر توماس (٢٠٠٠)، *البنية الاجتماعيية للواقيع*، ترجمة: د. أبوبكر أحمد باقادر، الأهلية للنشر والتوزيع، الأردن، عمان.
١٢١. مارشال، جوردن ، (٢٠٠٠)، *موسوعة علم الاجتماع*، الترجمة: اشراف محمد الجوهري. المشروع القومي للترجمة، القاهرة.
١٢٢. مرعي وآخرون، توفيق (١٩٨٤)، *مدخل في التربية*، وزارة التربية والتعليم و شؤون الشباب، عمان.
١٢٣. مسعود، احمد طاهر (٢٠١٢)، *المدخل الى علم الاجتماع العام*، دار جليس الزمان.
١٢٤. معوض، خليل ميخائيل (١٩٩٩)، *علم النفس الاجتماعي*، الطبعة الثاني، دار الفكر الجامعي، الأسكندرية.
١٢٥. ليلة، على (د.) (٢٠١٤)، بناء النظرية الإجتماعية، المكتبة المصرية للطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندرية.
١٢٦. هلال، محمد غنيمي (د.) (١٩٨٦)، *الرومانتيكية*، دار العودة، بيروت.
١٢٧. محمد، محمد علي (١٩٨٦)، *تاريخ علم الاجتماع*، الرواد والاتجاهات المعاصرة، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.

**نامەی زانستی**

١٢٨. شريف، زريطة (٢٠٠٨)، "تأثير جماعة الرفاق على التنشيئة الاجتماعية للأبناء" رسالة الماجستير، جامعة محمد بن خدر بسكرة، الجزائر.
١٢٩. صالح، قاسم حسين (٢٠٠١)، "الابداع فى الفن" رسالة الماجستير، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، بغداد، عراق.

**گۆڤار**

١٣٠. زايد، أحمد (١٩٩٦)، "آفاق جديدة في نظرية علم الاجتماع، نظرية تشكيل البنيية (نظرية البنينة)" المجلة الاجتماعية القومية، العدد (٥٨).

**سیمینار**

١٣١. الكرعاوي، سعد (د.) (٢٠٢٠)، "مفهوم الجماعة وأهميتها في المجتمع." (محاضرات الجامعي، المؤدي).

١٣٢. العبيدي، مجيد حميد (٢٠١١/١٠/٧)، "النقد الاجتماعي" الكلية الفنون الجميلة، جامعة بابل.

❖ **به زمانی فارسی**

**کتێب**

١٣٣. ريتيرز، جورج (٢٠٠٠)، *نظرية جامعه‌شناسی در دوران معاصر*، چاپ چهارم، ترجمه: محسن ثلاثی، چاپخانه‌ى مهارت، انتشارات علمی، تهران.

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

١٣٥. طباطبايي، سعيد (١٣٨٨)، وضيفه ادبيات چيست، *تبيان*، (٦/١)، بەرواری سەردانیکردن: (٢٠٢٢/١٢/١٢)

لەم لینکەوە دەست دەکەوێت:

https://article.tebyan.net

// ABSTRACT

Our research under the title of (Social Dimension in Latif Halmat's poetic texts), it is an attempt to explain the relationship between literature and sociology and their impact on each other, that of course we can see sociology in literary text. Also, because the writer lives in a social environment and the surroundings have an impact on thinking and behavior, from this point of view, they reflect the sociology view in his products and bring back in an artistic way.

The research consists of an introduction, three sections, results, a list of sources, a summary of the letter in English.

The first axis: the term and concept of society

The second axis: the relationship between literature and society

Third axis: the social dimension

Fourth axis: social criticism

The second part: (love, development, social awareness, social and class education), for any social purpose, we have shown the example of the poet's poetry text as evidence of our views. The most important results have been written, which the research has reached. Finally, the list of sources and the summary of the research came in English language.

**Social Dimension in Latif Halmat's Poetic Texts**

A thesis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY
**Adnan Ahmad Mustafa**
BSc Degree in Language and Literature University of Karkuk
year (2018)

Supervised by
**Dr. Aso Omar Mustafa**

Sermawerz 2722 K November 2022 AD